**شەماڵ عەبدوڵڵا**

# عیراقی نوێ

٢٠٠٥

**لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)**

﴿پێشکەشە بە هەڤاڵ مام جەلال﴾

**عیراقی نوێ**


**شەماڵ عەبدوڵڵا**

**سلێمانی ٢٠٠٥**

**نەخشەسازی: سەردار موکری**

**ژمارەی سپاردن: ٤٦٧**

**لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)**

## پێشەکی:

هەر دوای ئەوەی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی لە٨/٣/٢٠٠٤راگەیەنرا نووسینێکم لەژێر ناوی(پەیڕەوکردنی سیستەمی فیدراڵی، دەستپێکی ئایندەیەکی گەشە بۆ گەلانی عێراق) لەژمارە (١)ی گۆڤاری نۆڤین بڵاوکردەوە کەتیایدا بایەخی چەسپاندنی مەسەلەی فیدراڵی لەعێراقی ئایندە روونکرابووەوە هەروەها چەندین سەرنجو تێبینیم دەربارەی کەمو کوڕی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق تیا نووسیبوو.

کاتێکیش وادەی هەڵبژاردن هاتە پێشەوە لەژمارە(٣)ی گۆڤاری نۆڤین بابەتێکم بڵاوکردەوە دەربارەی(هۆشیاری لەپرۆسەی هەڵبژاردندا) بایەخی هۆشیاری خەڵکی کوردستانم روون کردبووەوە لەهەڵبژاردنی نوێنەرەکانی، هەروەها ئەرکی بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردن باسی لێوەکرابوو.

دوای هەڵبژاردنیش نوسینێکم لەژمارە(٤)ی گۆڤاری نۆڤین بڵاوکردەوە لەسەر دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن تیایدا رۆڵی ئیجابیانەی بەشداریکردنم باس کردبوو کەبووە هۆی ئەوەی گەلەکەمان (٧٥) کورسی لەپەرلەمانی عێراق وەدەست بخات،

کەئەمەش سەرەتای ئەو ڕێگەیەمان بۆ ئاسان دەکات بەرەو دانانی دەستوری هەمیشەیی هەنگاو هەڵگرین کە دوابەشی ئەم کتێبەم بۆ تەرخان کردووە.

تەواوی ئەو ووتارانەم لەدوو تویّ ی ئەم کتێبە کۆکردۆتەوە چونکە دڵنیام ئەم بابەتانە کاتیان بەسەر نەچووە بایەخی خۆیان هەیە، لەگەڵ خستنە رووی کۆمەڵێ بەڵگەنامە لەسەر دەرەنجامی هەڵبژاردنو ڕێکەوتنی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستانو لیستی ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئینتقالی عێراق، هەروەها یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو کۆمەڵێ بابەتی تریش کە ئەم بابەتانە لەئێستاو ئایندە بایەخی خۆی لەدەست نادات هیوادارم ئەم بەرهەمەم خزمەتێکی بچکۆلەبە گەلەکەمو بەتەواوی گەلانی عێراق بکات بۆ هێنانەکایەی عێراقێکی نوێ کەتیایدا دیموکراسیو فیدراڵیو پارلەمانی و فرە حزبی پارێزراو بێت.

شەماڵ عەبدوڵڵا

# پەیڕەوکردنی سیستمی فیدرالی، دەستپێکی ئایندەیەکی گەشە بۆ گەلانی عێراق

گەلی کوردستان هەرلەسەرەتای دابەشکردنی لەدوای شەڕی چاڵدێرانی ساڵی(١٥١٤ز)ئەوشەڕەی کەتیایدا سوڵتان سەلیمی یەکەم بەسوود وەرگرتن لەکورد زاڵ بوو بەسەر شائیسماعیلی سەفەوی، دوای ئەوە دابەش کردنی کوردسان بەشێوەیەکی رەسمی لەساڵی(١٦٣٩)کەتیایدا کوردستانی باکورو باشوربەر عوسمانیەکان کەوتو کوردستانی رۆژهەلات بەرئێران کەوت لەوڕۆژەوە گەلی کوردستان چالی بێبەش کردنی بۆ هەلکەنرا.

ساڵی (١٩١٤)کاتێ شەڕی جیهانی یەکەم هەلگیرسا، بەریتانیا ویلایەتی بەسرەو دوای ئەوەش ویلایەتی بەغدای گرت لە دەستی عوسمانیەکانی دەرهێنا، ئەوکات بەتەمای دامەزراندنی وولاتێکی عەرەبی بوو لەو دوو ویلایەتە، بەلام لەدوایدا بەرەو ویلایەتی موسلێش کشا (موصلو کەرکوكو هەولێرو سلێمانی دەگرتەوە) داگیری کرد.

لەساڵی (١٩٢٠)کاتێ پەیمانی سیڤەر مۆرکرا کورد چاوەڕوانی ئەوە بوو دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ، بەلام لەپەیماننامەی شومی لۆزان ساڵی ١٩٢٣ تەواوی داخوازیەکانی کورد فەرامۆشکرا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان پشتیان لەمافی رەوای گەلی کوردستان کرد.

لەساڵی(١٩٢٥)لەسەردەمی کۆمەلەی گەلان بە پێچەوانەی داخوازی کورد بەناڕەوا پێشنیازی بەستنەوەی خواروی کوردستانیان کردبە دەوڵەتی عێراقەوە، ئیتر لەوساوە بەدوای دەستنیشانکردنی ئایندەیەکی سیاسی بە

خۆیەوە دەگەڕێ ، بەلاّم بەداخەوە نەلەسەردەمی دەستەلاّتی بەریتانیاکانەوە نە لە دوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق‌و نەلە دوای ئەوەش تاکو ئەمڕۆ ڕێگەیەکی عادیلانە نەگیراوەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان . ئەگەر چی بیرو بۆچوونی باش هەبوون لە لایەن هەندێکەسەوە دەرچوون هەر لەسەربەخۆی کوردستان بەبێ بەستنەوەی بە دەوڵەتی عەرەبی عێراق تاکو بیرو بۆچوونی کۆنفیدرال و فیدرالی و ئۆتۆنۆمیش هەبووە بۆبەستنەوەی ئەو بەشەی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە بەلاّم لە سەرەنجام هەموو ئەم هەوڵ و بیرو بۆچوونانە شکستیان هێناوە. بەیەکەوە بەستنی زۆرە ملێیانە هەر لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵی هاوردە تاکو روخاندنی رژێمی بەعس گیراوەتەبەر، لەمە شدا عێراقییەکان لە ناو گێژاوی شەڕوشۆڕدا تلاونەتەوە بە هەزاران هەزار بوونەتە قوچی قوربانی نیازە گلاّوەکانی دەستەلاّتدارانی عێراق، نەتوانراوە عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەحزبی لە دایك بێت مافی نەتەوەی و کەلتوری‌و سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی هەموو لایەك بپارێزرێ، وای لێ بکرێت عێراقی یەکان سەرەڕای جیاوازی نەتەوەیشیان هەست بە بوونی عێراق بوونی خۆیان بکەن و شانازیشی پێوەبکەن، هۆی سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵ بوونی ئەو بۆچوونە سەقەتەی کە هەر لە سەرەتاوە عێراقێکی بە زۆر پێکەوە بەستراو لە جیاتی عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزومەندا گیراوەتە بەر.

لە ڕۆژی ٢١ ی ئازاری ١٩٢٥ کاتێ لە لایەن ئەنجومەنی دامەزراندن قانونی ئەساسی عێراق داڕێژراو لە لایەن مەلیك فەیسەڵ وەك یەکەم

دەستوری هەمیشەیی ڕەزامەندی لەسەر درا و ڕاگەنرا بە درێژایی ماوەی ١٩٢٥ - ١٩٥٨ کاری پێکراو دوای ئەوەش چەندین دەستوری کاتیش ڕاگەیەنراوە، تا هاتووە دەستوورو قانون لە عێراقدا تێکەڵاوی دەستەڵاتەکانیتر کراوە لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی دابڕاوە. لە سەردەمی دەستەڵاتی بەعس دا ( مجلس قیادة الثورة ) بە ئارەزووی خۆی دەستور و قانونی لە عێراق دا تێکداوە بەمەبەستی سەپاندنی سیاسەتی دیکتاتۆریانە و تاکڕەوانەی بەعسیانەی خۆی و ، بەمەبەستی میلیتاریزە کردنو پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و ، ئازادی تاك و کۆ و ، کۆکردنەوەی تەواوی دەستەلات لە شەخصی سەرۆك و ڕێخۆشکردن بۆ تێوە گلانی لە شەڕو شۆڕو بە فیڕۆدانی توانا مادیو ئینسانی یەکانی گەلانی عێراق و ، گرتنە بەری سیاسەتی بێ ویژدانانەی ئاوارەو دەربەدەرکردنو، دەست بەسەر داگرتنی موڵك و ماڵی هاولاتیانی عێراق و ، جێ بە جێکردنی سیاسەتی تەعریب و تەبعیسو، تەهجیرو دەیان کاری دزێوانەی تر بە ناوی قانون لە پێناوی خاڵی کردنی لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیدا گیراوەتە بەر ، هەر هەمووی لە لایەن بەعس و سەرکردە دیکتاتۆرەکەی پاوان کرابوو.

ئەم کۆکردنەوەی دەستەلاتە لە دەستورو قانونەکانی عێراق بەدەستی کەسێك ، ئەم گوێنەدانە بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی گەلانی عێراق لە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و ئەرمەنی ، هەروەها پێکهاتەی ئاینی و مەزهەبیەکان لە ئیسلام ( شیعەو سونە )و مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی و هتد . . . ڕاستی یەکمان بۆ روون دەکاتەوە کە دەوڵەتی

عێراق هەر لە دامەزراندنیەوە بە گرتنەبەری سیستەمی حوکمی مەرکەزی بە ناوی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و خۆدوور گرتن لە سیستەمی حوکمی فیدراڵی وەك سیستمێکی قانونی و سیاسی ئاوێتەکراو ئەو واقیعەی هێناوەتە پێش کە عێراقی یەکان لە ماوەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاکو ئەمڕۆ باجەکەی بدەن.

پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکان لە هەروڵاتێك لە شێوەی عێراقدا بێت ئەگەر ڕەچاوی ئەوە نەکات سیستمی فیدرالی هەبێت و دەستەلاتەکان دابەش نەکرێت بۆئەوەی هیچ کەس و تاقم و لایەنێك بۆی نەبێت بە ناوی مەرکەزیەتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێ ئەوە ئەم پێکهاتە زۆرە ملێیە نەك هەر ( ٨٣ ) ساڵ بەڵکو ئەگەر دەهێندەی تریش بخایەنێ هەر سەرکەوتوو نابێت و کێشەی نەتەوەییەکانو ئاینییەکان و مەزهەبییەکان نابڕێتەوە.

کەواتە یەکەم هەنگاوی عێراقیەکان بۆ بنەبڕکردنی کێشەکان و بۆئەوەی عێراقێکی یەکگرتوو لەسەر پرس و راو و خواستی گەلەکانی دابمەزرێ هەڵتەکاندنی سیستمی مەرکەزی و جێگرتنەوەیەتی بەسیستمێکی فیدراڵیوکردنی دەوڵەتی عێراقە لە دەوڵەتێکی سادە(بسیط)بۆ دەوڵەتێکی ئاوێتە (مرکبە).

پەیڕەوکردنی سیستمی فیدرالی بە شێوەی جۆراو جۆر و بە ڕەچاوکردنی واقیعی تایبەتی هەروڵاتێك لە سویسرا و ئەڵمانیا و ئەمریکاو هیندو بەلجیکاو فەنزویلا، ئوستراليا، مەکسیك، ئەرجەنتین، کەنەداو دەیان شوێنی ترکە کیشەی نەتەوەی یان ئاینی یان کەلتوری

تێدابووە ، سەرکەوتنی خۆی لەم شوێنانە راگەیاندووە ، بەرەو ئەوەمان دەبات کە پێکهاتەی عیراقیەکانیش بەوشێوەیە هەر دەبێ رێگەی سیستمێکی فیدراڵی بگرێتەبەر دەنا عیراق هەر عیراقیکی یەکگرتووی زۆرەملی دەبێ لەجیاتی عیراقێکی یەکگرتووی ئارەزومەندانە

## کوردو فیدرالیزم

دیارە گەلی کورد لەکوردستانی عیراقدا، لە قۆناغەکانی خەباتیدا، هەموو رێوشوێنێکی گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێکی زۆر کەم لەخواستە نەتەوایەتەکانی و مافە رۆشنبیریو سیاسییەکانی خۆی وەدەست بهێنێت، تەنانەت وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمێکیش بوزامنکردنی مافە نەتەوەیو روشنبیریو سیاسیەکانیش هەروەکو لە ١١ ئازاری ١٩٧٠گیراوەتەبەر، بەلاّم رژێمی بەعس لەو کەمە مافەش پەشیمان بووەوە . ئەم تاقیکردنەوە نیشانیدا کە گرتنەبەری ئەم رێوشوێنە سەرەنجامیکی نابێت باشترین بەڵگەش ئەو زوڵموستەمە بێوێنەیە بوو کە گەلی کوردستان تاروخانی سەدام بەرامبەری گیراوەتە بەر، بەهەزاران گوندی تەخت کرا بەهەزارا هەزاران خەلکی بێدیفاعی ئەم کوردستانە کەوتەبەر شالاّوی ئەنفال، بە هەزارانی تر بەکیمیا خنکێنران و بەهەزاران هەزاری تر سیاسەتی تەعریب و تەهجیرو تەبعیس و تەسفیری لەسەر جێبەجێکراو تەنانەت بێ بەشکران لە رەگەزنامەی عێراقیش باشترین نموونەش کوردە فەیلی یەکان بوون.

لە دوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١ و سەرکەوتنی ئەم راپەرینە لە بەشێکی کوردستان دا کە لە دوایی دا هەڵبژاردنی پارلەمان و

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، بە ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی کوردستان لە ٤/ ١٠/ ١٩٩٢ بڕیاری فیدراڵی بۆهێنانە کایەی عێراقێکی یەکگرتوو لە ئایندە درا تا لەسەر ئەم بنەمایە عێراقێکی دیموکراتی ئارەزوومەندانە دابمەزرێتەوە.

تێڕوانینی گەلی کوردستان بە هەڵبژاردنی سیستمی فیدرالی بۆ دەوڵەتی عێراقی ئایندە بەرەچاوکردنی واقیعی کوردستانی عێراق و عێراق دوانزەساڵ لەمەوبەر تێڕوانێکی ڕاست و دروست بووە بۆ ئەوەی بتوانێ لە لایەکەوە سەربەخۆی ناو خۆی کوردستان بپارێزێ لە لایەکی تریشەوە یەکگرتووی خۆی لە چوارچێوەی عێراق دا بهێڵێتەوە واتە هاوسەنگی یەك لەدەستەلاتدا لە نێوان دەوڵەتی فیدرالی و حکومەتی ناوچەیی دا دابنێ.

تێڕوانینی گەلی کوردستان بەم شێوەیە بۆهێنانەکایەی عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرە حزبی تەنیا بۆ قازانجی گەلی کوردستان نیيە بەلکو چەند هێندەش زیاتر بۆ پاراستنی تەواوی مافەکانی گەلانی عێراقە، چونکە لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵی دا هەرگیز دەستەلاتی تاك یان کۆمەڵەیەکی بچوك ناتوانێ خۆی بەسەر گەلانی عێراق دا بسەپێنێ وەك چۆن لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و سەرکردە بەزیوەکەی بینیمان، هەرگیز جارێکیتر کەسێك ناتوانێ تاکرەوانە حوکمی دیکتاتۆریانەی خۆی بسەپێنێ، پێشێلی بچووکترین مافە دیموکراسی و ئازادی یەکان بکات بە ئارەزووی خۆی پێشێلی مافی مرۆڤ بکات ، تەواوی سەروەت و سامانی ئەم گەلە بکات بە چەك و جبەخانەو شەڕی

ئەملاو ئەولاو شەڕی گەلانی عێراقی پێ بکات، ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەش بشێوێنێ، کوردو تورکمان و ئاوارەو دەربەدەر بکات، کوردو شیعە بە ناوی ئێرانی بوون ئاوارە بکات و بێبەشی بکات لە ڕەگەز نامەی عێراقی ، سیاسەتە ملهوڕەکانی تری خۆی پێ جێبە جێبکات ، چیتر ناتوانێ عێراق بکاتە شوێنی چەکی کیمیاوی و بایەلۆژی و ئەتۆمی و تەواوی چەکە قەدەغەکراوە نێو دەوڵەتی‌یەکان ، چیتر ناتوانێ عێراق بکاتە کوانووی پیلانو تیرۆری دژبە شۆڕشگێڕان وئازادیخوازانو دیموکراتخوازان .

# دوژمنانی چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لەعیراق دا کێن ؟

لەوەتەی رژێمی بەعسی فاشی لەرەگو ریشەوە هەڵتەکاوە تەواوی رژێمە شمولی یەکانی ناوچەکە کەوتونەتە پیلان دانان بۆ سەرنەکەوتنی ئەو ئەزمونە نوێیەی گەلانی عیراق نیازیانە لەعێراقی نوێدا بیگرنەبەر بەپەردەپۆشکردنی نیازە گلاوەکانیان بەوەی ئەوان دژایەتی سیاسەتی ئەمەریکا و بەریتانی و هاوپەیمانان دەکەن چونکە عێراقی داگیرکردووە، پێشێلی سەروەری خاکی عێراقی کردووە، ئیتر تا هەتایە لەژێر دەستی ئەمەریکا دەناڵێنێت تاسەر خێرو بێرەکەی بۆ خۆی دەبات، لەکاتێکدا ئەو راستییە باش دەزانن ئەوەی سەروەری عێراقی لەکەدار کردبوو، ئەوەی خێرو بێری عێراقی بەفیرۆ دا ، ئەوەی عێراقی‌یەکانی لە بچوکترین مافی ئینسانی بێبەش کردبوو هە ر رژێمەکەی بەعسی و سەرکردە بەزیوەکەی بووە ، ئەو رژێمەی کە ئەوان فرمێسکی بۆ ئەرێژن دەیان ساڵ کوردستان و ناوچەکانی شیعە نشینی لە باشوری عیراق دا لەو پەری زوڵمو ستەمدا دەچەوسانەوە، شەری بەدەرو جیرا ن دەفرۆشت چەن ساڵ شەڕی مە رگ و خوێنی لەگەل ئێران دا کرد بە ملیۆن خەلکی عێراقی بە کوشت دا ، ئەم عێراقە دەوڵەمەندەی خستە ژێر قەرزی ملیۆن ملیۆن دۆلار، دوای ئەوەش دەوڵەتێکی عەرەبی کە دەوڵەتی کوێت بوو داگیری کرد.

لەلایـەکی تریـشەوە هەنـدێ لەرژێمـەکانو خـەڵکانی دوژمنـی راستەقینەی عیراقییەکان فرمێسك بۆ ئەوە هەڵدەرێـژن کەفیـدراڵی یـانی پارچە پارچـە کردنـی عـیراقو جیابوونـەوەی گـەلی کوردسـتانە لـەعیراق، لەکاتێکدا پێچەوانەکەی راستە، ئەوەی گەلی کوردستانو عیراقییـەکانیش دەیانـەوێ دامەزراندنـەوەی عیراقێکـی یـەکگرتووی فیـدراڵیو دیمـوکراتی ئارەزوومەندانەیـە، عیراقێـك بێـت بتـوانێ لەگـەڵ سیاسـەتی سـەردەمدا هەڵکاتو کۆمەڵێکی مەدەنی بنیات بنێ.

هێنانـە پێـشەوەی ئـەو هـەموو بروبیانوانـە بەپلـەی یەکـەم کـاری دەستەڵاتدارانی ناوچەکەیە کە بەحوکمێکی شمـولی خـەڵك بـەڕێوە دەبـەن، دەیانەوێ بەهەرجۆرێك بێت ئەم ئەزموونە نوێیەی کەعیراقییە ئـازادیخوازو پێـشکەوتووخوازەکان مەبەسـتیانە سـەرکەوتوونەبێت، دەنـا پایـەی دەسـتەڵاتی ئەوانیـشی بـەرەو لێـژی دەڕوات سـەرنجام گەلـەکانیان دەیانڕوخێنن، بۆیە کەوتوونەتە تیژکردنەوەی بەعسییە بەزیووەکانو ئاشـی شـەڕیان خـستۆتەوە گـەڕ، دەنـا ئـەوان زۆر چـاك دەزانـن پـەیڕەوکردنی سیستمی فیدرالیزم لەعیراقێکی فرە نەتەوەو فـرە ئـاینو فـرە مەزهـەبو فـرە حیزبـی سیاسـی، لـەعیراقێك کەهـەنگاو بـۆ دیموکراسـیو ئاشـتیو پاراستنی ئاسایش ناوچەکە بنێ لـەحکومی دیکتـاتۆریو تـاکڕەویو بـێ بـەش لەدەسـتورو قـانون بـەرەو حـوکمێکی دیمـوکراتیو فیـدراڵیو فـرە حیزبـیو سـەروەری قـانونو کۆمـەڵی مـەدەنی بـڕوات، گونجـاوترین ڕێگەیەکە، بەڵام کۆسپ دروست نـەکردن لـەرێگای داو نەچـاندنی تـۆوی

دووبەرەکی و نەبوون بەدرك لەبەردەم ئەزموونە نوێیە سەرەنجام سبەینێ مەرگی ئەوانیش رادەگەیەنێ.

کەواتە دوژمنانی هێنانەکایەی دەستورێکی هەمیشەیی لەسەربنەمای سیستەمێکی فیدرالی لەعیراقدا هەن، بەبێ پاڵپشتی بەردەوامی دیموکراتیخوازان و پێشکەوتوخوازانی جیهان و ناوچەکەو ناوخۆ، رێگەیەکی پڕ لەهەڵدێرو کۆسپ هەن رامالێنی ئەم هەموو ئاستەنگانە پێویستی بەهەموو لایەکە پاڵپشتی بۆ مسۆگەر بکات. ئەوانەی بەناوی پاراستنی یەکێتی خاکی عیراق دەیانەوێ دەسەلاتی مەرکەزی بسەپێنن ئەوانە دوژمنی راستەقینەی یەکگرتووی گەلانی عیراقن نایانەوێ بەیەکێتییەکی ئارەزوومەندانە خاکی عیراق بپارێزرێ، بەڵکو دەیانەوێ تەواوی دەسەلات لەکۆمەڵێکی بچووك لەنێو ئەو کۆمەڵە بچووکەش لەیەك کەسدا کۆبکەنەوە وەك جاری جاران سەدامێکی تر بەدەمو چاوێکی تر زیندوو بکەنەوە.

دوژمنانی گەلانی عیراق زۆر راستی هەیە باش درکی پێ دەکەن کە لەسیستەمی فیدرالیدا پەیرەو دەکرێت، پاراستنی یەکگرتووی خاکی عیراق زامن دەکات بچوکترین هەڕەشە بۆ لەیەکترازانی گەلانی عیراق دروست ناکات لەوانە:

- بەناوی یەك دەوڵەتەوە تەواوی کارەکان بەڕێوە دەبرێ.

- سەرجەم عیراق یەك ئالای دەبێت لەپاڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمییەکان ئالای تایبەت بەخۆیان هەڵدەکەن.

- یەك لەشكری یەكگرتووی عیراقی دەبێت، كەئەركی پاراستنی عیراق دەگرێتە ئەستۆ.

- یەك دەستوری فیدرالی لەعیراق دەچەسپێ تەواوی دەستووره هەرێمییەكان ناكۆك نابن لەگەڵ دەستوری فیدراڵیدا.

- بەڕێوەبردنی كاروباری دەرەوە لەدەستی حكومەتی فیدرالی عیراق دایە.

- بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان لەئەستۆی حكومەتی فیدرالیدایە بەئاگاداری حكومەتە هەرێمی یەكان.

- تەواوی عیراق یەك پارەی دەبێ.

- تەواوی عێراقیەكان یەك رەگەزنامە(جنسیە)هەڵدەگرن.

- راگەیاندنی شەڕو ئاشتی لەدەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵیدایە.

- ئەو سەرچاوە سامانییانەی هەن سامانی حكومەتی فیدراڵە بەشێوەیەكی عادیلانە دابەش دەكرێتەوە سەر عیراقییەكان.

ئەوانە دەتوانن زامنی یەكگرتوویی عیراق بكەن، هەرگیز دانی دەستەڵاتەكانی تر بەحكومەتە ئیقلیمییەكان بچووكترین مەترسی لەسەر یەكگرتووی عیراق دروست ناكات بەڵكو ئەو دابەشكردنەی دەسەڵاتەكانی تر زەمانەتی دروست نەكردنەوەی دبكتاتۆریەتو تاكڕەوییە لەدەسەڵات، هاوسەنگییەك دروست دەكات لەنێوان دەسەڵاتی حكومەتی فیدرالیو دەسەڵاتی حكومەتە ئیقلیمییەكان. دوژمنانی گەلانی عیراق دوژمنانی ئازادیو دیموكراسیو فیدرالیو كۆمەڵێ مەدەنی تا بۆیان بكرێ نەك ناهێڵن دەستورێكی هەمیشەیی گونجاو سەربگرێ بەڵكو لەهەوڵی

ئەوەدان پاشەکشێ بەو یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیش بکەن کە بۆ قۆناغی گواستنەوە دیاری کراوە.

بۆیە، دەبێ لەم قۆناغە تا ڕاگەیاندنی دەستورێکی هەمیشەی لەعیراقدا سەرجەم گەلانی عیراق لەهەموو کاتێك هوشیارترو سازو ئامادەترین تا بتوانن ئەو عیراقە یەکگرتووەی مەبەستە بێتە دی لەژێر سایەیدا تەواوی مافەکانی نەتەوەیی‌و ئاینی‌و کلتوری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان پارێزراوبێت، کۆمارێکی فیدراڵی دیموکراتی‌و فرەحیزبی لەعیراقدا لەدایك بێت، بەجۆرێك تەواوی گەلانی عیراق بەئاسوودە لەسایەیدا ژیانێك ببەنە سەر کە شایەنی گەورەیی مرۆڤ بێت‌و شایەنی هەوڵی خەباتی هەموو عیراقییەکان بێت لەپێناوی لەگۆڕانی دیکتاتۆریەت.

هەڵەیەك هەیە دەبێ هەمووڵایەکمان بیزانین‌و هەوڵی ئەوە بدەین لەپێناوی هێشتنەوەی یەکگرتووی خاکی عێراق. ڕاستی بکەینەوە ئەویش ئەوەیە کەدەبێ حزبە سیاسیە نەتەوەییە عەرەبیەکان لەعێراق بەرنامەی تەواویان هەبێت کە نەیان بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردسان نەك نزیکیان لەدەسەڵات پەیداکردن زیاتر دوریان بخاتەوەو هێندەی تر کێشەی کورد لەپەراوێز تەماشا بکەن پێم وانییە تا ئێستا تەواوی لایەنە عەرەبییەکان بە قەد دوو ڕۆشنبیری عەرەبی وەکو بەڕێزان د. عبد الحسین شعبان‌و د. "منذر الفضل" تێڕوانینی دروستیان بەرامبەر بەکێشەی کورد هەبێ. هەروەها لایەنە ئیسلامی یەکان ئەگەر تائێستاش لەڕوانگەی نەتەوەییەوە چارەسەری کێشەی کوردیان فەرامۆش کردووە تەنیا بەدورشمی

یەکسانی خۆیان لەکێشەکە دزیوەتەوە، تەنیا لەروانگەی ئەخلاقی تەماشای مەسەلەی نەتەوەیی یان کردووە، ئیتر لەمەودوا دەبێ وەك کێشەیەکی سیاسی تێی بڕوانن.

بەداخەوە تائێسا نەك حزبە نەتەوەییە عەرەبەکانو حزبە ئیسلامی یەکان تەنانەت حزبە چەپەکانیش بەرنامەو هەڵوێستی دیاریکراویان نیەیە، چارەسەری بنچینەییان لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنوسین بۆ دانەڕشتووە. ئەمە لایەنە کوردیەکانیش دەگرێتەوە، هەندێك لەبەر کورتبینی لەرەوشەکەو هەندێکی تر لەبەرانبەر ئەو هەموو زوڵمەی رژێمی شۆڤێنی بەسەر کوردی دا هێناوە بەرنامەیەکی پڕ بەپێستی واقیعیان نەبووە.

هەرلەدوای راپەڕینەوە لەسەردەمی بەرەی کوردستانیدا هەندێك بەئۆتۆنۆمی راستەقینە گرتبووی کە پێیان وابوو هەرکەمو کوڕی ئۆتۆنۆمی(١٩٧٤)چارەسەر بکرێت، هەندێك چارەسەری کۆنفیدراڵی و هەندیکی تر. چارەسەری فیدراڵ، هەندێك داوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقو راگەیاندنی سەربەخۆییان دەکرد ئەم تێکەڵو پێکەڵیەیەی کوردیش لایەنێکی سلبی کارکردنی خۆمان بووە کەوای کردووە بەرنامەیەکی راستمان نەبێت تالایەنە عەرەبیەکانیش والێ بکەین ئەوانیش بەرنامەیەکی دیاریان هەبێت بۆ کێشەکەمان.

بەهەرحاڵ ئێستا هەموو لامان لەبەردەم ئەزمونێکی نوێ داین بۆ پێکهێنانی عێراقێکی دیموکراتیو فیدراڵیو فرە حزبی، سەرکەوتنو ژێررکەوتنی هەمووڵامان لێی بەرپرسیارین. دەبێ هەموو لایەکمان ئەو

قانونەی ئێستا کە بە(قانونی بەڕێوەبردنیدەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە هەیە لایەنە گەش و دیارەکانی و لایەنە خەوشدارەکانی دیاری بکەین تا دەستورێکی هەمیشەیی لەمنداڵدانیدا لەدایك ببێت، خواستەکانی هەمو ولایەکی تیا پارێزراو بێت.

## چەند سەرنجێك لە
## ( قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە )

دەرچوونی قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە. یەکەمین هەنگاوی گەلانی عێراقە بۆ بەرجەستەکردنی ئاواتەکانی ئایندەو گەرانەوەی دەسەڵاتو سەروەری لەسەر بنەمای حکومەتێکی کۆماری دیموکراتی فیدراڵی فرەحزبیدا، لەسەر رێزگرتن لە فرەنەتەوەیی و فرە ئاینیی و فرە مەزهەبیی بەمەبەستی دروست کردنی متمانەو هەڵبژاردنی پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا دوور لە زوڵمو زۆرداریو ستەمو دکتاتۆری، دوور لە سیاسەتی تەعریبو تەهجیرو تەبعیس.

- ئەم قانونە ئەگەر چی ناوی لێنراوە قانون بەڵام لە راستیدا دەستورێکی کاتییە رەنگە ناونانی بەقانون لەجیاتی دەستور هەر ئەوە بێت لە دەستەڵاتی ئەنجومەنی حکوم نەبێت دەستور دابرێژێ. لە قانون دا

دێباجەی تیا نیيە. جگە لەوەش هەر مەسـەلەیەك قـانونی تایبـەتی خـۆی هەیـە بـۆ نموونـە قـانونی عقوبـات، قـانونی ئـەحوالی شەخـصی، قـانونی مرافعـات، قـانونی ڕەگەزنامـەو چـەندین قـانونی تـر، بـەڵام ئـەم قانونـە پەیوەندی بەتەواوی ئەو قانونانەوە هەیەو ناشکرێ ئەم قانونە بە پێچەوانەی قانونە بەڕێوە بردنی دەوڵەتی عێراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە بێـت بۆیـە ئەمـە دەسـتورێکی کاتیـە بەتایبـەتی لـە (٣٠)ی حـوزیرانی ئەمـساڵەوە سیادە دەدرێتەوە دەست عێراقیيەکان هەروەها لەمادەی (٣)دا باس لەوە کـراوە کـە ئـەم قانونـە قـانونی بـاڵای وڵاتـە واتـە دەسـتورە تەنانـەت هەموارکردن (تعدیل) پێویست بە سێ چواری جەمعیەی نیشتیمانی کۆ دەنگـی ئەنجومـەنی سـەرۆکایەتی هەیـە ئەمـەش هەرنیـشانەی ئەوەیـە کەدەستورە

- دەبوایە ئەم قانونە لەکاتی ئیمزاکردنی بە زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی ئامادە بوایە سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی حکـوم بـە هەرسـێ زمان ئیمزایان بکردابوایە ئەوەش لەبەر ئەوەی. زمـانی کـوردیو عـەرەبی بە پێی ماددەی (٩) زمـانی ڕەسمـین لـە عێـراق دا لەمـەو دوا ڕۆژنامـەی ڕەسمـی (الوقـائع العراقیـە) بـە هـەردوو زمـان دەردەچـێ قـسەکردنو گوزارشت کردن لـە بـوارە ڕەسمیـەکان دا بـە هـەردووزمان دەبـێ تەنانـەت پـارەو نەختینـەو پەسـاپۆرتو پـولیش بـە عـەرەبیو کـوردی لەسـەری دەنوسرێ. بۆمەسەلەی زمانی ئینگلیزیش وەك زمانێکی جیهـانی دەکـرێ لەکاتی دروست بـوونی کێشەیەك لـە تەفسیرکردندا هانـای بـۆ ببردرێ.

**ئەگەر ئەمە لەم قۆناغەشدا نەکرێ دەبێ لەکاتی دارشتنی دەستوری هەمیشەیی حسابی بۆ بکرێ مەسەلەکە بەهێند هەڵگیرێ،**

**-لە دێباجەی ئەم قانونەدا لەپەرەگرافی کۆتاییدا هاتووە (تعمل الی حین قیام حکومە منتخبە فی ظل دستور شرعی دائم سعیاً لتحقیق دیمقراطیة کاملە)**

**واباشتربوو ئەو دیموکراتییە تەواوە روونتربکرابوایەتەوە وای لێبکرابوایە بەرەو چەسپاندنی سیستەمێکی فیدراڵی دیموکراتی ئەگەرچی لەماددەی (٤)ی ئاماژەیەك بەم مەسەلەیە کراوە.**

**لەماددەی (٢)دا برگەی (ب) باس لەوەدەکات بەرلە دەست پێکردنی قۆناغی گواستنەوە پاشکۆیەك دەردەچێ بەبەشێکی دانەبڕاو لەم قانونە حسێب دەکرێ بەلاّم باش روون نەکراوەتەوە ئایا ئەم پاشکۆیە مەرجێکی بۆدانراوە کەدەبێ لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم قانونە رێك بێتەوە.**

**لەماددەی (٨) هاتووە: (یحدد علم الدولة ونشیدها وشعارها بقانون).**

**دەبوایە ئەوەش روون بکرابوایەوە کە حکومەتە ئیقلیمیەکان بۆیان هەیە لەپاڵ ئالاّی دەوڵەت ئالاّی ئیقلیمیان هەبێت لەپاڵ سروودو ئارمی دەوڵەت سروود ئارمی ئیقلیمیان هەبێت. دەبێ لەدیاریکردنی ئالاّو سروودو ئارم رەنگدانەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی‌و حوکمی کۆماری فیدراڵی دیموکراتی تێدا رەنگ بداتەوە. واباشیشە سروودەکە مەسەلەی پاراستنی ئاشتی‌و مافی مرۆڤ لە ناو ئارم‌و سرودەکەدا دیار بێت بەهەردوو زمانی رەسمی کەکوردی‌و عەرەبی هەبێت.**

- له بڕگەی (أ) لەماددەی (١١)دا هاتووە (كل من يحمل الجنسية العراقية يعد مواطناً عراقياً...) له بڕگەی (ب) (لايجوز اسقاط الجنسية العراقية عن العراقي...)لەبڕگەی (ج) (يحق للعراقي أن يحمل اكثر من جنسية واحدة...) له بڕگەی (د) يحق للعراقي ممن اسقطت عنه الجنسية العراقية لأسباب سياسية أو دينية أو عنصرية أو طائفية أن يستعيدها)هەروەها هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری زۆردارانەی ژمارە ٦٦٠ ساڵی ١٩٨٠ تەواوی ئەو بڕگەو ماددانە بەڕاستی كارێكی ڕاستو دروستن، بەڵام دەبێ لەداڕشتنی قانونی نوێ بۆ مەسەلەی ڕەگەزنامە ئەو مەسەلانەش لابردرێ كە مەیسەركراوە بۆ تەنیا عەرەب لەوەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی ئەو ڕێگەزاڵمانەش لابردرێ كەگیراوەتەبەر لەبەرامبەر ئەو ژنانەی بیانین مێردەكەیان عێراقیيە بەهۆی مردن یان لەیەكتر جیابوونەوە ئەگەر منداڵی نەبێت بێ بەش دەكرێ لەڕەگەزنامەی عێراقی یا منداڵێك ڕەنگە لەعێراق بژی تەمەنی لە (١٨) ساڵ كەمتر بێت ئەگەر باوكی وازی لەرەگەزنامەی عێراقی هێنا ئەوە ئوتۆماتیكی منداڵەكەش بێبەش دەكرێ. ئەمەشیان حوكمێكی زاڵمانەیە یا پیاوێكی بیانی لەمیراتی ژنێكی عیراقی بێبەش دەكرێ، هەقە تەواوی ئەو مەسەلانەش چارەسەری ووردی بۆبكرێ وەك جاران كاری پێ نەكرێ. بەكورتی دەبێ قانونی ڕەگەزنامەی عیراقی سەر لەنوێ دابڕێژرێتەوە .

- لەماددە (١٣): مافی ئازادی تەعبیر كردنو ئازادی كۆرو كۆبوونەوەی ئاشتی ئازادی پەیوەندی كردن بەكۆمەڵگا پارێزراوە، هەروەها پێكهێنانی نیقاباتو حیزب. واباشە بۆپێكهێنانی حیزب ئەوە

لەبەرچاو بگیرێ، مەرجی ئەوە دابنرێ کەحیزبێکی تیرۆریست نەبێتو لایەنگری تیرۆریستانیش نەکات. بۆمەسەلەی خۆپیشاندانو مانگرتن رەچاوی ئەوە بکرێو مەرجی ئەوە دابنرێ کەزیان لەبەرژەوەندییە گشتیەکان نەدات بۆنمونە ببێتە هۆی ئاو برین لەشارێك یان کارەبا برین لەشارێك ئەمانە مەسەلەیەکن دەبێ حیسابی ووردی بۆ بکرێ دەبێ یاسایەك لەم حاڵەتەدا رێگربێت واباشە پێشتر مۆڵەتی یاسایی وەربگرێ. تائامانجی ئەم خۆپیشاندانو مانگرتنە دیاربێت نەوەك بەپێچەوانە بۆ مەبەستێکی ناقانوونی سوودی لێوەربگیرێ.

(برِگەی (٥))ی لە/ ماددەی (١٥) هاتووە: لایجوز انتهاك حرمة المساكن الخاصة من قبل الشرطة او المحققين او السلطات الحكومة الاخرى.........

الا اذا اصدر قاضي او قاضي تحقيق... بناء على معلومات أدلى بها شخص اقسم يميناً وهو يعلم ان اليمين الكاذب يعرضة للعقاب...

زۆر کەس رەنگە زانیاریەکیشی دەربارەی مەسەلەیەك لابێت بەڵام لەترسی سوێنددان یان توشبوون بەسزادان یان لەترسی پۆلیس نایدرکێنێ هەقە ئاسانکاری لەم مەسەلەیەدا بکرێ بۆئەوەی خەڵك ئامادەی باشتری هەبێت لەهاوکاری کردن واباشە دەزگاکانی پۆلیسو مەحکەمە توشی سەرئێشەی نەکەن.

- برِگەی (ج) لەماددەی (١٥) دەڵێ :

(لايجوز اعتقال احد او حجزه خلافا للقانون، ولا يجوز احتجازه بسبب معتقدات سياسة او دينية)

واباشە ئەم بیروباوەڕی سیاسیە ئەگەر سەرچاوەکەی بەرەو تیرۆر بڕوات ئاستێکی بۆ دابنرێ. چونکە ئەمڕۆ تیرۆر هەرەشە لە جیهاندا دەکات لە عیراقیش پێگەیەکی هەیە.

-لەمادەدەی(١٩)دا هاتووە(لایجوز تسلیم اللاجئ السیاسی الذي منح حق اللجؤ وفقا لقانون نافذ، ولا یجوز اعادته قسرا الی البلد فر منه)

نابێ پەناپەری سیاسی تەسلیم بکرێتەوە نابێ بەزۆریش بشگەڕێنرێتەوە ولاتەکەی خۆی. ئەمە ئەگەر بۆ پەنابەری سیاسی راست بێت ئەی ئەگەر پەنابەری سیاسی نەبوو بەلام پەنای بۆ عێراق هێنا مافی پەنابەری پێ نەدرا چی لێ دەکەین تەسلیم دەکرێتەوە، یان بەزۆر دەنێردرێتەوە ولاتەکەی پێم باشە تەنیا ئەوانە تەسلیم بکرێنەوە کەکاریان کاری تیرۆریستە دژ بە بنەمای قانوونی نێو دەوڵەتی کارێك ئەنجام دەدەن یان هەر لەعێراق مەحکەمە بکرێت.

-لەمادەدەی (٢٤)دا کەباس لەحکومەتی فیدراڵیدا دەکات لەبڕگەی (ب)دا باس لەهەرسێ دەستەلاتەکەی دەکات دەستەلاتی قانون دانانو تەنفیزیو دادوەری، دەبوایە هەر لێرەوە باس لە حکومەتە ئیقلیمەکان بکرابوایە کە حکومەتە ئیقلیمەکانیش دەسەلاتی قانون دانانو تەنفیزیو دادوەری تایبەت خۆیان دەبێت بەو مەرجەی لەگەڵ دەسەلاتی حکومەتی فیدراڵیدا ناکۆك نەبێت.

– لەمادەی (٢٧) داباس لەهێزی چەکداری عیراق دەکات دەبوایە باس لەو هێزانە بکرێت کەهەبوون رۆڵیان لەدژایەتی کردنی رژێمی پێشووی گۆڕبەگۆڕ داهەبووە لەناو ئەو هێزەدا رێك دەخرێن لەوانەش

هێزی پێشمەرگەی کوردسان کە بەهیچ جۆرێك نابێ حسابی میلیشیایان بۆ بکرێ، چونکە رەمزی شکۆمەندی بەرگریکردنی گەلی کوردستانە دژ بەرژێمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕو سەرجەم داگیرکەرانی کوردستان جەنگاوە.

- لەمادەی (٢٧) دا دەبوایە لەدوای بڕگەی (هـ) بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت ئیلتیزامی عیراق روون بکرێتەوە کەبەشداری نابێت لەهیچ کارێك کەئاشتیو ئاسایشی نیودەوڵەتی بخاتە مەترسیەوە پابەندی بریارە نێو دەوڵەتیەکان دەبێ . ئەمە خۆی لەخۆیدا رێزگرتنێك بوو بۆبڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کەدژ بەسیاسەتی رژێمی پێشووی دەرکرابوو بەهۆی ئەوەی ئاشتیو ئاسایشی نێو دەوڵەتی لەناوچەکە خستبوە مەترسیەوە، بەهۆی پەیڕەوی کردنی سەرکوتکردنو داپەڵۆسینی گەلانی عیراق بەگشتیو گەلی کوردستان بەتایبەتی.

- لەمادەی (٣١) دا هەندێ مەرجی داناوە کەدەبێ لەو کەسانەدا هەبێت کەخۆیان کاندید دەکەن لەکۆمەڵەی نیشتمانی کەلەبڕگەی (ب)ی هەمان مادده ئاماژەی پێکراوە، خاڵی (٢,٣,٤) پەیوەندی بەبەعسیەکانەوە هەیە، ئەگەر چی ئەم خاڵانە جێگەی خۆیەتی بەڵکو پێویستە زیاتریش بەعسیەکان لەئەندامبوون لەکۆمەڵەی نیشتیمانی دوور بخرێنەوە، بەڵام مەسەلەیەکی ترماوە کەدەبێ وەك مەرجێك حسابی ووردی بۆبکرێت ئەویش رێگرتنە لەهەر کەسێك کە بیرو بۆچوونی تیرۆرستانەی هەیە یان لەنێو حزبێك یا رێکخراوێکی تیرۆرستی کاردەکات. بەڕاستی لەمەو دوا رێکخراوە تیرۆرستیەکان کە ئاشتیو ئاسایشی نێو دەوڵەتی دەخەنە مەترسیەوە دەبێ لەدەستوورو قانونی

ئایندەی عیراق دا رەچاوی مەترسی‌یەکانیان بکرێت با لەدەستور ئەم پەتایە بنە بڕ بکەین دەرگای بۆ نەکەینەوە.

- لەماددەی (٣١) دا واباشە ئەوانەی لەکۆمەڵەی نیشتیمانی خۆیان کاندید کردووە لەکاتی دەرچوون دا رەچاوی رێژەیەك لەپێکهاتەی کۆمەڵەی نیشتیمانی بکرێت بۆ نموونە ئەگەر لە(٢٧٠) کەس رێژەی (١٥٪) دابنرێ بۆ دەرچوانی کۆلێژی یاسا،رێژەی ( ٥٪) دابنرێ بۆ دەرچوانی کۆلێژی بازرگانی یان کۆلێژی ئابووریو کارگێری، رێژەی (٥٪) دابنرێ بۆدەرچوانی کۆلێژی سیاسەت، رێژەی (٥٪) دابنرێ بۆدەرچوانی کۆلێژی ئەندازیاری، رێژەی (٥٪) دابنرێ بۆدەرچوانی کۆلێژی پزیشکی، رێژەی (٥٪) دابنرێ بۆدەرچوانی کۆلێژی کشتوکاڵی، دەبێ لەکۆمەڵەی نیشتیمانی رێژەی دەرچوانی کۆلێژی یاسا لەهەموویان زیاتر بێت بەهۆی ئەرکی سەرەکی کۆمەڵەی نیشتیمانی چونکە تەواوی دەسەڵاتی یاسادانان لەدەستی ئەوانەوە دەبێت.

- لەماددەی (٣٢) کەباس لەهەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانیو دوو جیگرەکەی دەکرێ مەسەلەکە تەنها بەرێژەی دەنگەکانەوە بەستراوەتەوە واباشە لەو هەڵبژاردنە رەچاوی مەسەلە نەتەوەیی‌یەکان بکرێتەوە بەجۆرێك ئەگەر بۆ نموونە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی عەرەب بێت ئەوە نابێت جێگرەکانی عەرەب بن، هەروەها نابێت هەردوو جێگرەکەش لەیەك نەتەوە بن بۆ نموونە دەکرێ کوردێكو تورکمانێك بن، یان تورکمانێكو ئاشووری‌یەك بێت گرنگ ئەوەیە هەموو نەتەوەکان هەست بەوە بکەن کە حسابیان بۆکراوە.

- لەماددەی (٣٦)یشدا هـاتووە کەکۆمـەڵـەی نیـشتیمانی سـەرۆکی دەوڵەتو هەردوو جێگرەکەی هەڵدەبژێرێ لەم خاڵانەشـدا واباشـە رەچـاوی مەسەلە نەتەوەیەکان بکرێت. لە عێراق واباشە ئەگەر سـەرۆکی کۆمـەڵـەی نیشتیمانی بۆ نموونە عەرەب بێت ئـەوا نابێـت سـەرۆکی دەوڵـەتیش هـەر عەرەب بێـت بـەڵکو دەبـێ لەنەتەوەیـەکی تـر بێـت بـەگوێرەی گـەورەیی‌و بـچووکی نەتـەوەکان وا باشـە حیـسابیات بـۆ بکـرێ وەك چـۆن لـەلوبنان رەچاوی ئەمە کراوەو بۆتە عورفێك لـەلایان لـەدانانی سـەرۆکی دەوڵـەت‌و سەرۆك وەزیران‌و سەرۆکی پەرلەمان پەیرەوی دەکەن.

- لـە برگـەی (٧) مـاددەی (٣٦) دا هـاتووە کـە دەبـێ ئەنـدامانی ئەنجومـەنی سەرۆکایەتی خاوەن هەمان مـەرج بـن کەتایبەتـە بەئەنـدامانی کۆمـەڵەی نیشتیمانی... پێم وایە ئەمـە رەچاو بکرێ کەدەبێ ئـەوەی خـۆی بـۆ سـەرۆکی دەوڵـەت هەڵدەبـژێرێ لەگـەڵ جێگرەکـانی مـەرجی ئـەوەی تێـدابێت لەبڕوانامـەی ئامـادەیی یـان هاوشـێوەکەی بـە لایـانی کەمـەوە هەبێت.

- لـەماددەی (٥٣) دا ئـیعتراف بەحکومــەتی هـەرێمی کوردسـتان کراوە بەوەی کەحکومـەتی رەسمی ئەو خاکانەیەکە تـا(١٩ ئـاداری ٢٠٠٣) بەرێوەی بردووە، دیارە ئەمـەیان وەك هـەنگاوێك کـارێکی باشـە وەك یـەك حکومـەتی هەرێمی کوردستان حسابی بۆ کرا کەبەداخەوە بەشیری دەسـتی خۆمـان دوو لـەتمان کـردووە خـاڵێکی زۆر سـلبی لـەکارەکانمان درووسـت کردووە زمانی زۆر کورت کردووین لەلای دۆست‌و دوژمن دا.

- برگەی (٧) لەماددەی (٥٣) دا سنووری پارێزگاکانی لەقۆناغی گواستنەوە وەکو خۆی هێشتۆتەوە، دەبوایە ئاماژە بەوە بکات لەدوایدا لەسەر چ بنەمایەك سنووری پارێزگاکان دەستکاری دەکرێت کەدیارە ئەوەی ئێمەی کورد پشتی پێدەبەستین بەپلەی یەکەم ئاماری سالّی (١٩٥٧) دەبوایە روون بکرێتەوە.

- لەماددەی (٥٣)دا برگەی (٤) باس لەپاراستنی مافە ئیداریو کلتوریو سیاسیەکانی تورکمانو ئاشووری‌یەکان دەکات دیارە ووشەی (کلدۆ ئاشووری) بەکارهاتووە لەراستیشدا ئاشووری نەتەوەیەکە پێك دێت لە کلدانیو ئاسووریو سریانی پێویستە ئەم هەڵەیە راست بکرێتەوە.

لەماددەی (٥٤) ئاماژە بەوە کراوە کەهێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆو هێزەکانی پۆلیس سەر بەدەسەلاّتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەبن، دەبوایە هێزی پێشمەرگەش ئاماژەی پیێ بکرابوایە تا دانانی دەستووری هەمیشەیی لەژێر دەسەلاّتی حکومەتی هەرێم بوایە، دوای ئەوە لەگەڵ سوپای عیراق تێکەڵ بکرایە. چونکە نەمانی دەسەلاّتی هێزی پێشمەرگە لەژێر سایەی حکومەتی هەرێم لەم قۆناغە چەند زیانێکی هەیە.

١- هێشتا باری ناوەخۆی عیراق کێشەی تیا ماوەرەنگە ئەم ئالۆزیە بکشێتەوە بۆناوچەکەی ئێمە لەو کاتە ئێمە پێویستیمان بەهێزی پێشمەرگە هەیە بۆ داکۆکی کردن لەگەلی کوردستان.

٢- جوولاّندنی هێزی پێشمەرگە بۆدەرەوەی خاکی کوردستان رەنگەمەسەلەکە والێك بدرێتەوە کەکێشەی کوردو لایەنێکی ترە ئەمە مەترسیەك لەم قۆناغە دەنێتەوە.

- له بڕگەی (٧) ماددەی (٥٧) هاتووە کە:(هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەرتا سەری عیراق‌و ئەنجومەنی ینیشتیمانی کوردستانیش لەهەمان کاتدا دەکرێ نابێت وادەکەش لە ٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەڕێ) دەبوایە ئەم بڕگەیە بکرابوایە دوو بڕگە یەکەم بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دووەمیش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان واتە جیاکردنەوەیەك هەبوایە دەبێ لەعێراق سێ هەڵبژاردنی جیاواز بکرێت لەسەر ئاستی عیراق لەسەر ئاستی هەرێم لەسەر ئاستی پارێزگا.

- ماددەی (٥٨) کەتەرخان کراوە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەو دەربەدەرەکان بۆ زێدی خۆیان هەروەها گەڕانەوەی هاوردەکانیش بۆ شوێنی پێشووی خۆیان ئەمە جگە لەوەی بەشێك لەو ماددەیە باسی لە(**تصحيح القوميه**) دەکات کەحزبی بەعسی هەڵوەشاوە نەتەوەکانی غەیرە عەرەبی دەکرد بەعەرەب، دەبوایە ئەم مادەیە بڕگە بڕگە بکرابوایە بەم جۆرە تێکەڵ نەکرایە بڕگەیەك بۆ گەڕانەوەی ئاوارەو دەربەدەرەکان بڕگەیەکی تر بۆ گەڕانەوەی هاوردەکان بڕگەی تر بۆ چۆنیەتی چارە سەرکردنی مەسەلەی (تصحيح القوميه)، هەست دەکرێ لەچارەسەر کردنی ئەم زوڵمە نەرمیەك دەنوێنرێ بۆ گەڕانەوەی ئاوارەو ڕەوانەکردنەوەی هاوردەکان بوونی ڕستەی (ئەگەر ئەوەش نەتوانرا پێویستە حکومەت قەرەبوی عادیلانەیان بکاتەوە) دەبێ ئەم مەسەلەیە جێبەجێ بکرێ چونکە پەیوندی بەکێشەیەکی گرنگ هەیە، ئەگەر ئاوارە نەگەڕانەوە یا نیوە چڵی ئەنجامدرا، هەروەها هاوردەکانیش لەشوێنی خۆیان مانەوە ئەوە

لەپێکهاتەی ئەوەشوێنانە لەڕووی ڕێژەی دانیشتوان کێشە پەیدا دەبێت بەتایبەتی لەکەرکوکو دەووروبەری، بەمە هەر چاوپۆشیەك لەم مەسەلەیە بە زیانێکی گەورەی کورد و تورکمان تەواو دەبێ ڕەنگە بە شێك لە خاکی کوردستان بکرێتە قۆچی قوربانی، بۆیە دەبێ بە توندی پێ داگرین لە سەر جێبەجێ کردنی ئەم مەسەلەیە.

نابێ ڕێگە بدرێ هاوردەکان لە هیچ هەڵبژاردنێك بەژداری بکەن تەنیا دەکرێ لەو شوێنەی لێی هاتون بەژداری بکەن هەر نەرمیەیەك شەرعیەتدانە بەهاوردەکان بۆ مانەوە.ئەنجامدانی هەر ئامارێك لەو ناوچانەی سیاسەتی تەعریب و تەهجیری بە سەر جێبەجێ کراوە بەو شێوەیەی ئێستای زوڵمێکی ئاشکرایە لەکوردو تورکمان دەکرێ دابڕینی بەشێك لەخاکی کوردستانە.

بۆیە دەبێ کاری جدی بۆ بکرێ بەشێوەك بێت تەواوی مافەکانمان بۆ بگەڕێتەوە. کەرکوك مافی نیشتەجێ بونی کەرکوکیە ڕاستەقینەکانە لەکوردو تورکمانو ئاشووریو عەرەبە ڕەسەنەکان نەك ئەو عەرەبانەی بەمەبەستی دیاری داگیرکردن هاتوون بڕیاری (مجلس قیادە)ی بەعسی هەڵوەشاوەیان جێ بەجێ کردووە.

- بڕگەی (ج) لەمادەی شەستو یەك هەندێك لایەن ئەم بڕگەیە بەڤیتۆی کورد دەزانن بەوەی ڕەشنوسی دەستور ئەگەر بەدوولەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا ڕەفزیان کرد ئەوە ناچەسپێ ئەمە بۆ گەلی کوردسان قازانجێکی تیایە وەك هەر ئێراقیەکی تر بەلاّم پێم وایە ئەمەش خەتەرێکی تری لەپشتەوە هەیە ئەگەر لایەنە سیاسیەکانی عێراق ئەوانەی

دژبەخواستی کورددەوەستنەوە بتوانن درز بخەنە نێوان دوولایەنە سەرەکیەکەی ئەمڕۆی کوردستان (پارتیو یەکێتی) چونکە بمانەوێ نەمانەوێ ئەم دوولایەنە دەتوانن پارسەنگی مەسەلەکان بگۆڕن ئەگەر ئەو کێشانەی هەن وەك خۆی بمێنێتەوە وەکو جاران دووحکومەت هەبێت بەرژەوەندیە حیزبیەکان خۆی زاڵ بکات بەسەر بەرژەوەندی گەلەکەمان. رەنگە وای لێ بیت، بەپاڵپشتی لایەنێك لەدژی لایەنەکەی تر شارێك دژی بڕیارێك بێت لە ریفراندۆم بەڵام دووشارەکەی تر لەگەڵ دابن، ئەمە خەتەرێکە لەسەرمان هەتا کێشەش هەبێت ئەم خەتەرەش دەمێنێ بۆ نمونە ئەگەر سلێمانیو هەولێر دژبە مەسەلەیەك وەسانەوە نەهێڵن لەدەستور بچەسپێ بەڵام دهۆك بەقازانجی چەسپاندن بڕیاری لێدا ئەوسا چی بکەین، رەنگە ئەمە بە دووربزانرێ بەڵام پێم وایە دەبێ حسابێکی ووردی بۆ بکرێ رێکەوتنێك لەسەر ئەو مەسەلانە هەر لەئێستا وەبکرێ بەداخەوە بەچاوگێران بە ئەزمونەکانی پێشوتر. لەساڵانی شەڕی ناوخۆ ئەو مەسەلەیە بەدوورنازانرێ. ئاوات خوازیشم لەو بۆ چوونەم هەڵەبم هۆشیاری گەلەکەمان لەو ئاستە بێت بەرژەوەندی یەکانی خۆی باش بناسێ جگە لە بەرژەوەندی گەلەکەمان شتی تر کاری تێ نەکات، وا باشە لە ئێستاوە هەموو حیزبەکانی کوردسان رێکەوتن نامەیەك لەم بارەیەوە مۆربکەنو هەر پێشێلکاریەك بەخیانەتی نیشتمانی حسابی بۆ بکرێ. راستیەك هەیە نابێ بیشارینەوە هەموو ئەو لایەنانەی دژی خواستی رەوای کوردن هەر لەئێستاوە شیری شەهید کردنی ئەم بڕگەی(ج)مادده(٦١)یان هەڵکێشاوە ئەگەر وشیارو یەکگرتوو نەبین، ئەگەربە رێکەوتنێك لەنێوان خۆمان ئەم

ترسه له دەروونمان دەرنەکەین، ئەگەر هەموو لایەك رێك نەبین لەوەی هەر سازشتێك لەبەرانبەر ئەم برگەیە خیانەتی نیشتیمانی یە، پێم وایە هیچ کوردێك دڵی ئاو ناخواتەوە، واباشە هەرئێستا پەرلەمانی کوردستان بەرلەوەی کۆتایی بێت کارێکی وابکات بریارێك دەربکات بەمە سەرەوەریەك بۆ مێژووی خۆشی تۆمار دەکات.

پێم باشە گەلی کوردستان بەدوای ڤیتۆیەکی زۆر بەهێزدا بگەرێ لەدەستوور بیچەسپێنێ، تەنانەت هەموار کردنیش لەدەستووری فیدراڵی بەبێ رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام نەدرێ.

# هەندێ کەم و کوری لە قانونی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق

١- قانونی باری کەسێتی بە تەواوی فەرامۆش کراوە کە دەبوایە ئاورێکی جیدی لێ بدرابوایەوە هەنگاوی باشتری بۆ ئامادە بکرابووایە، بە داخەوە وا تێبینی دەکرێ پاشە کشەی پێبکرێ وای لێبێت مەحکەمەی شەرعیو مەجالیسی روحانی تائیفی بێتەوەجێگە قانونی باری کەسێتی لەق بکات کە ئێستا کاری پێ دەکرێت.

٢- ژمارەی ئەو وەزارەتانە دیاری نەکراوە کە پێویستە لەمەو دوا بە پێی یاسایی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق کاری خۆی بکات دەبوایە ئەم مەسەلەیە روون بکرابووایەوە چونکە دەکرێ بە گوێرەی پێویست دوو وەزارەت بکرێت بە یەك وەزارە یا بە پێچەوانە یەك وەزارەت بکرێت بە دوان یان وەزارەتی نوێ دامەزرێ، دەکرا ئەمە هەر لە ئێستاوە تا دانانی دەستوری هەمیشەیی لە لایەن جەماوەر قسەی لێ بکرێ. دەکرێ ئەمە لەو پاشکۆیە ئاماژەی پێبکرێ کە لە مادەی (٢) برگە ی (١) باسی لێوە کراوە کە دەبێتە بەشێکی دانەبراو لەقانونی بەڕێوە بردنی دەوڵەتی عێراق قۆناغی گواستنەوە.

٣- دەبوایە لە دەستەڵاتی یاسا دانان کە کۆمەڵەی نیشتیمانی دانراوە کە وەك ئەزمونێکی هەڵبژێردراو دەبێت ئەرکی سەرەکی دانانی یاساو چاودێری دەسەڵاتی نەنفیزی یە لەگەڵیدا کۆمەڵەی هەرێم هەبوایە؟ هەردووکیان ئەنجومەنێکیان پێك بهێنایە بە ناوی ئەنجومەنی گەل. دانانی کۆمەڵەی هەرێم بە هەڵبژاردن لە سنوری هەرێمەکان بووایە رەچاوی یەکسانی لە دانانی کۆمەڵەی هەرێمی بکربوایە لە نێوان نەتەوەکان، ماف‌و ئەرکی ئەوانیش دیاری بکرابووایە لە عێراقی ئایندە.

٤- دەبوایە ئەم قانونە ئیلتیزامی تەواوی خۆی بە یاسایی نێو دەوڵەتی راگەیاندایە کە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤو ئاشتی‌و ئاسایشی نێو دەوڵەتی‌و چەسپاندنی دیموکراسی کە عێراق بە کۆمەڵێکی مەدەنی دەگەیەنێ عێراق بە دوور دەگرێ لە حوکمی تاك‌و دیکتاتۆریەت‌و شەرو ئاژاوەو تێکدانی باری ئارامی ناوچەکەو جیهان.

٥- دەبوایە ئەم یاسایە هەر لەسەرەتا بە سێ زمان لەیەك كات دا بكرایە ئەویش زمانی عەرەبی‌و زمانی كوردی‌و زمانی ئینگلیزی بوایە نەك بەو شێوەیەی ئێستا لە وەرگێرانەكە لە عەرەبی بۆ كوردی جیاوازی دیار دەكەوێ وا باشە زەمانەتی دەستوری ئایندە لەسەر زمانی ئینگلیزی بێت.

٦- ئەم یاسایە لە رووی دارشتنەوە زۆر بە ووردی دانەرێژراوە، بە شێوەیەكی كۆنكرێتی بۆ چارەسەركردنی سەرجەم مەسەلەكان دانەرێژراوە بە جۆرێك بوارێ نەهێلێتەوە تەفسیری جۆراو جۆری بۆ بكرێ.

٧- تێكەلاوی هەیە لە برگەو ماددەكان بە جۆرێك ماددەو برگەی وا هەن كۆمەڵێ مەسەلەی زۆر گرنگی بە خۆوە گرتوە كە دەبوایە بۆ هەریەكێكی ماددەیەك یان برگەیەك تەرخان بكرێ نەك تێكەڵ بكرێ.

٨- كۆمەڵێ كێشە هەن چارەسەركردنی دوا خراوە لە وانە مەسەلەی كەركوك‌و تەنانەت مەسەلەی تەعریب و تەهجیریش نەرمی پێوە دیارە. ئەم كێشانە ئەگەر ئەمرۆ چارەسەری نەكرێ دوای گەرانەوەی دەستەلات بۆ عێراقیەكان پێم وایە چارەسەری گرانتر دەبێت نەك ئاسانتر، بەڵكو بە دوور نازانرێ شەرو ئاژاوەی گەورەش بێتە پێشەوە بۆیە نەدەبوایە ئەم مەسەلەیە دوابخرێ. خۆدەكرێ ئەگەر چارەسەری كەركوك دواخراوە هێزێكی نێو دەوڵەتی لەژێر سایەی(UN) بەرێوە ببات، تائەو رۆژەی كێشەكە یەكلا دەبێتەوە. بەپێچەوانە بەدوور نازانرێ گەورەترین‌و خوێناوی ترین كارەسات روبەرووی خەڵكی شاری كەركوك‌و دەوروبەری ببێتەوە لەوەدا كوردو عەرەب‌و توركمان‌و ئاشوری‌و مەزهەبەكانی شیعەو سونەو مەسیحی

زەرەرمەند دەبن. بۆیە وا باشە بەپەلە جێبەجێ بکرێ سیاسەتی تەعریب و تەهجیر لەسەر بنەمایەکی باتڵ دامەزراوە بۆیە هەرچی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزرابێ باتڵە. بۆیە دەبێ بەزووترین کات هەڵبوەشێتەوە.

٩- لەبەر ئەوەی یەکگرتنی ئارەزومەندانە کە ئەمڕۆ گەل هەڵیبژاردووە بۆ پێکەنانی عێراقێکی دیموکرات لەژێر سسیتەمی فیدراڵی، ئەگەر لەدوارۆژدا ئەمە کێشەی لێ پەیدابوو، گەلی کوردستان یان بەشێکی تری عیراقیش چۆن چارەسەر بۆ خۆی بدۆزێتەوە چۆن لەو مەینەتی یەی کەتوشی دێ خۆی رزگار بکات، واباشە دروشمی مافی چارەی خۆنوسین لە دەستوری عیراقدا خۆی بچەسپێنێ، چونکە مافی چارەی خۆنوسین فیدراڵیش دەگرێتەوە ئەگەر نەشگونجا جیا بوونەوەش دەگرێتەوە ئەگەر رێگەی یەکەم هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەیەوە دەکرێ رێگەی دووەم بگرێتە بەر هەروەکو تەیموری خۆرهەلات، دەبێ بزانین مافی چارەی خۆنوسین لە پەیماننامە نێودەوڵەتی یەکاندا دانی پیانراوە بەمە بەنێو دەوڵەتی بوونی کێشەکەمان دەچەسپێ باشترین چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە هەروەکو لە مادەی(١)برگەی (٢)و لەمادەی(٥٥)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکانو لەمادەی (١)پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی یەکانو مادەی(١)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسیەکان ئاماژەی پێ کراوە.

١٠- مەسەلەی پێکهاتنی لەشکری عیراقیو چۆنیەتی جولانی لەناو خۆو دەرەوە مەسەلەیە کە دەبو حساباتی ووردی بۆ بکرێ، ئەگەرچی بۆ

مەسەلەی چۆنیەی جولانی لەشکرەکە لەگەڵ ولاتان باسی لیوە کراوە پیویستە لەناوخۆش باسی لیوە بکرێ بۆ نمونە لەشکر بۆی نەبێ بۆ هیچ هەرێمێك بجولێ بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەن هەرێمەکە تارێگا بگرێ لەوەی جارێکی تر هەرێمەکە لەشکری عیراق بۆ سەرکوتکردنی جەماوەر بەکار بهێنێ هەروەکو لەکوردسان بەدرێژای دروست بوونی لەشکری عێراق دژ بەگەلی کوردستان بەکار هاتووە گەورەترین مەینەتی بەسەر هێناوین.

١١- هەندێ ڕێکەوتننامەی نێودەولەتی هەن ڕەنگە ڕاستەوخۆ زیان لەهەرێمێك بدات، بۆ نمونە ئەگەر ڕێکەوتنێك لەنێوان عیراق و ئێران، تورکیا، سوریا بوو بەزیانی گەلی کوردستان تەواو بێت لەو حالەتە دەبێ ڕەزامەندی ئەو هەرێمەی لەسەر بێت ئەگەرچی لەدەسەلاتی حکومەتی فیدرالیدایە بەلام نابێ دەسەلاتی فیدرالی ڕێگە بەخۆی بدات، زیان لەهەرێمەکانی خۆی بدات. یان ڕێکەوتنێك هەبێت لەنێوان عیراق و ئێران و کوێت و ئوردون زیان لەهەرێمێکی تر بدات بۆ نموونە ئەم هەرێمە شیعەنشین بن نابێ ڕەزامەندی ئەوانەی لەسەر نەبێت، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگەو دەبێ حیسابی بۆ بکرێ لەدارشتنی دەستوری ئایندەی عیراقدا، تەنانەت لەناوخۆش لەنێوان هەرێمەکاندا ڕێکەوتن هەبێت لەسەر هەندی مەسەلە بۆ نموونە سەرچاوەی ئاوی عیراق لەکوردستانەوە دێ ناکرێ خەلکی کوردستان سوود لەو سەرچاوە نەبینن کەچی خێرەکەی تەنیا بۆ دەرەوەی کوردستان بڕوات.

١٢- دەبوایە داهاتی عیراق دابەش بکرابوایە بەسەر ناوچەکانی عیراق بەگوێرەی زۆرو کەمی دانیشتوان وەك چۆن لەکاتی خۆی ڕێژەی ١٣٪ بۆ

ناوچە رزگار کراوەکانی کوردستان دانرابوو کە ڕێژەکەی زۆر زاڵمانەشن بوو، دەبوایە لە٢٥٪ کەمتر نەبێت تائەوە نەبێت ئاوەدانکردنەوەی کوردستان زەمانەتی فەرامۆش ئەکرێت.

١٣- لەم دەستورەدا مافە تاکەکانو مافە گشتییەکانی عیراقییەکان تێکەڵاوی یەکتر کراون. دەبوایە لەم دەستورەدا زۆر بەووردی مافە بنچینەییەکانو مافە ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریەکانو مافە گشتییە هاوبەشەکان لەیەکتر جیا بکرێنەوە بەجۆرێك بوایە تەواوی ئەو مافانە لەگەڵ پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکانو ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ بگونجێ بەجۆرێك هەردەم یاسا نێودەوڵیەکان باڵایەتی خۆیان بەسەر یاسا نیشتمانیەکان بسەپێنن تابواری ئەوە نەهێڵێ یاسا نیشتمانییەکان مافی مرۆڤی عیراقی پێشێل بکەن.

بۆ نموونە ئەگەر مافە مەدەنیو سیاسیەکان کە مافی ژیانو کار نەکردن بەزۆرە ملێو، ئەشکەنجەدانو سەفەر کردن، موڵکداری، ئازادی بیروڕاو، خۆرێکخستنی نیقابیو کۆمەڵێ مافی تر بگرێتەوە، مافە ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریەکان مافی کارکردن بێ جیاوازی کردن لەروی جنسو نەتەوە، مافی خوێندن مافی تەندروستی، مافی خۆرۆشنبیرکردن، مافی ژینگە پارێزی مافی باشترکردنو چاکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، مافی قەرەبوو کردنەوەی زیان، مافە گشتییەکانیش لەوانە یەکسانی لەئەرکو ماف لەنێوان ژنو پیاو، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر، مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامە...هتد دیارە ئەو مافانە بایەخێکی گرنگی هەیە وادەکات هیچ هاوڵاتیەکی عیراق لەهەر نەتەوەیەك بێت یان سەر

بەهەر ئاینێك بێتو لەهەر شوێنێكی عیراقدا بژی تەواوی مافەكانی پارێزراو دەكات. ئەمە مەسەلەیەكە دەبو لەكارە سەرەكییەكانی دەستوری ئایندەی عیراق بێت، ئەگەر بمانەوێ كۆمەڵێكی مەدەنی دوور لەهەر جۆرە چەوسانەوەیەك پێك بهێنین. دەبێ ئەوە ئەوەش بزانین تەنانەت بڕیاری چارەی خۆنووسینی گەلانیش لەم چوارچێوەیە خۆی رادەگەیەنێ.

ئەگەر مافەكان بەم جۆرە پارێزگاری لێ نەكری مەحاڵە بۆ نموونە لەشارێكی وەك كەركوك كوردێكو توركمانێكو ئاشورییەكو ئەزموونی یەكو عەرەبێك لەكۆمەڵێكی دواكەوتووی وەك ئێمە بەیەكەوە هەڵكەن هەریەكەیان مافی ئەوی تر بپارێزی. یا لەشوێنێكی تری وەك بەغدا كوردو عەرەبی سونە یان كوردو عەرەبی شیعە دەژین یان سونەی عەرەبو شیعەی عەرەب دەژین  ئەمانە هەر هەمووی كێشە دروست دەكەن، رەوشی عیراق بەرەو واقعێكی پڕ مەترسی دەبەن، دوژمنەكانی گەلانی عیراقیش سازو ئامادەن بۆ لەباربردنی ئەم ئەزموونە نوێیە یەكدەنگن، جا ئەم ناحەزانە لەناوخۆبن یان لەدەوروبەر چاویان بەوە هەڵنایێ عیراق لەژێر سایەی فیدراڵی ژیان بباتە سەرو ببێتە سمبوڵی قەڵای ئاشتیو دیموكراسیو مافی مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هیوادارم تەواوی كەم و كورپیەكانی ئەم قانوونە لەلایەن خەڵكانی شارەزا بخرێتە روو تا بتوانین لەكاتی داڕشتنی دەستوری هەمیشەیی دا راستیان بكەینەوە چونكە هەر ئەم قانوونە دەبێتە بنەمای داڕشتنی دەستووری ئاییندە.

نیسانی ٢٠٠٤

## سەرچاوەکان:

د. منذر الفضل الفيدرالية في كردستان ضمان لوحدة الدولة العراقية ٢٠٠٤/

د. منذر الفضل الحل الفيدرالية ومستقبل العراق ٢٠٠٤/

د. سعد بشير اسكندر- مراجعة سياسية للفيدرالية و الحل الفدرالي للمسألة الكردية في تاريخ العراق الحديث ١٩٢١-١٩٢٢ ٢٠٠٤/

د. سلمان شمسة – طموح الاكراد المشروع لتحقيق الفدرالية ٢٠٠٤/

قانون الجنسية العراقية

قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية

# هۆشیاری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا

مرۆڤ، فیكرو بیروباوەڕو فەلسەفەو رەوشتو تەواوی مەسەلەكانی تر لەژیان دا لەژێر كاریگەری بارودۆخی ئابوریو سیاسیو كلتوریو كۆمەڵایەتی دا وەردەگریو هۆشیاری خۆی لەسەر بنیاتدەنێ، ئاستی هۆشیاری لە هەر كۆمەڵێكدا لەنێوان بەرزیو نزمیدایە، ئەو مرۆڤانەی بە شارەزایو ووردیەوە هەڵسوكەوت لەگەڵ دەوروبەری خۆیان دەكەن، وردەكاری لەسەرجەم بوارەكانی ژیاندا دەكەن، كاریگەری بارودۆخەكان دەخەنەبەر تیشكی لێكۆڵینەوە، لەدەرەنجامی ئەمەدا هۆشیارییەك پەیدا دەكەن بەمەش دەتوانن رۆڵی دیار لەگۆڕانو پێشكەوتنیكۆمەڵ دا ببینن، كە زۆر جیاوازە لەو مرۆڤانەی مەسەلە گرنگو پڕ بایەخەكانی ژیان لەدونیاو دەوروبەری خۆیان هەست پێ ناكەن، ئەگەرچی كاریگەری راستەوخۆشی بەخۆیانەوە هەیە، بەڵام هۆشیارییەكەی لەئاستێكی نزمدایە، ناتوانێ رۆڵێكی دیارو كاریگەرانە لەنێو كۆمەڵ دا بگێڕێ، بەڵكو زۆرجار كاریگەری نەگەتیڤانەشی دەبێ، كۆسپ لەبەردەم پێشكەوتن دا دروست دەكات. ئەو كۆمەڵەی خەڵكە هۆشیارییەكەی زۆرتربێ بەبەراورد لەگەڵ خەڵكە ناهۆشیارەكەی بەشێوەیەكی گشتی دەكرێ بڵێین كۆمەڵێكی هۆشیارە، بەپێچەوانەش ئەو كۆمەڵەی رێژەی خەڵكە هۆشیارەكەی زۆر كەم بێت دیارە كۆمەڵێكی ناهۆشیارە.

نەزانیو ناشارەزایی مرۆڤ لەبەردەم بارودۆخەكان دا كۆمەڵ تووشی سەرلێشێوان دەكات، ئەگەر بۆ مێژووی كۆنی مرۆڤایەتی بگەڕێینەوە

هەنـدێ نموونـە بخەینـەوە بەرچـاو لـەم سـەردەمەوە تـێ‌ی بـڕوانین ئـەم هەڵـسوکەوتانە بەلامـانـەوە ئەوپـەڕی گەمـژەیی بـووە، بـۆ نموونـە دەڵـێن میـسریە کۆنـەکان لـەوەرزی لافـاوی زێ‌ی نیـل بـەهۆی ناهۆشـیارییەوە بوونەتە کۆیلەی رووداوە سروشتییەکان، جوانترین کچی خۆیان رازاندۆتەوە فڕێیـان داوەتـە نـاو زێ‌ی نیـل وەك قوربـانی بـۆ ئـەوەی قینـی زێ‌ی نیـل دابمرکێتەوە بەڵکو زیانی زیاتریان لـێ‌نەدات! بەڵام کە هۆشـیاری مـرۆڤ بـەرەو پـێش رۆیـشت ئـەمڕۆ هـەمان زێ بەنـداوی لـەپێش دروسـتکراوە بەهۆشیارییەوە مرۆڤ سەرکەوتنی بەسەر سروشت دا هەیە. بەهەمان شێوە جووەکانیش لەکاتی خۆیدا جوانترین کچی خۆیان دەخستە نـاو ئـاگر وەك قوربـانی! ئـەمڕۆش دەبیـنین لـە چ ئاسـتێکی پێـشکەوتندان. بەداخـەوە لەکۆمـەڵی کوردەواری ئێمەشدا دەیان دیاردەی لەم جۆرە هـەبووە، تـا ئـەم ساڵانەی دوایـش تەنەکـە لێـدانو تەقـەکردن لـەکاتی مـانگ گیرانو رۆژ گیران دا هـەبوو یـان بووکـە بەبارانـە لـەکاتی بـاران نەبارینـدا کەهـەموو ئەمـانە دەردی نەزانیو ناهۆشیاری کۆمـەڵە.

مـرۆڤ بەهۆشـیارییەوە دەتوانـێ شارسـتانی پێـشکەوتوو بنیـات بنـێ، لەپێناو خۆشترکردنی ژیان بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی رۆڵـی خـۆی ببینـێ، بـارودۆخی ئـابووریو سیاسـیو کلتـوریو کۆمـەڵایـەتی بگـۆڕێ، ژیانێـك بنیات بنێ کـە شایـستەی مـرۆڤ بێـت، مـرۆڤ بتوانـێ بەخۆشـگوزەرانیو ئازادیو دیموکراسیو پاراستنی مافەکانی ژیان بگوزەرێنێ.

لـەجیهانی ئـەمڕۆدا مومارەسـەی دەسـەڵات لەسیـستمی سیاسـیدا یـا لەژێر سایەی سیستمێکی دیموکراسی دا دەبێـت یـان لـەژێر سیـستمێکی

دیکتاتۆریدا دەبێت، دیارە سیستمی دیموکراسی لەئاڵوگۆڕی دەسەڵات دا هەرگیز شێوەی توونـدو تیـژی بـەخۆوە نـاگرێ، ئـەم ئـاڵوگۆڕە خـۆی لەپرەنسیپەکانی ژیانی دیموکراسییە بەردەوامیش لەگۆڕانـدا دەبێـت، ئـەو هێزە سیاسییەی ئەمڕۆ دەسەڵاتە زۆر بەئاسـایی ئـاڵوگۆڕی لەدەسـەڵاتیدا دەکرێـت لایـەنی تـر کـە تـا ئـەو کاتـە ئۆپۆزسـیۆن بـووە بـۆ ماوەیـەکی دیاریکراو شوێنی دەگرێتەوە، ئەمـەش پابەنـدە بـەئیرادەی سیاسـی خـەڵك لەپرۆسەی هەڵبژاردن‌و هەروەها پـەروەردەی سیاسـی کـە خـۆی لـەکلتوری سیاسـی‌و گەشـەکردنی سیاسـیدا دەبینێتـەوە جگـە لـەوەش پەیوەنـدی جەوهەری بەحاڵەتە کۆمەڵایەتی‌و ئەخلاقییەکانی نێو کۆمەڵەوە هەیە.

مـەرجی ئـاڵوگۆڕیش لەدەسـەڵات بەشـێوەی ئاشـتیانە تـەنیا لـەو کۆمەڵانەدا دەبێت کە بیرو بۆچوونی جیـاواز قـەبول دەکـرێ لەسـەر ئـەم بنەمایە فرە لایەنی سیاسی‌و فیکری دادەمەزرێن لەپرۆسەی هەڵبژاردن دا بوارێك دێتە پێشەوە کەجەماوەر حوکمی خۆی بـدات بەدەستنیـشانکردنی ئـەو لایەنـەی متمانـەی ئـەوەی پـێ دەدرێ کەدەسـەڵات بێـت بەپاڵپـشتی دەنگی زۆرینە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ دەسەڵاتی زۆرینە ڕێـز لـەئیرادەی کەمینـە نـەگرێت‌و پێـشێلی پاراسـتنی مافـەکانیان بێـت، ئـاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش یان بەشێوەی ڕەها دەبێت تەواوی پۆستە گرنگەکان دەکەوێتـە دەستی لایەنی سەرکەوتوو، لایەنی ژێرکەوتووش خۆی ئامادە دەکاتەوە بۆ هەڵبژاردنێکی تر تا لەم ئاڵوگۆڕەدا دەسەڵات وەدەست بخاتەوە. هەر وەکـو لەبەریتانیادا پەیڕەوی دەکـرێ. لـەئاڵوگۆڕی ڕێـژەی دەسەڵاتیـشدا بەشـێك لەدەسـەڵات دەدرێـت بەلایـەنی سـەرکەوتوو هـەروەکو لەسیـستەمی

سەرۆكايەتی لەئەمریكادا پەیڕەو دەكرێ، هەندێ جاریش ئەم ئالوگۆڕە بەیەك لایەن ناكرێ بەڵكو بەدوو لایەن یان زیاتر دەتوانن دەسەڵات وەرگرن هەروەكو لەئەڵمانیادا پەیڕەو دەكرێ.

ئەمڕۆ گەلانی عیراق بەگشتی لەبەردەم بەدیموكراتیزەكردنی دەسەڵاتی سیاسیدان لەبەردەم ئالوگۆڕی دەسەڵاتدان، لەبەردەم پرۆسەیەكی گرنگدان، لەبەردەم ئەزمونێكی نوێدان، لەبەردەم سێ هەڵبژاردنـدان (بەگوێرەی خەڵكی كوردستان) (هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان) كە لەیەك پرۆسەی هەڵبژاردن دا ئەنجام دەدرێ.

هەڵبژاردن كە پرۆسەی دەستنیشانكردنی كەسێك یا چەند كەسێك لەنێو كۆمەڵە كەسێكی زۆرتردا دەگرێتەوە بەپێی رێوشوێنو مەرجە دیاریكراوەكانی كە یاسای هەڵبژاردن داینـاوە. هەڵبژاردن لەعیراقێكدا ئەنجام دەدرێ لەدروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە لەهیچ سەردەمێكدا دەسەڵاتی دیموكراسی سیاسی بەخۆیەوە نەبینیووە، لەنێو كۆمەڵێكدا ئەنجام دەدرێ (جگە لەخەڵكی ناوچە ئازاد كراوەكانی كوردستانی ساڵانی ١٩٩١ـ ٢٠٠٣) هێشتا نامۆیە بەدیموكراسی، بێبەش بووە لەدامەزراوەی دیموكراسی، بێبەشبووە لەدەستورێكی رێكو پێكو هەمیشەیی، بێبەشبووە لەحكومەتێك كە لەلایەن پارلەمان دامەزرابێ، تەواوی دەسەڵاتەكان تێكەڵاوی یەكتر كراون، دەسەڵاتی یاسادانانو دەسەڵاتی جێبەجێ كردنو دەسەڵاتی دادوەری، بێبەشبووە لەئازادی فیكر، ئازادی پێكهێنانی حزبو كۆمەڵەو رێكخراوی تایبەت، بێبەشكراوە لەئازادی

مانگرتن‌و خۆپیشاندان. لەژێر سایەی رژێمی مەرگ‌و خوێنی گۆڕبەگۆڕی بەعسی فاشیدا هەر شەڕ بەدوای شەڕ بەسەر عیراقیەکاندا سەپاوە مانایەك نەماوەتەوە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتی‌و پاراستنی مافی مرۆڤ، بوارێك نەدراوە بەعیراقیەکان تاخەمی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی عیراقیان بێت جگە لەکاولکردن شتێکی تریان بەرچاونەکەوتووە، جگە لەتێکدانی پێکەوە ژیانی مرۆڤانەی نێوان نەتەوەکان‌و مەزهەبەکان کارێکی تری ئەنجام نەداوە، کاری دژایەتی کوردو تورکمان‌و عەرەبی شیعەو سەرجەم دیموکراتیخوازانی گەلانی عیراق بووە.

لەدوای لەناوچوونی رژێمێکی وا فاشیدا هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسی بەبێ هۆشیاری مەترسیەکی گەورە دروست دەکات، لەدەرئەنجامدا عیراقیەکان رەنگە نەتوانن نوێنەرانێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن کەتەواوی خواست‌و ویستی خۆیانی تیا بدۆزنەوە، بەدوور نازانرێ ئەمجارەیان لەژێر ناوی دیموکراسیدا دیموکراسی سەربڕن، هەمان واقیعی تاڵی رژێمی گۆڕ بەگۆڕی بەعسی توشی عیراقیەکان بکات بەداڕشتنی دەستورێکی بەدەر لەدیموکراسی، بەدامەزراندنی حکومەتێك کە تەنیا کاری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی تاك‌و کۆمەڵ بێت، کاری فەرزکردنی بیرو بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەو دواکەوتوانەی وابێت کەدژایەتی هەموو بیروباوەڕێکی پێشکەوتوخوازانە بکات.

ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئەرکێکی پیرۆزو پڕ بایەخ کەوتۆتە سەر لایەنە سیاسیەکان، سەررێکخراوە دیموکراسیەکان، سەر خەڵکە دیموکراسیخوازەکان بەوپەڕی هەست بەلێپرساویەتی لەهەوڵی

هۆشیارکردنەوەی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستاندابن، لەهەوڵی ئەوەدابن مانای هەڵبژاردنیان بۆ روون بکرێتەوە، بایەخی بەشداری کردنی هەرتاکێکی یان بۆ روون بکرێتەوە، کاریگەری خراپی بەشداری نەکردنی بۆ بخرێتە بەرچاو، هەوڵ بدەین دەنگدەر وەك ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوەیی بەپیر بەشداریکردنی هەڵبژاردنەوە بچێت، نەك مەسەلەکە بەخەمساردیەوە وەرگرێ، ئەمەش بەوەوە دەبێت هەوڵ بدرێ خواستە نیشتمانیو نەتەوەیی خواستە گشتیو تایبەتییەکانی بۆ روون بکرێتەوە بەرنامەی لایەنە سیاسیەکانی بۆ روون بکرێتەوە کەهەر هێزێکی سیاسی مەبەستییەتی پروپاگەندەی پێ بکات بۆ هەڵبژاردن، هەوڵ بدرێ هۆشیاری مرۆڤی خەڵکی کوردستان بگاتە ئاستێك، کردەوەکانی حزبو لایەنەکان باشتر بناسێ، خزمەتگوزارییەکانیان بخاتە بەرچاو ئەوانەی لەدەسەلآت بوونە لەم چەند ساڵانەی رابردوو لەهەرێمی کوردستان لەدوای هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستانو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو ئەمرۆ، بزانین چەند لەو بەڵێنانەیان جێبەجێ کردووە کە بەخەڵکیان دابوو.

زۆر گرنگە جەماوەری دەنگدەر هۆشیاری بگاتە ئەو رادەیەی کەبزانێ لەو سێ هەڵبژاردنە لەهەریەکەیان دەنگ بەکام کەسو لایەنو لیست دەدات، لەهەڵبژاردنی نوێنەرەکانی لەپارلەمانی عیراقدا کامەیان هەڵدەبژێرێ، لەهەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ پارلەمانی کوردستان کامەیانی پێ باشە، لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کامەیان بەشیاو دەزانێ کەخزمەتی زۆر بەخەڵك بکات، چۆن لەم بانگەشانەدا

راستیو ناڕاستیەکان لێك جیابکاتەوە. چونکە هیچ لایەنێك نییە لەم بانگەشە خراپی خۆی باس بکات، هەندێ لەو حیزبانە بەڵێنی وا بە خەڵك دەدەن کە رەنگە توانای جێبەجێ کردنی هەر نەبێت، یان بەڵێنێك دەدەن بەڵام لەدوای دەرچوونو گەیشتن بەکورسی پارلەمانو حکومەت پاشگەز دەبنەوە.

هەندێ حیزبو لایەن رەنگە لەهەڵبژاردن دا هەوڵ بدات چەند دروشمێکی وا بەرز بکاتەوە کەحەماسەتی جەماوەر بەشێوەیەکی کاتی بجولێنێ. کەچی دوای دەرچوون لەبیری خۆی دەباتەوە، رەنگە بەپێچەوانەکەی کار بکات، بۆیە زۆر گرنگە جەماوەر لەو ئاستەدا بێت هەستێکی عاتیفی کاتی بەسەریدا زاڵ نەبێت هۆشیاری لەدەست بدات، لەدوایدا کارەسات بۆ خۆی بخولقێنێ، مەگەر هیتلەر لەئالمانیا بەهەڵبژاردن نەهاتە دەسەلات ئەویش بەبزواندنی عاتیفەی خەڵك بەچەندین دروشمی نەتەوەیی، کەچی بینیمان چ کارەساتێکی بەم گەلەو گەلانی تریش کرد چەندین ملیۆن مرۆڤ بوونە قۆچی قوربانی شەڕی نەگریس لەجەنگی جیهانی دووەم، ئەمە سەرەڕای زیانێکی یەکجار گەورەی ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتیو کلتوریو نەتەوەیی.

تاکو ئەمڕۆش لەزۆر شوێنی جیهان دا کەسانو لایەنێك دێنە سەر کورسی دەسەلات لەپارلەمانو حکومەت، رێك بەپێچەوانەی خواستو ویستی ئەم کەسانە کار دەکەن کەخۆیان دەنگیان پێداون، ئا لەم حاڵەتانەدا لەم نموونانەدا دەردەکەوێ ناهۆشیاری جەماوەر لەپرۆسەیەکی وەك هەڵبژاردن چ کارەساتێك دەخولقێنێ.

ـ زۆر گرنگە جەماوەر ئامانجی گشتی هەر حیزبێك بزانێ تابۆی روون بێت خەبات لەپێناوی چی دەكات، ئەگەر لایەنێك وەرگرین بانگەشەی ئەوە بكات كە هەوڵو تێكۆشانی لەپێناوی سەقامگیر كردنی ئاشتییە لەكوردستان، هەوڵی پیادەكردنو دەستەبەری ئازادیو دیموكراسیو عەدالەتی كۆمەلایەتی دەدات، هەوڵی هێنانەكایەی كۆمەڵێكی مەدەنیو چەسپاندنی یاسایە، دژی كۆنەپەرستیو شۆڤێنیزمو تیرۆرە، دژی داگیركردنو دەستدرێژییە، ئەمانە بەراورد بكە بەكردەوە.

ـ زۆر گرنگە بزانرێ ئەو لایەنە لەپێناوی وەدەستهێنانی فیدرالی لەچوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسین چی كردوە ئێستاش هەوڵو خەباتی لە چ ئاستێكدایە.

ـ گرنگە بزانرێ تێڕوانینی ئەو لایەنە بۆ هێنانە كایەی ژیانێكی دیموكراتیو مەدەنی چییەو چۆن دەڕوانێتە ئازادی مانگرتنو خۆپیشاندان؟

ـ زۆر گرنگە بزانرێ ئەو لایەنە لەچوارچێوەی بەرنامەی خۆیدا بۆ دابینكردنی مافی قەومەكانی دانیشتوانی كوردستان لەتوركمانو كلدانو ئاشوریو عەرەب، بەرگری كردن لەدابو نەریتو زمانیان چی داڕشتووە، لەكاری عەمەلی دا چی بۆ جێبەجێ كردوون.

ـ گرنگە بزانرێ ئەم لایەنە لەم هەلومەرجەدا بەرنامەی چی داڕشتووە بۆ چارەسەركردنی كێشە نەتەوایەتیو نیشتمانییەكانمان، بەرنامەی چی بەدەستەوەیە بۆ هەڵوەشانەوەی سیاسەتی بەعەرەبكردنی كوردو كوردستانو پاكتاوی نەژادی كە لەناوچەكانی كەركوكو خانەقینو

مەنـدەلی‌و جەلـەولا و بـەدرەو زرباتیـەو دوز، داقـوق، مـەخمور، دەشـتی هەولێر، شەنگار، شێخان، زمارو ناوچەکانی تر بوونی هەیـە بـەکردەوە چ هەوڵو خەباتێکی بۆ کردووە.

ــ گرنگـە بزانـرێ بەرنامـەی ئـەم لایەنـە بـۆ گەشـەپێدانی کـشتوکاڵ چییەو بەکردەوەش تا چەند کاری بۆ کردووە یان دەیکـات لەبـەکارهێنانی رێوشـوێنی هاوچـەرخ، لەپەرەپێـدانی رەزو بـاخ‌و تـوتن‌و دابـین کردنـی ئاسایش خۆراك، هەروەها لەگەشەپێدانی سامانی ئاژەڵی‌و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی‌و زار.

ــ گرنگـە بزانـرێ بەرنامـەی ئـەم لایەنـە بـۆ گەشـەپێدانی بازرگـانی‌و هۆکارەکـانی گواسـتنەوەو گەیانـدن‌و گەشـەپێدانی گەشـت‌و گـوزارو بوژانەوەی جەنگەڵ‌و پاراستنی ژینگە چی‌یە، چەندیش هەوڵی داوە بۆ جـێ بەجـێ کردنی.

ــ گرنگـە بزانـری خـەباتی ئـەم لایەنـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەی خانوبەرە بۆ هاوولاتیـان، بـۆ دابینکردنـی پێداویـستی نـەخۆش‌و بنکـەی تەندرووستی‌و داودەرمان‌و، بۆ پەیداکردنی دەرفەتی کار، بۆ دابینکردنـی خوێنـدن بـەخۆرایی، بـۆ هێنانەکایـەی سیـستەمێکی پـەروەردەی گونجـاو لەگەڵ پێشکەوتنی جیهـان، بـۆ یەکـسانی ژن‌و پیـاو لەهـەموو مـافێکی یاسـایی‌دا بــۆ ئــازادی پێکــەوەنانی خێــزان، بــۆ چەسـپاندنی یاسـای پێــشکەوتوو لــەباری کەسـێتی بۆپاراسـتنی مـافی ژن بـۆ چـاودێری‌و یارمەتیدانی ژنی دووگیان، بۆ دروستکردنی دایەنگەو باخـچەی سـاوایان لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان، بـۆ یارمـەتی دانـی جـەماوەر لـەرووی

سلفەی عەقارو یارمەتی دانی لاوان بۆ پێکەوەنانی خێزان، یارمەتیدانی کاسبکاران‌و یارمەتی دانی وەرزشەوانان، کردنەوەی شوێنی تایبەت بۆ بەهرەدارکردنی لاوان، بۆ گەشەپێدانی روناکبیری‌و یارمەتیدانی هونەرمەندو ئەدەبیان...

ـ گرنگە بزانرێ ئەو لایەنە لەبەرنامەی خۆیدا چی کردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی دێهاتەکانی کوردستان چ پلانێکی نوێی بەدەستەوەیە بۆ نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان دابینکردنی پێداویستییەکانی خزمەتگوزاری، لەشارو لەلادێ.

ـ گرنگە بزانرێ ئەو لایەنە تا چەند ئەو بەرنامەی خۆی جێ بەجێ کردووە بۆ یارمەتی دانی خێزان‌و منداڵ‌و کەس‌و کاری شەهیدە سەربەرزەکان تا ژیانێکی شیاویان هەبێت، هەروەها بۆ یارمەتیدانی پاشماوەی ئەنفالەکان‌و کوردە فەیلییە دەربەدەرەکان، بۆکەمئەندامانی کوردستان بۆ ئاوارەو لێقەوماوان.

ـ گرنگە بزانرێ ئەو لایەنە تا چەند هەوڵی داوە پەرە بەخوێندن بدات‌و کۆلیژو زانکۆ بکاتەوە بۆ پێگەیاندنی لاوانی گەلەکەمان تابتوانن رۆڵی کاریگەرانە لەئێستاو ئایندە بگێرن.

ـ گرنگە بزانرێ ئەو لایەنە چ هەوڵێکی داوە بۆ ئەوەی ئەمن‌و ئاسایشی دابین بکات، سەروماڵی هاووڵاتیان پارێزراوبێت لەدزو جەردەو پیاوخراپ‌و تیرۆریستان.

هەموو ئەو مەسەلانەو گەلێ مەسەلەی تریش گرنگن بۆ هەر کەسێکی هۆشیار کەبیەوێ لایەنێك هەڵسەنگێنێ، مەبەستی بێت ئەو

دەنگەی کە لەپرۆسەی هەڵبژادن هەیەتی بەفیڕۆی نەدات بۆ خزمەتی گەلو نیشتیمان بەکاری بهێنێو دەسەڵات بداتە دەستی ئەوانە کەشایەنی ئەوەنو جێگەی متمانەن بۆ خزمەتی تاكو کۆلەوێوە ئایندەیەکی گەش زامن بکات لەعیراقو کوردستاندا.

## هەڵبژاردنو هۆشیاری گەلی کوردستان لەبەردەم مەسەلە چارەنووسازەکاندا

ئاشکرایە لەساڵی ١٩٢٠ کاتێ پەیمانی سیڤەر مۆرکرا گەلی کوردو گەلی ئەرمەن لەچاوەڕوانی ئەوەدابوون لەئایندەیەکی زۆر نزیك دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێکەوە بنێن، بەڵام کلك لێگرێدانی داگیرکەران بۆپاراستنی بەرژەوەندیەکانیان وای کرد پشت لەمافی رەوا بکەن بەخەنجەری ژەهراوی شومی لۆزان لەساڵی ١٩٢٣ ئەو خەونانە بکوژن. پەیمانی سیڤەر لەسێ بەندی (٦٢، ٦٣، ٦٤)دا مەسەلەی سەربەخۆی کوردستانو ملکەچ پێکردنی تورکیا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سەربەخۆیە بەسەرپەرشتی لیژنەیەکی سێ کەسی لەلایەن حکومەتەکانی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا دانرابوون. ئەگەر لەماوەی ساڵێکدا لەبەکارپێکردنی ئەم پەیمانەوە گەلی کورد توانی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەراستیو دروستی ئەوە ئاگادار بکاتەوە کەخەڵکی کوردستان ئارەزوی جیابوونەوەیان لەتورکیادا هەیە. بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێك بتوانێ نارەزایی هەبێت، بەڵام سەرکەوتنەکانی تورك بەرامبەر بەیۆنانیەکانو دژایەتی راستەوخۆی مستەفا کەمال ئەتاتورك لەسەربەخۆی کوردستانو دۆزینەوەی نەوت

لەکەرکوك کەروی بەریتانیەکانی بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکان گۆڕی بەڵکو پێچەوانەی کردەوە، ئەگەر چی پەیمانی سیڤەر دانپیانانێکی نێودەوڵەتی بەبزووتنەوەی کوردایەتی دا، بەڵام بێ ویژدانانەش لەچاڵ نرا.

کاتێ کۆمەڵەی گەلانیش لەساڵی ١٩٢٥ پێشنیازی بەستنەوەی باشوری کوردستانی کرد بەدەوڵەتی تازە دروستکراوی عیراق ئیتر ئەو بەشەی کوردستان بەڕەسمی پێ‌ی بەسترایەوە، دەوڵەتێك دروست بوو کە هیچ بنەمایەکی ئارەزوومەندانەی هەردوو گەلی کوردو عەرەبی تیا نەبوو. لەو ساوە تا ئەمرۆ کورد بەدوای دەستنیشانکردنی ئایندەیەکی سیاسی بەخۆیەوە دەگەڕێ بۆ ئەوەی بگات بە بەشێك لەمافەکانی. بەداخەوە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق لەجیاتی چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە تا هاتوون کوردیان زیاتر بێبەشکردووە بەڵکو تا هاتووە سیاسەتی بەعەرەب کردنی کوردستانیشیان خستۆتە سەرو کوردیان لەشوێنی زێدی باوكو باپیرانیان دەرکردووە، ئەم بارە تەواوی گەلی کوردستان والێ کردووە لەبەردەم ئەم کردەوە دزێوانە هەلوێست وەرگرن بکەونە دژایەتی کردنی ئەم سیاسەتە نەگریسە. کە لەسەردەمی بەعسییە گۆر بەگۆرەکان گەیشتە ئەو پەڕی بەشێکی زۆر لەکوردستان سیاسەتی بەعەرەب کردن گرتیەوە، بەتایبەتی لەکەرکوكو خانەقینو مەندەلیو شەنگارو ناوچەکانی دەشتی هەلێرو مەخمورو دەوروبەری موسڵو کوتو گەلێ شوێنی تریش.

لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق لەساڵی ٢٠٠٣ بارێکی لەبار رێك کەوت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیاسەتە بەداخەوە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نەیانتوانی یەك هەڵوێستی خۆیان لەرۆژەکانی پڕگەرمی

ئازادکردنی  ئەم شوێنانە بنوێنن خەمساردی نەکەن، هێندەی کێشەی نێوان خۆیان خستە ناو ئەو مەسەلە چارە نووسسازە، هێندەی پەرۆشی حزبایەتی تەسك بوون، هێندەی بەتەنگ زۆر کردنی ژمارەی ئەندامو دۆستو لایەنگری خۆیان بوون، هێندە بەتەنگ یەکلا کردنەوەی ئەو سیاسەتە نەگریسەی بەعەرەب کردنەوە نەبوون، ئەگەرچی لەهەندێ شوێن سەرکەوتوانە ئەو کارە جی بەجێ کرا بەتایبەتی لەخانەقین تارادەیەکی زۆر لەرۆژەکانی یەکەمی ئازادکردندا ئەم مەسەلەیە بەهێند هەڵگیراو سەرکەوتنی باشیشی بەدەست هێنا، ئەگەر لەکەرکوکیش بەهەمان یەکرەنگی کاری بۆ بکرابوایە، هەرگیز ئەو واقیعە نەدەهاتە پێش کەئەمرۆ لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا عەرەبی هاوردە نوێنەری هەبێ‌و داکۆکی لەوە بکات کەئەو مافەی کە بەزۆرو زۆرداری، بەپشتیوانی بەعس لەخەڵکی کەرکوکی ستاندووە لەکوردو تورکمان بیکاتە مافێکی شەرعی خۆی، خاوەن مافی لێ بێبەش بکات، لەهەوڵی ئەوەشدا بێت ماددەی (٥٨) لەقانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق (قۆناغی گواستنەوە) پوچەڵ بکاتەوە کەداوا دەکات هاوردەکان بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی کەلێ‌ی هاتوون دەرکراوەکانیش بگەڕێنەوە زێدی باوكو باپیرانیان کەلێ‌ی دەرکراون، ئەمە مەسەلەیەکی خەتەرناکە کەدەبێ گەلی کوردستانو هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەهیچ جۆرێ لەو مافەرەوایە نەرمی نەنوێنن، چونکە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین ئەو مافەمان بۆ بسەلێنن بەویژدانو پێوانەی مرۆڤدۆستانە ئەو مافەمان بۆ بگێرنەوە، ئەوان ئامادەی ئەوە نەبن بەپێ‌ی ماددەیەکی قانونی ئەو

کارەبکەن، کە لەسەر بنەمایەکی راستو دروست بەدۆکیۆمێنتو بەڵگەی جوگرافیو مێژوویی لەبەردەم ئەنجومەنی حوکم لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال مورافەعە کرا سەرچاوەی گرتووە ئەوە هەرگیز چاوەڕوانی پێوانەی ویژدانو مرۆڤدۆستانە مەکەن.

بەدووریش نازانرێ ئەو مەسەلە گرنگانەی تریش کە لەقانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە(قۆناغی گواستنەوە) بەدەست هاتووە لێی پەشیمان ببنەوە خەونی عێراقێکی دیموکراتیو فیدراڵیو پەرلەمانو فرە حزبی لەچاڵ بنرێ، ئەمجارەیان لەدەستوری هەمیشەیدا سیاسەتی بەعەرەبکردن، بچەسپێنن، ئەمجارەیان لەدەستوردا کورد بکەنە خاوەن فیدراڵیەتێکی بێ ناوەڕۆك، ئەمجارەیان لەدەستوردا خەنجەر لەکلتوری کورد بدەن، سامانی گەلەکەمان بدزن، کە هەتا ئێستا تەنیا ١٠٪ داهاتیان پێ رەوا بینیووین! قسە لەسەر ئەوە هەیە بکرێت بە ١٧٪ سەد خۆزگە بەبڕیاری ٩٨٦ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کەبڕی ١٣٪ ی دانابوو بۆ سێ شاری کوردستان لەکاتێکدا کە دەبوایە ٢٥٪ کەمتر نەبێت، جگە لەوەش حیسابی تایبەت بۆ کاولکاری کوردستان بکرێ، ئەمجارەیان ترسی ئەوە هەیە لەشکری داگیرکەرمان بەدیاری بۆ بنێرنەوە کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەداکۆکیکەری راستەقینەی خواستەکانمانن بکەنە میلیشاو چەکی بکەن، بەچاوی تیرۆریستەکانی ناو فەلوجەو رومادیو موسڵو بەغداو بەعقوبە تێی بڕوانن، بەدوور نازانرێ هەوڵی ئەوەبدەن بەناوی ئەوەی نابێ دوو حکومەت یان زیاتر هەبێت دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لەناو دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا بتوێننەوە، بەدوور نازانرێ بەناوی دەنگی زۆرینەو دەنگی کەمینە مەسەلەی تەوافق نەگرنە بەرچاو وای تێبگەن دەنگی زۆرینە دەتوانێ هەموو شتێك بۆ خۆی حەڵاڵ بکات هیچ بایەخێك بۆ نەتەوەو مەزهەبو تائیفەو حیزبو لایەنەکانی تر دانەنێ، بەدوور نازانرێ سبەی بەناوی ئەوەی دەبێ عیراق هەر یەك ئاڵای بۆ هەڵبکرێ بیانەوێ سەر بەئاڵای شەکاوەی کوردستان نەوی بکەن، بەناوی یەك لەشکری یەکگرتووی عیراق، هیچ بایەخ بۆ پێشمەرگە نەهێڵنەوە، بەناوی بوونی دەستوری مەرکەزی (فیدرالی)، دەستوری هەرێمی کوردستان کرچو کاڵ بکەن، بەناوی ئەوەی کاروباری دەرەوە لەدەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیە، لەبچوکترین ئیشو کارەکانی کاروباری دەرەوە بێبەشمان بکەن، ئەگەر رێکەوتنێکیش ئیمزا بکەن بەزیانی کوردیش بێت دەبێ بێدەنگ بین، بەدوور نازانرێ کۆنە دەهۆڵی سەرجەمی عیراق بەشێکە لەنیشتمانی عەرەب لێ بدەنەوە، بەدوور نازانرێ بەناوی ئەوەی زمانی عەرەبی زمانی زووربەیە زمانی کوردی فەرامۆش بکرێت لەهەموو دائیرە رەسمیەکان بەکار نەیەت لەسەر رەگەزنامەو ناسنامەو پارەو پول حیسابی بۆنەکرێ هەروەکو ئێستا فەرامۆشی مادەی نۆیەمی قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیان کردووە تەنانەت (الوقائع العراقیە)ش بەزمانی کوردی نییە چ جای پولو پارەو پەساپۆرتو شتی تربەداخەوە فەرامۆشکردنی ئەم ماددەی (٩)و پێشێلکردنی لەقانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق مەسەلەیەکی خەتەرناکە بۆ ئایندەی گەلەکەمان کەدەڵێ:

**ماددەی نۆیەم:**

زمانی عەرەبی‌و زمانی کوردی دوو زمانی رەسمی عیراقن، مافی عیراقییەکانیشە کەرۆڵەکانیان لەدەزگا فێرکارییەکانی حکومەتدا بەپێی پرنسیپە پەروەردەییەکان، بەزمانی دایك وەك تورکمانی‌و سریانی یان ئەرمەنی بخوێنن، یان بەهەر زمانێکی تر لەدامەزراوە فێرکارییە تایبەتییەکاندا. مەودای دەستەواژەی (زمانی رەسمی)و چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ئەم بڕگانە بەقانونێك دیاری ئەکرێت‌و بریتی ئەبێت لە:

١-دەرکردنی رۆژنامەی رەسمی (الوقائع العراقیە) بەهەردوو زمان.

٢- قسەکردن‌و یەکتر دواندن‌و دەربڕین لەبوارە رەسمیەکان وەك ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی وەزیران، دادگاکان‌و کۆنگرە رەسمیەکان بەهەر کام لەو دوو زمانە.

٣- دانان بەو بەڵگەنامە رەسمی‌و نامانەی بەو دوو زمانە نوسراب‌و دەرکردنی بەڵگەنامە رەسمییەکان بەهەردوو زمان.

٤- کردنەوەی خوێندنگە بەهەردوو زمانەکە بەپێی بنەما پەروەردەییەکان.

٥- هەر بوارێکی تری پێویستیی بنەمای یەکسانیی وەك پارە، پاسپۆرت‌و پول.

٦- دەزگاو دامەزراوە فیدرالییەکان لەهەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکار ئەهێنن.

بەدوور نازانرێ ئەوپەڕی ناعەدالەتی لەدابەشکردنی سامانی سروشتی لەکوردستان لەگەڵ بەشەکانی تری عیراق بگێڕێتە بەر. بەکورتی ئەوەی لەسەردەمی بەعسی پێمان کراوە ئەوان ئەمجارەیان لەژێر سایەی دەستورو قانون تەواوی بکەن.

ئالێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چەند گرنگە گەلی کورد بەهۆشیاریەوە بەرەو پیری هەڵبژاردنەوە بچێ ئەو مەترسیانەی کە لەرێگامانە بەووردیو هەستیاریەوە لەبەرچاوی بێت، گرنگە حیزبە سیاسیەکانی کوردستانیش رۆلی کاریگەری خۆیان ببینن لەهۆشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ ئەوەی باشتر هەست بەو مەترسیانە بکەن، هەوڵبدرێ کێشە سیاسیو حیزبیەکان کەبەسروشتی خۆی لەکاتی هەڵبژاردن، بەهۆی پڕوپاگەندەکردنی هەر حزبێك بۆ خۆی رکابەری دەبێ بەلام نابێ رکابەری هەڵبژاردن وامان لێ بکات زۆر مەسەلەی گرنگو چارەنووساز هەن لەبیر خۆمانی بەرینەوە، مافی هەر حزبێکە بانگەشە بۆ خۆی بکات، ئەگەر دەستکەوتی بۆ جەماوەر هەبووبێ باسی لێوە بکات، بەرنامەی خۆی بۆ هەڵبژاردن بخاتە روو، بەلام دەبێ قەوارەی خۆمان وەك گەلی کوردستان هەر لەبەر چاوبێت کەچەند کێشەی گەورەمان لەبەردەمدایە، واتە دەبێ بەپێوانەی یەکێتیو ململانێ کارەکانمان بکەین، بانگەشە بۆ هەڵبژاردن بکەین، ئەم یەکێتیو ململانێیە زۆر گرنگە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردندا بەهۆشیارییەوە لەم قۆناغە ناسکەدا کەهێشتا دەستکەوتەکانمان پێنەگەیشتوون هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن.

خۆشبەختانە پێکەوەنانی لیستێکی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەتیش هەردوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق‌و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی لەئێستاوە بۆئێمەی کورد تۆمار کردووە، گەلێ کێشەی هەنوکەیی بۆ چارەسەرکردووین مەترسی شەڕی ناوخۆ دوورخرایەوە، هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان‌و دامەزراندنی یەك حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ زامن کردووین، ڕێگەی تەخت کردووە بۆئەوەی لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقیشدا بەقورساییەکی گەورەتر لەمافە نەتەوەیی‌و ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و کلتوری‌یەکانی خۆمان وەدەنگ بێین، لەدەستوری هەمیشەیدا بەشێوەی تەوافوق بیچەسپێنین، بواری باشتریش وەدەستبخەین بۆ لەڕەگوریشە هەڵتەکاندنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی لەتەواوی ئەو شوێنانەی کوردستان کەتەعریبکراون. فیدرالیەتێکی راستەقینەش وەدەست بخەین. کە لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان دامەزرابێ.

بۆ هەر کەسێك لەکوردستاندا گرنگە کاتێك دەچێتە بەردەم سندوقی دەنگدان مەسەلەکان لەیەکتر جیا بکاتەوە، کاتێ دەنگ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق دەدات دەبێ بزانێ نوێنەرێك هەڵدەبژێرێ بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانی گەلی کوردستان لەنێو پارلەمان‌وحکومەتی فیدراڵی عیراق زۆر گرنگە بزانێ کێن ئەو کەس‌و لایەنانەی دەتوانن‌و جێگەی ئەوەن ئەو متمانەیان پێ بدرێ، ئاستی توانا‌و شارەزای‌و هەلوێستیان هی ئەوەیە لەئەنجومەنێکی (٢٧٥)

کەسیدا، لەعیراقێکی پڕ لەکێشەی سیاسی دا داکۆکی لەتەواوی مافی گەلەکەمان بکەن لەداڕشتنی دەستوردا بیچەسپێنێ.

کاتێ دەنگیش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەدات گرنگە بزانێ ئەو کەسە کێیە یاسەر بە چ لیستێکی حیزبێکی سیاسیەوەیە، ئایا ئەو کەسە یائەو لیستەیە هی ئەوەیە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بپارێزێ پارلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێبدرێ تا ببێت بەخزمەت گوزاری خەڵکی کوردستان یادەستورو قانونێك داڕێژێ کەمافی گەلەکەمانی تیا پارێزراوبێت، کاتێکیش دەنگ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا دەدرێ بەهەمان شێوە دەبێ دەستکەوتی خەڵکی شارەکە لەو کەسانو حزبانەدا بەووردی بزانرێ. رۆڵیان لەبەرێوەبردنو ئاوەدانکردنەوەو چیمەنتۆو قیرتاوکردنی کۆڵانو شەقامەکانی شار، رۆڵیان لەدروستکردنی شوێنی حەوانەوەو گەشتو گوزارو جوانکردنی شارو کۆمەڵێ‌کاری تر کەپەیوەندی بەکاری ئەوانەوە هەیە.

هۆشیاریی خەڵکی کوردستان لەبەردەم پرۆسەیەکی وا گرنگ، لەبەردەم یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی عیراقو، لەبەردەم دووەم ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگادایە هەر ئەو هۆشیاریەش بڕیار لەسەر ئایندەی میللەتەکەمان دەدات. بەهەڵبژاردنی نوێنەری شارەزاو بەتوانا لێهاتوو دڵسۆزو خاوەن هەڵوێست ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانمان دەبێت بەپێچەوانەش بەناهۆشیاری چوونە ناو سێ پرۆسەی وا گرنگ زیان

لەخۆمان و گەلەکەمان و نیشتیمانەکەمان دەدات، بۆیە دەبێ هەموومان لەبەردەم هەڵبژاردندا لەئاستی ئەوەدابین هەست بەو مەسئولیەتە بکەین کە کەوتۆتە سەرشانی هەر دەنگدەرێك، دەبێ لەم پرۆسە دیموکراسیە تەواوی بەرژەوەندییە گشتیو تایبەتییەکان بەرژەوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و کلتورییەکان لەبەرچاومان بێت ئەوسا دوا بڕیاری خۆمان بدەین، دەستنیشانی ئەو کەس و لایەنانە بکەین کەمتمانەمان پێ هەیە، دەسەڵات بگرنە دەست بۆ ئەوماوەیەی کە بەپێی قانون دیاریکراوە.

لەکوردستاندا دەبێ هەموو کەسێك کەمەرجی دەنگدانی تیا هەیە، مافی بەشداری کردنی هەیە، ئەو مافەی خۆی کەمافێکی شەخسی خۆیەتی بەبێ ئەوەی رێگرێك هەبێت لەدەنگدانی، بەبێ ئەوەی جیاوازی یەك هەبێت لەدەنگدان، بەبێ ئەوەی کەسێك ناچاری بکات بەزۆر دەنگی پێ بدات، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی تێی بڕوانێ بەفیڕۆی نەدا بەشداری تیابکات، بەڕاستی زۆر گرنگە ئەو مافەی کەبەیاسا بۆ دەنگدەر سەلماوە، وەك ئەرك تەماشای بکات بۆ پاراستنی خواست و ویست و ئایندەی گەلەکەمان. دیارە ئەمەش تا رادەیەکی زۆر پابەندە بەهۆشیاری کەسەکەو زانینی مانای پرۆسەی هەڵبژاردن لەسیستەمێکی دیموکراسیدا بەتێگەیشتن لەو راستیەی کەدەنگدەر بڕیار لەسەر ئایندەی خۆی دەدات، لەم ئەزمونە دیموکراسیەی عیراق و کوردستان بەهۆی ئەوەی لەکوردستان سێ پرۆسەی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکرێ کەچی لەناوچەکانی تری عیراقدا دووهەڵبژاردنە کاتەکەشی لەکاتێکی ناخۆشی زستاندایە،

ئەو لایەنانەی کەخۆیان کاندید کردووە لەئەنجومەنی نیشتمانی عـیراق زۆر زیاترن لە٢٠٠لایەن بۆ(٢٧٥) کورسی پارلەمان کەئەمەش جیاکردنـەوەی ئەم هەموو لایەنـەی قـورس کـردووە بۆدەنگـدەر گەلـێ کێشەی لابـەلای تریش دێتە پێشەوە، بەڵام دەبێ دەنگدەری کـورد لەسەرتاسـەری عیراقـدا هۆشیارو ئامادە بێـت ئـەم ئەزیەتـە وەك ئـەرکێکی نیـشتمانیو نەتـەوەی بخاتە سەرشانی خۆیو جێبەجێی بکات. هەوڵ بدات بەووردی ئـارمی ئـەو لایەنـە بزانـێ کەدەیـەوێ دەنگـی پـێ بـدات. دیـارە (لیـستی هاوبەشـی کوردستانی) سەرەکیترین لیستە لەململانێی هەڵبژاردن لەکوردسـتان دا لەعیراقیش بەرامبەر بەلیستێکی شیعەکان بـەناوی (هاوپـەیمانی عیراقـی یـەکگرتوو) کەسـەرەکیترین لیـستەو (٢٠) رێکخـراوی شـیعەی تیایـە لەلایەن خـودی گـەورە مەرجـەعی شیعەکان ئایـەتوڵڵا عـەلی سیـستانی پشتگیری لـێ کراوە دەکەوێتە ململانێی وەدەستهێنانی کورسی.

زۆر گرنگە تەواوی رێکخستنەکانی حیزبـە کوردسـتانیەکانو گۆڤـارو رۆژنامـــەو رادیـــۆو تەلەفزیۆنـــەکانمان لـــەماوەی هەڵمـــەتی پڕوپاگەنـــدەی هەڵبژاردن کە لە ١٥/١٢/٢٠٠٤دەست پێ دەکاتو لـە ٢٨/١/٢٠٠٥ کۆتایی پێ دێت کەدەکاتە دووڕۆژ پێش هەڵبـژاردن(لـە ٣٠/١/٢٠٠٥) لەم ماوەیە رۆڵی بەرچـاو ببیـنن لەگەیانـدنی ئـەم پەیامـە چارەنوسـسازە، بۆئەوەی یەك کەسی کـورد کەتەمـەنی لـە ١٨ سـاڵ بەسـەرەوەیە نـەمێنێ بەشداری نەکات، دەبێ هـەوڵ بـدەین هـەموو ئـەو دەنگانـەی کەدەیانـەوێ میللەتەکـەمان سـارد بکەنـەوە لەدەنگـدان بـۆ هەڵبـژاردنی پارلـەمانی کوردستانو عیراقو ئەنجومەنی پارێزگـا بەتایبـەتی لایەنـە تیرۆریـستەکان

کەزۆر هەوڵ دەدەن فشار بخەنە سەر هاوولاتی، مەترسیو دڵەڕاوکێ بەهەڕەشەی تیرۆرو تۆقاندن بخەنە دڵیان، مەبەستیان ئەوەیە دەنگی کورد کەم بکەنەوە، ڕێژەی کورد لەکوردستانو عیراق بەکەمی پیشان بدەن، بۆیە دەبێ بەهۆشیارییەوە ئەو دەنگانە کپ بکرێن، ئەویش هەربەوە دەبێت بایەخی ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە لەسەر ئایندەی کوردستان بەووردتر روون بکرێتەوە، دەبێ هەمووومان ئەو راستیەمان لا روون بێت کەدەسەڵاتی شەرعی لەسیستەمێکی دیموکراسیدا تەنیا بەئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری دێتە کایەوە. ئەنجامی باشیش لەم پرۆسە دیموکراسیەدا بەپلەی یەکەم وەستاوەتە سەر ئاستی بەشداریو هۆشیاری دەنگدەر لەکاندید کردنی کەسو لایەنی نیشتمانیو نەتەوەییو دیموکراتتیەکان کەشیاوی ئەوە بن شان بدەنە بەر ئەو ئەرکە پیرۆزەی عیراقێکی دیموکراتیو فیدراڵیو فرە حیزبی لەدەستوری هەمیشەیی ئایندەدا بچەسپێنن.

خەڵکانی هۆشیار بەووردی ئەو کەسو لایەنانەی دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، مەودا ستراتیژییەکانیانو هەڵوێستیان بەئایندەی گەلەکەمان بەهێند هەڵدەگرێ ئەگەر لەسەر ئاستی عیراق بێت بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی عیراق یان لەسەر ئاستی کوردستان بێت بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی کوردستان یان لەسەر ئاستی پارێزگا بێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا، لەهەموویان گرنگتر زانینی بیروبۆچوونی ئەو لایەنانەیە کە لەسەر ئاستی عیراقدا خۆیان کاندید دەکەن بۆهێنانە کایەی پارلەمانی ئایندەی عیراق. دیارە لیستەکان لەسەر

بنەمای نەتەوەیی یان ئاینی یان ئایدیۆلۆژی، هەندێکیان لەسەر بنەمای مەزهەبی ئایینی ئیسلام بنیاتنراون هەندێکیان لەسەر بنەمای عەشیرەتو خێل، هەندێکیان توندڕەوی ئیسلامی شیعەن، هەندێکیان توندڕەوی ئیسلامی سوننەن ئەگەر چی بەشێوەیەکی گشتی توندڕەوەکان تا ئێستا مەیلیان بەلای بەشداری نەکردنە، بەلاّم دەبێ گەلی کوردستان سازو ئامادە بێت پاڵپشتی ئەو هێزانە بێت کە لەهەولّی ئەوەدان حکومەتێکی دیموکراتیو فیدراڵیو فرە حزبی لەعیراقی ئایندەدا بچەسپێ. ئەویش هەربەوە دەبێت سەنگەری لایەنە دیموکراسی یەکان لەبەرامبەر دژە دیموکراسیەکان بەهێز بکرێت لەپروپاگەندە بۆیان درێخی نەکەین، سەرنجی گەلانی عیراق بۆئەوە راکێشین ئەگەر دیموکراسیەت لەعیراقدا شکست بخوات چ کارەساتێك چاوەڕوانیەتی. چ دەستێوەردانێك لەکاروباری ناوخۆی عیراق لەلایەن ولاّتانی ئیقلیمو جیهانیش دروست دەبێ چەند قاتی ئێستا زیاد دەکات، تەواوی کێشەکانی خۆیان لەسەر سامانی عیراقیەکان، لەسەر خوێنیو ماندووبوونی عیراقیەکان، لەسەر کاولکاری عیراقیەکان یەکلادەکەنەوە، بەهەر نرخێك بێت دەیانەوێ ئەم ئەزموونە نوێیە لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاست خۆی نەچەسپێنێ، چونکە دلّنیان ئایندەی دیکتاتۆری ئەوان دەخاتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون.

لەکوردستانیشدا کە دوانزە سا ڵ لەمەوبەر ئەزمونێکی هەڵبژاردنمان هەیە، دیارە ئەم ئەزموونە هەر لەسەرەتاوە خەوشی زۆری هەبووە، بەلاّم چاوپۆشی لەکەموکوڕییەکانی کرا لەسەر ئەو راستیەی کەگەلەکەمان ئەوسا لەناو واقیعێکی سیاسیو ئابوریو ئیداری خەتەرناك بوو، کارێکی

پێویست بوو هەر زوو حکوومەتێکی ئەمری واقیعمان هەبێت. لەسەر ئەو بنەمایەی بێشکچی گووتەنی: خراپترین ئیدارەی کورد چاکترە لەباشترین ئیدارەی بێگانە، بەڵام دەبێ ئەمجارەیان هەوڵ بدرێ تەواوی کەموکورییەکانی بڕدرێ. گرنگە هەر لەسەرەتاوە پارلەمان مەسەلەی تەحریمو تەجریمی شەڕی ناوخۆ بکات، هەروەها تەحریمو تەجریمی دوولەتکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك جارێکی تر زات نەکات بیریشی لێ بکاتەوە بەڕێزان مام جەلالو کاك مەسعود خۆیان دوورە پەرێز نەگرن لەهاتنە ناو پارلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها پارلەمان رۆڵی خۆی دیار بکات لەچاودێری کردنی دارایی‌و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی حکومەت بەشەفافیەتەوە بەجەماوەری بگەیەنێ، هەروەها رێژەی ٧٪ بەمەبەستی بەشداربوونی هەرلایەنێك دابەزێنی بۆ ١٪، هەڵبژاردنی پارلەمان لە ٣ـ ٤ساڵ دووبارە ببێتەوە نەك وەك ئەمجارە زیاتر لە١٢ساڵ بخایەنێ، جگە لەوەش چیتر ئەندامی پارلەمان نەخرێتە بەردەم لێپرسینەوە لەبەرامبەر هەڵوێستێك کەرەنگە حیزبەکەی پێ ناخۆش بێت، چونکە ئەوان لەپارلەمان نوێنەری گەلن نەك نوێنەری حیزبێکی دیاریکراو، رەنگە هەندێ بڕیار بەقازانجی گەلەکەمان بێت بەڵام بەزیانی حیزبێکی دیاریکراو بێت، هەروەها ئەندامانی پارلەمان لەسەر بنەمای توانا و شارەزایی‌و دڵسۆزی دابنرێن، رێژەی زۆر لەپارلەمان بۆ دەرچوانی کۆلیژی قانوون تەرخان بکرێت، چونکە ئەوان کاری سەرەکیان دارشتنی

دەستورو قانوونە بۆئەوەی کەسێك نەتوانێ فێڵی قانونیمان لێ بکات هەروەها ڕێژەی ژنان لەپارلەمان زیاد بکرێت.

ماوەتەوە بڵێین کورد لەبەشداری کردنی کاریگەرانەی هەڵبژاردندا کۆمەڵێ شتی گرنگی دەست دەکەوێ:

١-ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەسەر ئاستی عیراقدا باشتر دەردەکەوێ.

٢-دەتوانێ لەداڕشتنی دەستوری هەمیشەی بڕیاری سیاسی عیراقدا ڕۆڵی بەرچاو ببینێ‌و بەرژەوەندی گەلەکەمان پارێزراو بکات.

٣-نوێنەری تەواوی خۆی لەپارلەمانی عیراقدا وەدەست دەخات.

٤-لایەنە بەهێزەکانی عیراق بەتایبەتی شیعە لەم هەڵوێستەیان پێ باشە کە بەشداربین.

٥-گورزێکی جەرگبڕ لەتیرۆریستان‌و شۆڤێنییەکان‌و پاشماوەکانی بەعس دەدات.

٦-نوێکردنەوەی هاوپەیمانی خۆی لەگەل لایەنە دیموکراسیەکانی عیراق‌و جیهان رادەگەیەنێ.

٧- نوێکردنەوەی هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکاو بەریتانیا رادەگەیەنێ کەمەبەستیانە ئەزموونی عیراقێکی دیموکراتی فیدرالی فرە حزبی سەرکەوێ.

٨-ڕووی گەلەکەمان لەجیهان دا جوانتر دەردەکەوێ لەوەی چەندە پەرۆشی مومارەسەی دیموکراسین.

**٩- ئەو راستییە دووپاتدەکەینەوە کە گەلی کورد بەتەواوی ئامادەی جێبەجێ کردنی تەواوی برگەو ماددەکانە لەقانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق (قۆناغی گواستنەوە).**

**١٠- لەکوردستانیش پێویستی زۆرمان بەوە هەیە پارلەمانی پیرو پەککەوتەو بێدەسەلاتی خۆمان نوێ بکەینەوە، کۆتایی بەدوو حکومەتی خۆمان بهێنین، ئەنجومەنی پارێزگاش بۆ خۆمان هەڵبژێرین.**

**بەشدار نەکردنیشی رێك ئەنجامی پێچەوانە دەدات:-**

**١- پاڵپشتێکی ناڕاستەوخۆی هێزە کۆنەپەرستو دژە دیموکراسیەکانو تیرۆریستەکانە.**

**٢- ناتوانری بچووکترین رۆڵی کاریگەرانە لەداڕشتنی دەستورو بڕیاری سیاسی بەقازانجی گەلەکەمان بێتە دی.**

**٣- دژایەتی کردنی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکاو بەریتانیاو سەرجەم دیموکراسیخوازانە کەمەبەستیانە دیموکراسی لەعیراق بچەسپێ.**

**٤- شیعە بەدژایەتی خۆی دەزانێ چونکە ئەوان لەگەڵ هەڵبژاردندان لەکاتی خۆی.**

**٥- رووی گەلەکەشمان ناشیرین دەبێ بەوەی دژ بەمومارەسەی دیموکراسیە.**

**٦- پاڵپشتی نێودەوڵەتی لەکێشەی رەوای گەلەکەمان زیانێکی گەورەی لێ دەکەوێ.**

**٧- پێشێلی ماددەی (٢)ە لەقانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق (قۆناغی گواستنەوە).**

**٨- ناتوانین پارلەمانو حکومەتی خۆشمان نوێ بکەینەوە.**

هەموو ئەو راستیانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە دەبێ بەهۆشیاریو بەشێوەیەکی جیدی بەشداری هەڵبژاردن بکەین. پێم وایە دوانەخستنی ئەم پرۆسەیە زۆر لەقازانجمانە گرنگ ئەوەیە نەهێڵین دەنگی هیچ خەڵکێکی کوردستان بەفیڕۆ بچێت بەقازانجی گەلەکەمان نەبێت، نەهێڵین دەنگی هیچ عیراقیەك بەفیڕۆ بچێت بەوەی دەنگەکەی بخاتە پاڵپشتی لایەنە دژە دیموکراسیەکان، نەهێڵین هیچ کوردێك لەزاخۆوە تاکو بەسرە سەربە هەر ئاینو مەزهەبێك بێت ئێزیدی، مەسیحی کاکەیی، سونی، شیعی بێت فەرامۆشی لیستی هاوبەشی کوردستانی بکات، دەبێ زۆر بەووردی ئاگاداری کوردە فەیلیەکان بین لەسەر بنەمای نەتەوەیی دەنگی خۆیان بدەن، کەلایەنی تر لەهەوڵی ئەوەدان لەسەر بنەمای شیعەگەری دەنگیان پێبدەن، بەمەش زیاتر لەملیۆنێك دەنگی کورد بەفیڕۆ دەڕوا، بۆیە پێویستە زۆر بەووردی رێکخستن دەست بەکاری خۆی بکات هەروەها راگەیاندن بۆ ئەم مەسەلەیە بخەینە کار بەتایبەت رادیۆو تەلەفویۆنەکانو سەتەلایتەکان. هەر بەمەش زامنی سەرکەوتن دەبینو ئاسۆیەکی گەش بۆ ئایندەی گەلەکەمان لەکوردستانو عیراقو شارەکانیش دەنەخشێنن پەرۆشی خەڵکی کوردستان بەعیراقییەکانو جیهان رادەگەیەنین بۆ هێنانەکایەی عیراقێکی دیموکراتیو فیدراڵیو فرە حیزبی لەپرۆسەی دیموکراسی هەڵبژاردن دا.

ئێستا کاتی ئەوە نەماوە باس لەبەشدارینەکردن بکەینەوە بەڵکو کاتی ئەوەیە بەبێ دوو دڵی کار بۆ بەشداریکردن بکەین، ئاستەنگەکان راماڵین

بەهۆشیاریەوە ئەو مافە مومارەسە بکەین بەمەش ئەرکی نیشتمانی خۆمان جێ بەجێبکەین.

٢٠٠٤/١٢/١٨

## سەرچاوەکان:

١- انتخابات أقليم كوردستان العراق بين النظرية والتطبيق (دراسة مقارنة) نووسینی سرهنط حميد البرزنجي، الطبعة الآولى ــ هەولێر ٢٠٠٢.

٢- هەڵبژاردن، شێوەو تایبەتمەندییەکانی نووسینی چەند نووسەرێك وەرگێڕانی لەفارسیيەوە، ئەبو بەکر خۆشناو ــ لەبڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستن (ی. ن. ك).

٣- گۆڤاری نۆڤین ژمارە (١)ساڵی یەکەم ئایاری ٢٠٠٤، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك).

٤- گۆڤاری: اطلاعات سياسى اقتصادى ١٣٧ ـ ١٣٨ .

٥- ئیتنوی نەتەوایەتی کوردی ، نوسینی نادر ئینتسار، وەرگێڕانی لەئینگلیزی عەتا قەرەداخی، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ـ ٢٠٠٤ .

٦- هۆشیاریمان ـ نووسینی: فوئادی تاهیر سادق، سلێمانی ــ ٢٠٠١.

٧- پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی (ی. ن. ك) سلێمانی ــ ٢٠٠١ .

٨-ئومێد رەفیق، خوێندنەوەیەك بۆ چەمکی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات. کوردستانی نوێ ژمارە (٣٥٣٧) هەینی ٢٠٠٤/١٢/٢

٩- قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق (قۆناغی گواستنەوە).

# ﴿چاو خشاندنەوەیەك بە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن﴾

دوا بەدوای رووخـانی رژێمـی دیکتـاتۆری بـەعس لـە نیـسانی ٢٠٠٣ گـەلانی عـیراق‌و لایەنـە سیاسـیەکانی بـە هاوکـاری هاوپـەیمانان کەوتنـە هەوڵی دامـەزراندنەوەی عیراقی نوێ، عیراقێکی دوور لـە زوڵـم‌و سـستەم‌و دیکتاتۆریەت، عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی پارلەمانی فرە حزبی.

بـۆ راپەرانـدنی ئـەم ئەرکـە هاوپـەیمانان توانییـان بـە هاوکـاری حزبـە سیاسیەکانی عیراق دەستپێشخەری دامـەزراندنی ئەنجومـەنی حـوکم بکـەن وەك هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی دەسەلات بۆ دەسـتی عیراقیـەکان، ئەنجومـەنی حوکمیش لە ماوەی کارکردنی خۆیدا کەوتە هەوڵی دارشتنی قانونێك بـۆ ئەوەی بتوانـێ کاروباری عیراق لە قۆناغی گواستنەوە هەڵسوڕێنـێ، ئـەوە بوو لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤ قـانونی ئیـدارەی دەوڵـەتی عـیراق بـۆ قۆنـاغی گواستنەوە راگەیەنرا.

راگەیانــدنی ئــەم قانونــە کــە وەك دەســتورێکی کــاتی وا بــوو سەرکەوتنێکی گەورەی تیا بەدی کرا ئەویش ئەوە بوو کـە عیراقـی ئاینـدە دەبـێ عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی پارلەمانی فرە حزبی بێت. عیراقێـك بێت هەوڵی لە رەگەوە هەڵتەکاندنی دەسەلاتە شمولیـەکان بێـت، عـراقێـك بێـت لەسـەر بنـەمای (تـەوافق) دامـەزرا بێـت. عیراقێـك بێـت مـافی هاولاتبوون پارێزراو بێـت، مافـە نەتـەوەیی‌و ئاینییـەکان پـارێزراو بێـت، عیراقێك بێت دان بە حکومەتی ئیقلیمی کوردستان بنێت عیراقێـك بێـت دەسـەلاتی قـانون دانـان‌و دەسـەلاتی جێبەجـێ کـردن تێکـەلاوی یـەکتر نەکرێ‌و دەسەلاتی قەزای سەربەخۆ بێت. . . هتد.

بـه داخەوەکۆمەڵــێ مەســەلەی گرنگــی بــۆ گــەلی کوردســتان بــە هەڵواسراوی هێـشتەوە یـان چارەسـەرکردنی دوا خـراوە لەوانـە گێڕانـەوەی کـەرکوكو خانـەقیو زۆر لـە شـوێنەکانی تـر بـۆ ژێـر سـایەی حکومـەتی هەرێمی کوردستان، دەستنیشاننەکردنی سنوری راستەقینەی کوردستان، دیارینەکردنی بەشی کوردستان لە داهاتی عیراق هێـشتنەوەی مەسـەلەی پێشمەرگە بە هەڵواسـراوی تێروانینـی وەك میلـشیاو جێبەجـێ نـەکردنی ماددەی (٥٨) لـە گێڕانـەوەی ئاوارەکـانی کـەرکوكو دەوروبـەری کـە بـەر سیاسەتی تەعریبو تـەهجیر کـەوتبوون قەرەبوونەکردنـەوەی زیانـەکانیان. هــەروەها گێڕانــەوەی ســەرجەم ناوچــە دابڕاوەکــان لــە کــەرکوك بــۆ ســەر کەرکوك

لایەنێکی گەش کە لە قانونی ئیـدارەی دەوڵـەتی عـیراق بـۆ قۆنـاغی گواســتنەوە داهــاتبووە دەستنیــشانکردنی وادەی هەڵبــژاردن بــووە لــە سەرتاسەری عیراق بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق (پارلەمانی عــیراق)، هــەروەها ئەنجومــەنی نیــشتمانی کوردســتانو ئەنجومــەنی پارێزگاکان بوو، ئەوە بوو لەکاتو ساتی خۆیدا لە ٣٠/١/ ٢٠٠٥ هـەر سـێ هەڵبژاردن ئەنجام درا.

هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەکی دیموکراسی کە بۆ یەکەمجار بوو لـە عـیراق بەو شـێوەیە ئـەنجام درا نابــێ بـە کـارێکی راگـوزەری تەماشـای بکـەین، بــەڵکو پێویــستە هەڵوەســتەی لــە ســەر دابکــەین لایەنــە پــۆزەتیڤو نەگەتیڤەکانی تاوتۆێ بکـەین پـێم وایـە کۆمەڵــێ مەسـەلەی زۆرگـرنگ هەن وەڵامی راستەقینەمان لەوێوە دەست دەکـەوێ، راسـتە هەڵبـژاردنی

ئاینده وێنەیەکی فۆتۆکۆپیکراوی ئەم هەڵبژاردنە نابێ، کۆمەڵێ مەسەلەی زۆرگرنگ هەن گۆڕانی بەسەردا دێت بەڵام هەر دەبێ لەبەر رۆشنایی ئەم دەرەئەنجامەی هەڵبژاردنی ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥ خۆمان سازو ئامادە بکەینەوە بۆ هەڵبژاردنێکی تر، پێم وایە لە خوێندنەوەی ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە دەتوانین پێشبینیەکانمان بۆ گۆرانکاریەکانی ئاینده لەبەر چاو رۆشن بێت ووردتر خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەر ئەگەرێکی تر کە دێتە رێگامان، تەنانەت ئەم دەرئەنجامە ململانێکانیشمان لە گۆرەپانی عیراقو کوردستانیش بۆ دەستنیشان دەکاتو لایەنەگەشو خامۆشەکانیش باشتر دەبینین توانای خۆمان وەك گەلی کوردستان لە نێو هاوکێشەی دامەزراندنەوەی عیراقێکی نوێدا تێدەگەین

## هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق

- (١١١) سەدویانزە کیانی سیاسی بەشداری کرد بۆ هەڵبژاردنی (٢٧٥) کورسی پارلەمانی عیراق.

کە (٧٥) یان لایەنی سیاسی بوون (٢٧) یان کیانی تاکە کەس بوون (٩) یان هاوپەیمانی چەند لایەنێك بوون.

- ژمارەی ئەوانەی خۆیان کاندید کردبوو ٧٤٧١ کەس بوون.

- ژمارەی ئەوانەی خۆیان کاندید کردبوو لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان (١٦٥) کەس بوو.

- ژمارەی ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو لە عیراق نزیکەی ١٤ ملیۆن کەس بوو

- ژمارەی بەشداربوان لە دەنگدان (٨٠١١٤٥٠) هەشتملیۆنو یانزە هەزارو چوارسەدو پەنجا کەس

- ڕێژەی بەشدار بوونزیکەی ٦٠٪ لەسەر تاسەری عیراق.

- ڕێژەی بەشدار بوو لە باشور ناوچەی شیعەنیشین نزیکەی ٧٥٪

- ڕێژەی بەشدار بوون لە کوردستان نزیکەی ٨٩٪

- ڕێژەی بەشدار بوو لە ناوچە سونەنیشین عەرەب کەمتر لە ٢٠٪

- (٣٠) هەزار دەنگ یەك کورسی پارلەمانی بەردەکەوت

- ئەو لایەنانەی کە دەرچوون

١- لیستی (الإئتلاف العراقی الموحد) شیعەکان (٤٠٧٥٢٩٥) دەنگی هێنا، کە ١٤٠ کورسی وەدەست هێنا

٢- لیستی (هاوپەیمانی کوردستان) (٢١٧٥٥٥١) دەنگی وەدەست هێنا (٧٥) کورسی پارلەمانی عیراق هێنا

٣- لیستی (العراقیە) (١١٦٨٩٤٣) دەنگی وەدەست هێنا، (٤٠) کورسی پارلەمانی عیراقی هێنا

٤- لیستی (عراقیون) (١٥٠٦٨٠) دەنگی وەدەست هێنا، (٥) کورسی پارلەمانی عیراقی هێنا

٥- لیستی ( بەرەی تورکمانی) (٩٣٤٨٠) دەنگی هێنا، (٣) کورسی پارلەمانی عیراقی هێنا.

٦- لیستی (النخب والکوادر الوطنیة المستقلة) (٦٩٩٣٨) دەنگ (٣) کورسی پارلەمان

**٧ـ ليستی (اتحاد الـشعب) حزبـی شـوعی عـيراق (٦٩٩٢٠) دەنـگ (٢) كورسی پارلەمان**

**٨ـ ليستی (كۆمـەڵی ئيـسلامی كوردسـتان) (٦٠٥٩٢) دەنـگ (٢) كورسی پارلەمان**

**٩ـ ليستی (منظمه العمل الاسلامی في العـراق) (٤٣٢٠٥) دەنـگ (٢) كورسی**

**١٠ـ ليستی (التحالف الوطني الدمقراطي) (٣٦٧٩٥) دەنـگ (١) كورسی**

**١١ـ ليستی (الرافيدين الوطنية) (٣٦٢٥٥) دەنگ (١) كورسی**

**١٢ـ ليستی (المصالحه والتحرير) (٣٠٧٩٦) دەنگ (١) كورسی**

**هەڵبـژاردن خـۆی لـە خۆيـدا ئـەزمونێكی نـوێ بـوو بەتايبـەت لـە ناوچەكانی كە تا نيسانی ٢٠٠٣ لە ژێر سايەی رژێمـی بـەعس مـابووەوە يەكەم جار بوو گەلانی عيراق بەو شێوەيە لەو پرۆسە ديموكراسيە بەشداری بكەن، ئەم هەڵبژاردنە خۆی لە خۆيدا راستيەكی لە مێـشكی عيراقيـەكان چەسپاند كە گەل سەرچاوەی راستەقينەی دەسەڵاتە، جەماوەر لە دواجـاردا كاتـێ بە تەواوی هۆشيار دەبێتەوە ئەو كەسو لايەنانە دەكات بە دەسەڵات كـە خواسـتو ويـستەكانی خـۆی تيـا بـەدی دەكـات هـەر كـاتێكيش لـە خزمەتكردنيان دواكەوت لە پرۆسەيەكی ديموكراسـيدا دەسـەڵاتەكەی لـێ وەردەگرنـەوە. ئـەم هەڵبژاردنـە سـەرەتای ئـەو رێگەيەيـە بـەڵام هێـشتا هۆشـياری هەڵبـژاردن لای دەنگـدەر كـزە هێـشتا ناتوانـێ بـە ووردی بەرژەوەنديە باڵاكانی خۆی بەدروست بپارێزێ**

ئـەم هەڵبژاردنـە سـەلماندنی کـە هۆشـیاری سیاسـیی لـە ناوچـە جیاجیاکـانی عـیراق بـە چـەند شـێوەیەك دەرکـەوتووە لـە ناوچـە شیعەنیـشنیەکان لـە ناوەراسـتو خـوارووی عـیراق بـە زۆری بـەرگی شیعەگەرای کردۆتە سێبەری خۆی لـە هـەوڵی ئەوەدایـە لـەجیاتی دانـانی حکومـەتێکی علمانی فیدراڵی دیموکراتی پارلەمانی فرە حزبـی ئاینـدەی عـیراق لـە بـەرگێکی ئیـسلامگەرای بگـرێ.. بـە پێـچەوانەوە هۆشـیاری سیاسی لە کوردستاندا بەرگێکی نەتەوەیی پێشکەوتوخوازانەی بە خۆیەوە بنیبوو. مەسەلەکانی مافی مرۆڤو دیموکراسی لە عـەقڵی سیاسـی گـەلی کوردستان لە ئاستێکی لە پێشتردایە ئەڵقـەی ئیـسلامگەرای ئەڵقەیـەکی زۆر لاوازە. لـە ناوچـەکانی تـری سونەنیـشین کـە تـا رادەیـەکی بەرچـاو بەشـداریان نـەکرد لـەو پرۆسـە دیموکراسـیە بـە هـۆی بـوونی کاریگـەری ئیسلامگەرای و تیرۆریستی و شۆڤینی و بەعس، ئەو راستیە روون دەکاتەوە کە هۆشیاری سیاسـی لەسـەر بنەمایـەکی دیموکراسـیانە لـە سەرتاسـەری عیراقدا لە قەیران دایە، ئەو شوێنەی کە روناکای تیابینی بەپلەی یەکەم هەر کوردستانە، بەداخـەوە لـە شـوێنەکانی تـری عیراقـدا ئەڵقـەی لاوازن. بەڵام چەسپاندنی دیموکراسیەت لە عیراقدا لەلایەن ئەمریکاو زۆر وڵاتانی تر پاڵپشتێکی بەهێزی هەیـە. ئەمـەش تـا رادەیـەکی بـاش تـای تـەرازوی دیموکراسیخوازان راست دەکاتەوە.

لە ئاینده ئەم دەرئەنجامەی کە لە هەڵبژاردن وەدەست کەوت کێشەکان لە کاتی دانانی دەستوری هەمیشەیی بۆ عیراقی نـوێ زۆر بـەروونی دیـار دەکەوێ ناکۆکیەکانی لایەنە دیمـوکراسو پێـشکەوتووەکان لەگـەڵ لایەنـە

ئیسلامگەراکان شێوەیەکی توونی بە خۆیەوە دەگرێ. هەر یەکە دەیەوێ لە ڕوانگەی بۆچوونیو ئایدۆلوژی خۆی دەستوری هەمیشەیی دابڕێژرێ.

ئـەمرۆ لایەنـە سیاسـیەکانی کـە تـارای ئیـسلامگەرای شـیعەیان هەڵگرتووە لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیـشتمانی عـیراق تـەنیا لـە نـاو ( الائتلاف العراقی الموحد) (١٤٠) کورسـییان وەدەسـت هێنـاوە لـە کـۆی (٢٧٥) کورسـی کۆمەڵـەی نیـشتمانی ئـەو کـەسو لایەنانـەی نـاو ئـەم هاوپەیمانیە کە لەگەڵ ڕێرەوە شیعەگەری نین زۆر کەمن سەرەرای ئەوانـەش لایەنی تریش هەن لە هەندێ مەسەلەی گرنگ دەبنە لایەنگری ئەم ڕێـرەوە بەوەی پاڵپشتیان بکەن لەوەی کە ئاینی ئیسلام بکەن بەتاکە سەرچـاوەی قانون دانان نەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکان، ئـەو هێـزە گەورەیـەی لـەم ململانـێیە رووبەڕوویان ببێتەوە بە پلەی سـەرەکی هاوپـەیمانی کوردسـتان دەبێـت کـە (٧٥) کورسـی وەدەسـت هێنـاوە لەگـەڵ بەشـێك لـە لیـستی (العراقیـە) کـە (٤٠) کورسـییان وەدەسـت هێنـاوە هـەروەها لیـستی رافیدەین کە تەنیا (١) کورسی هەیە لیستی (اتحاد الشعب) کـە تـەنیا (٢) کورسی هەیە لەگـەڵ چـەند کورسـیەکی تـر کـە دیـارە ئەوانـەش لـە هـەموو مەسـەلە گـرنگو چارەنووسـسازەکان کـە پەیوەنـدی بـە گـەلی کوردستانەوە هەیە لە دانانی دەستوری هەمیشەییدا هێندە خـەمخۆری ئـەو مەسەلەیە نابن، بۆیە ململانێی سـەرەکی بـە پلـەی یەکـەم لـە پارلـەمانی عـیراق بـۆ خواسـتە دیموکراسیەکانو خواسـتە نەتەوەییـەکانی دەکەوێتـە سەرشـانی لیـستی هاوپـەیمانی کوردسـتان. بـە هاوکـاری دەنگـە دیموکراسیخوازەکانی تری ناو کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق.

کەواتە بۆ گەلی کوردستان گرنگە سەنگەری یەکێتیو یەکبوونو یەك هەڵوێستی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان توووندو تۆڵتر بکاتو باشتر خۆمان ڕێك بخەین پەلە بکەین لە دەست بەکاربوونی پارلەمانی نوێو دامەزراندنی یەك حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە هێشتنەوەی ئەو مەسەلانە تا ئێستا جورێك لە بێئومێدی درووست کردووە، کێشەکانی ناوخۆمان کاتێکی زۆری لێ بە فیڕۆداوین کە لە دوا ئاکامدا هەمووومان تیایدا زەرەرمەندین تەنیا ناحەزانی گەلەکەمان سوودمەند دەبن.

منی دڵنیام ئەگەر شەڕی ناوخۆ رووی نەدابوایە، مەسەلەی کەرکوك لەگەڵ روخانی رژێمی بەعس کوردستانی بوونی خۆی دەگەڕاندەوە، رەنگە ئێستا کێشەمان لەسەر موسڵ بوایە بەتایبەتی رۆژهەڵاتی موسڵ.

زۆر گرنگە هەر لە ئێستاوە ئەو هیوایە بدەنیەوە گەلی کوردستان کەلایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەبەر ناسکی رەوشەکە لە هەڵبژاردنی ئاییندەش تەواوی هێزە سیاسیەکان بەشدار دەکەین لە هاوپەیمانیەکی فراوانتریش نەك هەر (ی. ن. ك)و (پ. د. ك)و چەند هێزێکی تر بگرێتەوە، بەڵکو هەموو هێزە سیاسیەکانی دەبێ رێکەون دەنگی کوردو خەڵکی کوردستان پەرت نەکرێ، ئەو سەردەمە قۆناغێکی ناسکە بەهەر نرخێك بێت دەبێ ئەم قۆناغە ببڕین. پەرت بوونی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانو تەنانەت پەرتبوونی لایەنە دیموکراسیەکانی تری عیراقیش لەم قۆناغە هەستیارەدا زەنگی خەتەرە بۆ ئایندەی ئەو عیراقە دیموکراسیەو پارلەمانیو فیدراڵیو فرە حزبیەی کە هەموومان چاوەڕوانی لە

دایکبوونین به پێچەوانەی ئەوانەی لە سەنگەری دژە دیموکراسین و دەیانەوێ خەونەکانی گەلانی عیراق لەباربەرن.

زۆر گرنگــە هێــزە سیاســیەکانی کوردســتان بــە هــەردوو هێــزە سەرەکیەکەشــی ئــەوەیان لاروون بێــت کــە هــیچ هێزێکــی سیاســی لــە کوردستاندا بەتەنیا ناتوانــێ ئەرکی سەختی ئەم قۆناغــە هــەڵگرێ، هــیچ هێزێکیش ناتوانــێ رۆڵی ئەوی تریــان فــەرامۆش بکــات لــە هەڵبــژاردنی ئــەمجارە تارادەیــەك هــەر هێزێکــی سیاســیی قورســایی خــۆی باشــتر بــۆ دەرکەوت کە ئەم دەرەئەنجامـەش دیسان ئەوەمــان بۆ دەسەلمێنــێ هەر دەبــێ هێزە سەرەکیەکانی کوردستان کە ئەمرۆ یەکێتی و پارتین هەردوولا یــەکتر قەبوڵ بکەن تەنانەت هێزە سیاسیە بــچووکەکانیش کــە لــەم هەڵبژاردنانــە زۆر کەمیشیان دەنگی هێناوە فەرامۆش نــەکرێن، لــە بەرامبــەر ئەوەشــدا دەبــێ هێزە بچووکەکانیش قەوارەی خۆیان باشــتر بــزانن بەپــێی توانــای خۆیان هاوکاری بکەن. پێم وایە ئەم هەڵبژاردنە بەتایبەتی لە هەڵبــژاردنی ئەنجومــەنی پارێزگاکــان قــەوارەی هەریــەك لــە هێــزە سیاســیەکان باشــتر دەرکەوت ئەگەرچی ئەوە بەومانایە نییە هێزە بە تواناکان ئەوانەی زۆرترین کورسییان وەدەست هێنا لە خۆیایی بن بەڵکو دەبێ زیــاتر لــە خزمــەتی خەڵکدا بن چونکە ئەم رێژەیە لە بەرزی و نزمیــدا دەبــێ. هــەردەم کێرڤــی ئەو لایەنە بەرز دەبێتەوە کە زیاتر بە کردەوە لە خزمەتی جەماوەر دەبێت.

پێشبینی ئەوە دەکەم لە هەڵبژاردنی ئاییندە لایەنەکانی ناو هاوپەیمانی شیعەکان هەموویان بــەم شــێوەیەی ئێــستا بەشــداری هاوپەیمانییــەکی تــر نــەبن بەتایبــەتی ئەگــەر مــەرجەعیــەت بــە قــازانجی لایــەنێك و بــەزیانی

لایەنێکی تر بجولێتەوە. بەڵام ئەگەر تەنیا کاری ڕێکخستنو لە یەکتر نزیك بوونەوەیان بۆ بگێڕێ ئەوە پێ دەچێ ژمارەیەکی تریش لەلایەنەکان بێنە ناو هاوپەیمانیەتەکە.

هەروەها پێشبینی دەکەم لایەنە سونەکانی عەرەبیش لە هەڵبژاردنی ئایندە بە شێوەیەکی بەرفراوان بشداری هەڵبژاردن بکەن بەپێچەوانەی ئەمجارە چونکە هەست دەکەن دەبێ ئەم واقیعە قەبوڵ بکەن بە گوێرەی توانای خۆیانو دەنگی خۆیان کورسیەکانی پارلەمان وەدەست بخەن. ئەمە جگە لەوەی بۆیان دەرکەوت هەڵەیەکی گەورەیان کرد، لە شێوەی ئەو هەڵەیەی کە شیعەکانو کوردەکان کردیان لەسەردەمی پاشایەتی بەمە ڕێگە خۆش بوو بۆ عەرەبە سونەکان کە تەواوی پلەو پایەکان لە عیراق بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن گەلی کوردستان دەبێ ئەم گۆرانکاریانەی لەبەرچاو بێت، لەسەر خوێندنەوەیەکی ژیرانەی واقیعی سیاسی خۆی بۆ هەڵبژاردنی تر ئامادە بکات کە ڕەنگە لە کۆتایی ئەمساڵدا دیسان ئەنجام بدرێتەوە.

هەروەها پێشبینی ئەوە دەکەم کە ئیتر هێزە سیاسیە بچوکەکان لە عیراقو کوردستان یەکگرتنەوە لەگەڵ هێزە گەورەکان دابکەن، چونکە بۆیان دەرکەوت بە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی لەم جۆرە ناتوانن تەنانەت کورسیەکیش وەدەست بخەن پێش ناچێ لەمەودوا هیچ کەسایەتییەك بە تاك بەشداری خۆ کاندیدکردن بکات ئەنجامەکان دیاریان خست لە (٢٧) کیانی تاکەکەس هیچیان کورسیان وەدەست نەهێناوە تەنانەت زۆرترین دەنگی ئەو تاکە کەسانە گەشتۆتە (١١٦١٤) دەنگ کە

ئەندازیار (علی مسلم جاراللە) بەدەستی هێناوە، پێش ناچێ ئیتر لەسەر بنەمای عەشایەریش کەسانێ هەبن خۆیان کاندید بکەن هەروەکو چۆن لە کوردستاندا کەسێك لەسەر بنەمای عەشایەری‌و تا کەسی خۆی نە پالاوتووە بۆ کۆمەڵی نیشتمانی عیراق‌و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان‌و تەنانەت بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانیش تەنیا یەك کەس خۆی پالاوتووە لە سنوری پارێزگای سلێمانی کە تەنیا (٤٨٠) دەنگی هێناوە لە کاتێدا لە سلێمانی بە تەنیا (ی. ن. ك) (٤٨٧٨٢٧) دەنگی هێناوە.

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

- (١٣) کیانی سیاسی بەشداربوو، کە لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بەشێوەی هاوپەیمانی (یەکێتی‌و پارتی‌و یەکگرتوو شیوعی‌و سۆسیالیست)و (ئاشوری‌و تورکمان‌و سەربەخۆکان) بوو

لە لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان کورسیەکان بەم شێوەیە دابەشکرابوو ئەگەر هەر (١١١)کورسی بەدەست بخەن

یەکێتی ٤٢، پارتی ٤٢، یەکگرتوو ٩، سوسیالیست ٢، سەربەخۆکان ٢، کلدۆ ئاشوری ٥، تورکمانەکان ٤، یەزیدیەکان ٢، شیوعی ٣

- هیچ کیانێکی تاکە کەسی تیا نەبووە
- ژمارەی ئەوانەی خۆیان کاندید کردبوو (٤٦٣) کەس بووە.
- ژمارەی بەشداربوان لە دەنگدان (١٧٥٣٩١٩) کەس بووە کە بەم شێوەیە بوو

١- لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان ١٥٧٠٦٦٣

٢- بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان ١٠٩٢٣

٣ـ حزب الاخاو الوگنى العراقى ٣٤٢٢

٤ـ پارتى كارى ديموكراتى كوردستان ١١٧٤٨

٥ـ ليستى سەربەخۆكانى كورد ١٠٢٦٢

٦ـ الجبهه الوگنيه لوحده العراق ٨٢٥٥

٧ـ حزبى زەحمەتكێشانى كوردستان ٢٠٥٨٨

٨ـ بزووتنەوەى ديموكراتى كوردستان ٦٦٩٠

٩ـ رەوتى نيشتمانى كوردستان ٢٠١٨

١٠ـ پارتى چارەسەرى ديموكراتى كوردستان ٩٠٨١

١١ـ كۆمەڵى ئيسلامى ٨٥٢٣٧

١٢ـ التجمع الجمهورى العراقى ٩٤٩٩

١٣ـ پارتى پارێزگارانى كوردستان ٥٥٠٦

كۆى دەنگەكان ١٧٥٣٩١٩

ـ رێژەى بەشداربوو ٨٩٪

ژمارەى كورسيەكانى پارلەمان (١١١) كە پێشتر لەساڵى ١٩٩٢ (١٠٥) كورسى بوو

ـ لايەنەدەرچووەكان

١ــ ليستى نيشتمانى ديموكراتىكوردستان(١٥٧٠٦٦٣) دەنگ (١٠٤) كورسى

٢ـ ليستى كۆمەڵى ئيسلامى (٨٥٢٣٧) دەنگ (٦) كورسى

٣ـ ليستى زەحمەتكێشان (٢٠٥٨٥) دەنگ (١) كورسى

هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نیـشتمانی کوردسـتان لـە ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥ دووەمین هەڵبژاردنە کـە لـە ناوچـەی کوردسـتان ئـەنجام دەدرێ بـەڵام بـەر لەوەی باسی ئەم هەڵبژاردنە بکەین باکەمێك بۆ دواوە بگەرێنینەوە باسـی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بکەین.

لـە دوای راپەرینـە مەزنەکـەی گەلەکـەمان لـە بـەهاری ١٩٩١ دوای کـــۆرەو دەرچـــوونی بڕیـــاری ٦٨٨ی ئەنجومـــەنی ئاسایـــشی نەتەوەیـەکگرتووەکان لـە ژێـر سـێبەری ئـەم بڕیـارە ناوچـەی دژە فـڕین دروسـتکراو، دوای ئـەوەش حکومـەتی بـەعس ناچـار بـەوەکرا دامو دەزگاکانی خۆی بگوازێتەوە، ئیتر واقعێك هاتە پێشەوە کـە دەبوایـە ئـەو بۆشـاییە ئیداریـە پـڕ بکرێتـەوە، لـە دواجـار بـەرەی کوردسـتانی بڕیـاری ئەوەیدا کە هەڵبژاردن بکرێ بـۆ هەڵبـژاردنی پارلـەمانی کوردسـتان لـەم رێگەیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێ ئـەوە بـوو لـە ١٩/ ٥/ ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردن ئەنجام درا سەرکەوتوانە کۆتایی هات، لە دواجار لەلایەن پارلەمانیش حکومەتی هەرێم راگەیەنرا، پاش ماوەیەك دوائەوەش بڕیـاری فیـدراڵی درا بـۆ بەسـتنەوەی هـەرێمی کوردسـتان لەگـەڵ هـەر رژێمێکی عیراقیدا بێت. ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە هەڵبژاردنی پارلەمانو دامەزراندنی حکومەتو راگەیاندنی فیدراڵیەت لای جەماوەری کوردستان بەشێوەیەکی زۆر فـراوان پـشتگیری لـێ کرا.

بەداخـەوە تەقینـەوەی ناکۆکیـەکان لـە نێـوان پـارتیو یـەکێتی کـە هەریەکەیان نزیکەی نیـوەی کورسیـەکانی پارلـەمانیان لـە دەست دابـوو

نیـوەی حکومـەتیـشیان لـە دەسـت بـوو واقعێکـی تـاڵی دروسـت کـرد، پارلەمان لە بەریـەك هەڵوەشـایەوە هـەروەها حکومـەتیش دوولـەت کـرا، کۆمـەڵـێ کارەساتی زۆر گەورە تووشی گەلەکەمان کرا، تەواوی دوژمـنانی گەلی کوردستان خۆیان خستە ناو شەڕەکە بۆ زیاتر قوڵکردنی برینـەکانی برا کوژی. ئەم واقیعە وای کـرد پارلـەمانی کوردسـتان لـە٤/ ٦/١٩٩٢ تاکو ٧/٤/٢٠٠٥ درێـژە بـە تەمـەنی خـۆی بـدات بـە شـێوەی مـەمرەو مەژی. تەنانەت بە قبوڵکردنی گەورەترین پێشێلکاری لە ساڵی ١٩٩٦

پارلەمانی کوردستان بە داخەوە تەنیا پارلەمانی خـەڵکی کوردسـتان نـەبوو بـەڵکو پارلـەمانی هـەردوو حزبـە سـەرەکیەکەی کوردسـتان بـوو بەتایبەتی کە نەیانتوانی بچووکترین هەڵوێست پێشان بدات لـە تـەحریمو تەجریم کردنی شەڕی ناخۆی کوردستان، لە هەڵوێـست وەرگـرتن لـە هـەر لایەنێك کە بیەوێ سەروەری پارلەمانو حکومەتی هەرێم لەکەدار بکـات، بەڵکو بەشێکی زۆریان هەر زوو سەنگەری شەریان هەڵبژارد.

بە داخەوە تا ئێستا هەڵگیرسـاندنی شـەڕی نـاوخۆ تاوانەکـەی بـۆ ئـەو دەگێڕدرێتەوە کە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ هەریەکە لە یـەکێتیو پـارتی ٥٠ بە ٥٠ دەنگیان هێناو بەم ڕێژەیەش لـە حکومـەت کاریـان کـرد، بـۆ هەر وەزیرێکی یەکێتیو جێگرێکی پارتی هەبوو بە پێـچەوانەش بـۆ هـەر وەزیرێکی پارتی جێگرێکی یەکێتی. ئەم واقیعە راسـتە جۆرێـك پەشـێوی دروست کردبوو، بەڵام پێم وایە هۆی سەرەکی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ ناحەزانی کورد لە عیراقو ئیرانو سوریاو تورکیاو هەنـدێ لایـەنی تـریش کـە بـە تـەواوی دەسـتیان خـستبووە نـاو کاروبـاری کوردسـتان، هـەروەها

مەسەلەیی گومرگ کە ئەوسا تا کە سەرچاوەی ژیانی حکومەت بوو بەتایبەتی گومرگی ئبراهیم خەلیل، پاش هێور بوونەوەی شەڕی ناوخۆو گرتنە بەری ڕێگەی ئاشتیانە کە ئەمە خواستی جەماوەر بوو جارێکی تریش پارلەمانی کوردستان دەستی بەکارەکانی خۆی کردەوە ئەگەرچی دیسان نەیتوانی بچووکترین هەڵوێست دەربڕن.

دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە ساڵی٢٠٠٣، دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی حکوم کە ئەویش لەلای خۆیەوە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراقی بۆ قۆناغی گواستنەوەی هێنایە پێشەوە، لە دوای ئەوەش بڕیاری هەڵبژاردن لە ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥ جێ بەجێکرا بۆ هەرسێ لا (کۆمەڵی نیشتمانی عیراقو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکان) بۆ ئێمەی گەلی کوردستان نوێکردنەوەی پارلەمانی کوردستان کارێکی گەورەو پیرۆز بوو، کۆسپی پەنجا بە پەنجاشی هەڵتەکاندەوە ئەمجارەیان بنکەی پەرلەمانەکەمانو حکومەتەکەشمان بەر فراوانتر بووە لایەنی تریش کە لە ناو لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان دەبێ بە گوێرەی ڕێکەوتن کۆمەڵێ کورسی وەدەست دەخەن هەروەها لە حکومەتیش بەهەمان شێوە بەشدار دەبن ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی بەشداری ژنان بەرزبووەوە بۆ ٢٥٪، هەروەها ئەمجارەیان ئەندامی پارلەمان ئەگەر هەر هەڵوێستێکی گرتەبەر تەنانەت دژی لایەنی خۆشی بێت کەس ناتوانێ بیگوڕێ یان دەری بکات. ڕێژەی (٧٪)یش دابەزی.

پێم وایە ئەگەر هەنگاوی جیدی بۆ کاراکردنی بگیرێتە بەر نە خرێنەوە ناو کێشە حزبیەکانو نوێنەرەکان بەڕاستی خۆیان بە نوێنەری جەماوەر

بزانن نەك نوێنەری حزبەكان دەتوانن كۆمەڵێ كاری زۆر گرنگ بكەن بە جۆرێك كە كارەكانیان كاریگەری لەسەر پارلەمانی عیراقیشدا هەبێت لە دەركردنی هەر قانونێك هەروەها لە چەسپاندنی كۆمەڵێ خواستو ویستی رەوای گەلی كوردستان لە دەستوری هەمیشەیی حكومەتی فیدراڵی عیراق لە ئایندەدا. هەروەها لە دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لە نێوان حكومەتی فیدراڵی عیراقو حكومەتی ئیقلیمی كوردستان.

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان

١- لە بەغدا (٥١) لیستی كیاناتی سیاسیو هاوپەیمانی بەشدار هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان بوون بۆ (٥١) كورسی.

٢- ژیقار (٤١) لیستی بۆ (٤١) كورسی

٣- قادسیە (٥٢) لیستی بۆ (٤١) كورسی

٤- هەولێر (١٣) لیست بۆ (٤١) كورسی

٥- ئەنبار (٣) لیست بۆ (٤١) كورسی

٦- بەسرە (٤١) لیست بۆ (٤١) كورسی

٧- كەركوك (٢٩) لیست بۆ (٤١) كورسی

٨- سلێمانی (١١) لیست بۆ (٤١) كورسی

٩- نەجەف (٣٣) لیست بۆ (٤١) كورسی

١٠- بابل (٤٤) لیست بۆ (٤١) كورسی

١١- دهۆك (٧) لیست بۆ(٤١) كورسی

١٢- دیالا (٢٥) لیست بۆ (٤١) كورسی

١٤- صلاح الدین (٢٦) لیست بۆ (٤١) كورسی

١٤ـ كربلاو (٣٩) ليست بۆ (٤١) كورسی

١٥ـ ميسان (٣٠) ليست بۆ (٤١) كورسی

١٦ـ موسڵ (١٦) ليست بۆ (٤١) كورسی

١٧ـ واسگ (٣٣) ليست بۆ (٤١) كورسی

١٨ـ مپنی (٣٢) ليست بۆ (٤١) كورسی

بەپێی ئەو قانونەی کە دانرابوو ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەبێ لەرێگەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ ئەوە بوو لە هەمان وادەی دوو هەڵبژاردنەکەی تر ئەنجام درا.

لە کوردستاندا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە تایبەت لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆك مەسەلەیەکی زۆر گرنگی بۆ روون کردینەوە ئەویش ئەوەیە کە هێشتا ململانێ لە نێوان هێزە سیاسیەکان دوور لە رەفتارێکی شارستانیانەو دیموکراسیان بەردەوامی خۆی هەیە ئەگەرچی جیاوازی بەرچاویش هەیە لە نێوان هێزو لایەنێك لەگەڵ هێزو لایەنێکی تر، لە کوردستاندا ئەم ململانێیە زۆر بە روونی لە نێوان دۆستانو لایەنگرانو ئەندامانی (پ. د. ك)و (ی. ن. ك) بەرچاو دەکەوت تەنانەت کۆمەڵێ پێشێلکاری روویدا بێگومان بەرێژەی جیاواز لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر بە راستی ئەم مەسەلەیە پێویستی بەوەیە هەڵوەستەی لەسەردا بکەین باشتر لێی ووردبینەوە لە پرۆسەی سێ هەڵبژاردن (ی. ن. ك)و (پ. د. ك) لە دوو هەڵبژاردن بە یەکەوە بوون کەچی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە لیستی جیا هاتنە خوارەوە. بینیمان کۆمەڵێ کێشەو پێشێلکاری روویدا. ئەمە زەنگی خەتەرێك بە

گوێماندا دەچرپێنێ کە جارێ زۆر زووە لە هەڵبژاردنی ئاینده (ی. ن. ك)و (پ. د. ك) بیر لەوە بکەنەوە بەلیستی جیاواز بێنە خوارەوە بەڵکو دەبێ لەگەڵ یەکدابین، تا ئەو کاتەی ئەو ململانێیە بە تەواوی کاڵ دەبێتەوە، مەسەلە چارەنووسسازەکانیشی بە قازانجی گەلەکەمانەوە دەبێت‌و سەقامگیری لە بواری ئەمنی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و فەرهەنگیدا دێتە دی، تەواوی مافەکانمان لە دەستوری هەمیشەییدا دەچەسپێنین. ئەوسا ئەو بوارە دیموکراسییە بە هۆشیاریەکی زۆرەوە لەلای جەماوەر خۆی دەچەسپێنێ . بۆیە دەبێ وەك چۆن لە موسڵ‌و کەرکوك‌و سەلاحەددین‌و دیالا لایەنە کوردیەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاش بەیەکەوە بوون‌و سەرکەوتنی بەرچاویشیان بە دەست هێنا بە تایبەتی لە موسڵ‌و کەرکوك ئیتر وا باشە تا گۆرانکاری لەم واقیعەی ئێستا دەبێ لە هەولێرو سلێمانی‌و دهۆکیش بەیەکەوە بن.

# سلێمانی

| ژمارەی دەنگ | ناوی لیست |
|---|---|
| ٤٨٥٧١٨ | لیستی ی. ن. ك |
| ٩١٥٧٨ | لیستی پ. د.ك |
| ٧٥٠٠٨ | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ٥٣٠٨٨ | لیستی حزبی کۆمەڵی ئیسلامی |
| ٨١٩٢ | لیستی حزبی شوعیی کوردستان |
| ٥٤٣٠ | لیستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| ٧٠١٨ | لیستی حزبی سوسیالیستی کوردستان |
| ٩٣٥ | لیستی پارتی پارێزگاکانی کوردستان |
| ١٧٧٤ | لیستی تەجەموعی کۆماری عیراق |
| ٥٧٦ | لیستی ئەندازیار عەبدوڵڵا عەلی |
| ٧٣١٣٢٣ | کۆی دەنگدەران |
| ٨٠٪ | ڕێژەی بەشداری |

# دهۆك

| ژمارەی دەنگ | ناوی لیست |
|---|---|
| ٣٠٢١٣٣ | لیستی پ. د. ك |
| ٣٥٤٨٣ | لیستی ی. ن. ك |
| ٣٥٦٧٥ | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ١٢٢٦ | لیستی یەکێتی دیموکراتی کلدان |
| ٤٩١٩ | لیستی رافیدەینی یەکگرتوو |
| ٢٤٤٥ | لیستی حزبی سوسیالستی دیموکراتی کوردستان |
| ١٣٨٤ | لیستی حزبی شیوعی کوردستان |
| ٣٨٣٢٦٥ | کۆی دەنگدەران |
| ٨٩٪ | رێژەی بەشداران |

# هەولێر

| ژمارەی دەنگ | ناوی لیست |
|---|---|
| ٣٤٧٧٧٢ | لیستی دەنگی دیموکراتی (پ. د. ك)و ١٤ لایەنی تر |
| ٢٤٤٣٤٣ | لیستی ی. ن. ك |
| ١٧٤٢ | لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان |
| ١٤٣٧ | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان |
| ٢٢٥٢٣ | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ٤٤٤٢ | لیستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| ٢٣٨٤ | لیستی جەبهەی تورکمانی عیراق |
| ٦٨٧ | لیستی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان |
| ٢٠٠١ | قائیمەی ئەلرافدەین ئەلوەتەنیە |
| ٦٤٦ | لیستی حزبی دیموکراتی کلدان |
| ١٨٧٨١ | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عیراق |
| ١٢٣٦ | لیستی پارتی پارێزگارانی کوردستان |
| ٦٤٧٩٩٤ | کۆی دەنگدەران |

# هەڵبژاردن و بەخشینەوەی متمانە بە جەماوەر

لە چەندین ساڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەتایبەتیش لە سەردەمی رژێمی گۆڕ بەگۆڕی بەعس، جەماوەر بەهۆی ئەو هەموو زوڵمو ستەمەی کە لێ‌ی کرابوو، بە هۆی زاڵی عەقڵی شۆڤینی‌و دیکتاتۆری سەددامو دارو دەستەکەی بەتەواوی متمانەی لە دەست دابوو لە دووڕیانێکدا بوو ئەگەر دەنگی ئازادانەو دیموکراسیانەی بەرز بکردایەوە ئەوە بەرەو چارەنووسێکی رەش دەبرا، ئازادترین کەس ئەو کەسانە بوون کە لە ژێر زوڵمو سیستەمی بەعس رایان کردبوو، وای لێهاتبوو جەماوەر خاوەنی بچووکترین نارەزایش نەبوو.

بەڵام رووخاندنی بەعس‌و بەشداری کردنی جەماوەر لە رووخاندنەکەی لە پاڵ هێزی هاوپەیمانان ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش بێت، متمانەیەکی بە بەر جەماوەردا کردەوە تا قسەی ئازادانەی خۆی بکات لە کەش‌و هەوایەکی دیموکراسیانە رەخنەو گلەیی‌و گازندەو رێپێوان‌و خۆپەیشاندنیش بگرێتە بەر.

هەڵبژاردن متمانەی جەماوەری بە توانای خۆی بە دەر لە توانای حزبەکان زۆر بەرەو پێشەوە برد وای لێ کردن بۆ خواستە نەتەوەی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەرهەنگییەکان ئەوانیش هێزو توانای خۆیان بخەنە گەر ئەگەر لە ناو هێزە سیاسیەکان بن یان لە دەرەوەی هێزەکان بن واتە هەڵبژاردن ئەو متمانەیەی لە رۆحی جەماوەر دروست

کـرد لەلایـەك داوای مافـەکانی بکـات لەلایـەکی تریـشەوە ئەرکـەکانی سەرشانی خۆی باشتر ببینـێ.

لە کوردستانی خۆماندا بینیمان کـاتی جـەماوەر هەسـتی بـە توانـای خۆی دەکرد لە راپەڕینەکانی ١٩٩١ بەچ رۆحیەتێکەوە بەشداری کـرد وەك ئـەرکێکی نیـشتمانیو نەتـەوەیی، وەك ئـەرکێکی بـەرەنگار بوونـەوەی دیکتاتۆریـەتو شـۆڤینیەت، ئـەم رۆحیەتـە لـە هەڵبـژاردنی ١٩٩٢ لـە هەڵبـژاردنی پارلـەمانی کوردسـتانو دامەزرانـدنی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان بینرا هەروەها لە راگەیاندنی فیدراڵیەت. بـەڵام کاتـێ شـەڕی ناوخۆ بڕستی لـێ بڕین گوێ لە قسەی جەماوەر نـەگیرا تـا رادەیـەکی زۆر جەماوەر هەستی بەوە کرد مافەکانی پێشێل دەکرێ بۆیـە لـە ئەرکـەکانی سەرشانیشی بە دوورکەوتەوە. هەڵبژاردنی ئەم جارە ئەم متمانەیان دروست کردەوە تا جـارێکی تـریش ئەرکـەکانی سەرشـانیان ببیـنین داوای تـەواوی مافەکانیشیان بکەن. زۆر گرنگە حزبە سیاسیەکانی کوردسـتان نـەهێڵین چیتر جەماوەر لـە چارەسـەرکردنی کێشە چارەنووسـسازەکانی کوردسـتان هـەر تەماشـاکەر بێـت بـەڵکو دەبـێ رۆڵـی تـەواویان بدرێتـێ هـەروەها مافەکانیشیان پارێزراو بێت، دەبێ ئەو راستیە باش لەبەرچاوی حزبـەکانی کوردسـتان بێـت کـە ئێمـە زۆر سـەرکەوتنمان لەدەسـت داوە کـە دەکـرا ئامانجی زۆر گەورەی لەسـەر بنیـاتبنرێ کەچی بـە ژێرکـەوتن گۆڕیمانـەوە بەڵام ئێستا دەرفەتێکی زێرین هاتۆتە پێش کە تەواوی ژێرکەوتنەکانمان بە سـەرکەوتنێکی مێـژووی بسڕێتەوە ئـەویش هـەر بـەوە دەبێـت متمانـەی جەماوەر لەدەسـت نـەدرێ لەمەسـەلە چارەنووسـسازەکاندا سـازش لەسـەر

بەرژەوەندیە باڵاکانیان نەکرێ نەیکەین بە قوربانی بەرژەوەندە حزبیو شەخسیەکان.

## هەڵبژاردنو وە بیرهێنانەوەی ناوچە فەرامووشکراوەکان

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا گەلێ ناوچەی گرنگ هەبوون بە تەواوی فەرامۆشکرابوون پێمان وانەبوو ئەو هەموو دەنگەی کوردی تیادایە والێك دەدرایەوە لە دەنگداندا لە هەندێ دەنگی زۆر کەم بەولاوە دەنگی ترمان دەست ناکەوێ، کەچی دەرئەنجامی ئەم هەڵبژادنە سەلماندی زۆر ناوچە هەن لەلای خۆمان تا رادەیەك فەرامۆشکراون کەچی دەنگی زۆرباشمان تیادا وەدەست خستووە، ئەوەتا لە سنوری پارێزگای سەلاحەدین لیستی هاوپەیمانی کوردستان ١٨٧٩١ دەنگی وەدەست هێناوە کە دەکاتە ١٥٪ی دەنگەکان پاش لیستی شیعەکان دێت کە ٢٢٪ی دەنگەکانیان وەدەست خست هەروەها لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان (١٠٩٢٩٥)ی دەنگی وەدەست هێناوە لە کۆی (١٦٥٩٣٤) دەنگدەری بەشدار بوو، بەمەش (٣١) کورسییان لە کۆی (٤١)کورسی پارێزگای موسڵ وەدەست خست. ئەمە جگە لەوەی هەندێ ناوچەی کوردنیشین لە دەوربەری موسڵ سندوقی دەنگدانیان بۆ دانەنرابوو کە نزیکەی ١٦٠ هەزار دەنگی گەلی کورد لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق (پارلەمان)و ئەنجومەنی پارێزگا بێبەشکرا.

بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەو راستیەش بین کە رێژەی بەشدار بوو لە موسڵ ١٧٪ لە سەلاحەددین ٢٥٪ بووە.

بۆیه له ئاینده ئەم هاوکێشەیه دەگۆڕێ پاش ئەوەی جەماوەری عەرەبی سونه به تەواوی بەشداری هەڵبژاردن دەکات.

ئەم هەڵبژاردنەسەلماندی که هەندێ ناوچه هەن له عەقڵی حزبو لایەنه سیاسیەکانی کوردستان تا رادەیەکی باش فەرامۆشکراوه کەچی ئا ئەوەتا ژمارەیـــەکی زۆر دەنگـــی دەنگـــدەر لـــەو ناوچـــانەدا هـــەن نـــاکرێ فەرامۆشبکرێن. بەڵکو دەبێ بایەخی زۆریان پێ بدرێ

## نەینەوا

| | |
|---|---|
| لیستی هەیئەی عیراقی موستەقل | ٢٦٠٧ |
| لیستی تەجەموعی وەتەنی وەحدەی عیراقی | ٣٩٠٨ |
| لیستی ئیئتلافی رافیدەینی دیموکراتی | ٢٣١٥ |
| لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | ١٠٩٢٩٥ |
| لیستی جەبهەی وەتەنی وەحدەی عیراق | ٢٠٩٢ |
| لیستی جەبهەی تورکمانی عیراق | ٢٩٩٤ |
| لیستی مەجلیسی عەشائیری مووسڵی موەحەد | ٦٦٢٤ |
| لیستی قائیمەی رافیدەینی وەتەنی | ٤٦٥٠ |
| لیستی حزبی بینای دیموکراتی | ٥٦٠ |
| لیستی حزبی شیوعی عیراق | ١٠٤١ |
| لیستی حزبی ئیتحادی دیموکراتی کلدانی | ٧٥٠ |
| لیستی کوتلەی مساحەو تەحریر | ٣٣٥٢ |

**لیـــستی مـــەجلیس ئـــەعلای ســـەورەی ئیـــسلامی عـــیراق ١٧٢٥٥**

**لیستی رابیتەی وەتەنی زعمـاو شـیوخ العـشائر العراقیـە تـنقم العشائر الوطنی ٩٠٣**

**لیستی حزبی ئیسلامی عیراق ٧٠٦**

**لیستی حزبی محافزینی کوردستان ٥٢٣**

**کۆی گشتیی ٥٦٥٩٣**

**ژمارەی کارتە رەتکراوەکان ٨٠٦٤**

# سەلاحەدین

| | |
|---|---|
| لیستی هەیئەی عیراقی موستەقیل | ١٠٦٣ |
| لیستی دیموکراتی ئیئتلافی یەکگرتوو | ٢٢١٦٠ |
| لیستی تەیاری ئیسلامی دیموکراتی | ١٧٤٢ |
| لیستی کۆمەنیستی عیراقییە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێلایەن | ١٥٤ |
| لیستی تەجەموعی مەلەکی عیراقی هاشمی | ١٢٦٥ |
| لیستی تەجەموعی وەحدەی وەتەنی عیراقی | ١٣٣٢١ |
| لیستی مەجلیسی سیاسی ئەلشیعی | ٢٥٣٠ |
| لیستی جەبهەی وەتەنی وەحدەی عیراقی | ٣٧٨ |
| لیستی جەبهەی تورکمانی عیراقی | ١٤٩١٧ |
| لیستی جەبهەی عەرەبی موەحەد | ١٤٦ |
| لیستی حەرەکەی قەومی تورکمانی | ٥٤٠ |
| لیستی تەجەموعی موستەقلین لەسەلاحەدین | ٤٧٣٩ |
| لیستی قائیمەی ریسالی وەتەنی | ٦١٣٣ |
| لیستی قائیمەی موەحەدە | ١٢٨١٥ |
| لیستی قائیمەی موستەقیلی | ١٣٣٦ |

| | |
|---|---|
| ليستی حزبی شوعی عیراقی | ٢٤٠٩ |
| ليستی حزبی وەتەنی دیموكراتی ئازاد | ١٨١ |
| ليستی ئیئتلافی وەتەنی دیموكراتی | ١٩٠٤ |
| ليستی حزبی دەعوەی ئیسلامی | ٨٦٩١ |
| ليستی تەحالوفی وەتەنی دیموكراتی | ١٠٢٤ |
| ليستی تەجەموعی وەتەنی عیراقی | ١٠٢١٥ |
| ليستی تەجەموعی جومهوری عیراقی | ٩٨٠ |
| ليستی كوتلەی موسالەحەو تەحریر | ١٧٠١٧ |
| ليستی حەرەكەی ویفاقی وەتەنی عیراقی | ٨٦٤١ |

# ڕێژەی بەشداری کورد لە هەڵبژاردندا

گەلی کوردستان لەبەر ئەوەی خاوەن ئەزموونێکی هەڵبژاردن بوو لە ساڵی ١٩٩٢ هەروەها خاوەنی ئەزموونی کۆمەڵێ هەڵبژاردنی تریش بوو، ئەمانە وای کرد کە بەشداری کورد لەو پرۆسەیە دیموکراسیە لە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دابێت ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ باشوورو ناوەراستی عیراق کە ڕێژەی بەشدار بوونی لە باشور نزیکەی ٧٥٪ بوو لە شاری بەغدا ٤٨٪ بووەو لە دیالە ٣٤٪ بووە لە تکریت ٢٥٪ لە موسڵ ١٧٪ لە ئەنبار تەنیا ٢٪ بووە دیارە ڕێژەی بەشدار بوو بە گوێرەی سەرتاسەری عیراق نزیکەی ٦٠٪ بووە. کەچی کوردستان ڕێژەی بەشدار بوونی خۆی داوە لە ٨٩٪ ئەمەش پەرۆشی کورد رادەگەیەنێ وەدەستخستنی مافی گەلەکەمان. دەبێ هەوڵ بدەین ئەو ڕێژەیە بەرزتریش بکرێتەوە نەك دابەزێ، خەڵکی کوردستان تا بواری باشتری بۆ بڕەخسێ دەتوانێ بەشداری کاریگەرتریشی هەبێ.

## هەڵبژاردن لە دەرەوەی عیراقدا

بەپێی ئەو قانونەی کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە کاری پێ کرا بەشداری کردنی عیراقیەکانی دەرەوە بوو لە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق، ئەگەر ڕێژەی بەشدار بوونیان وەرگرین راستیەکمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەوانیش بەشداری باشیان لە هەڵبژاردنەکەدا کرد ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە

هاوڵاتی کوردستان لە هەندەران رۆڵێکی زۆر چالاکانەی هەبووە ژمارەیەکی زۆری کورد بەشداریان کرد سەرەرای بوونی کۆمەڵێ تەنگو چەڵەمەی زۆر گەورەش لەوانە دووری سەندوقی دەنگدان لە هەندێ شوێن بە دووری دەیانو سەدان کیلۆمەتر لە شوێنی دەنگدان سەرف کردنی پارەیەکی زۆریش.

هاوڵاتی کورد لە هەندەران سەرەڕای جێ بەجێکردنی ئەم ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییە توانیان سەرنجی رۆژنامە نووسانیش بۆ ئەوە راکێشین کە گەلی کوردستان چەند پەرۆشی هەر پرۆسەیەکی دیموکراسیە بەراستی هاوڵاتی کوردستان لە هەندەران ئەم بۆنەیەی باش قۆستەوە بۆ زیاتر ناساندنی گەلەکەمانو داواکاریەکانی لە حکومەتی ئایندەی عیراق، بە داخەوە کۆمسیۆنی باڵا رێگەی پێ نەدان لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە پارلەمانی کوردستان بەشداری بکەن.

دەبێ لەمەودوا بایەخی تایبەتی بە کوردەکانی هەندەران بدرێت کە دەتوانن رۆڵێکی زۆر گەورەو پیرۆز بگێڕن بۆ ناساندنی زیاتری گەلەکەمانو هەروەها بۆ گەیاندنی داخوازیەکانمان بەرای جیهان. بەراستی هەر لەرێگەی ئەوانەوە گەلەکەمان توانی ئێشو ئازارەکانی خۆی بە جیهان بگەیەنێ بە تایبەتی لەسەردەمی راپەرینی ١٩٩١ بەدواوە کە با هۆزی دیموکراسیو پاراستنی مافی مرۆڤ گەلانی بەشەمینەتی وەك ئێمەی گرتەوە، گەورەترین دەستکەوتمان کە لە ٥/٤/١٩٩١ وەدەست کەوت لە کاتو ساتی کۆڕەوە مێژوویەکەی گەلی کوردستان ئەویش دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، کە تیایدا

سەرکۆنەی رژێمی بەعسی کرد دژ بەو داپەلۆسینەی کە گرتبوویە بەر دژی گەلانی عیراق بەگشتیو گەلی کوردستان بەتایبەتی، هەر لەرێی ئەم بڕیارەوە رێگە خۆش بوو بۆ دروستکردنی ناوچەی دژە فڕینو پاشەکشە کردن بە لەشکری سەرکوتکەری بەعسو گەیاندنی هاوکاری زۆر باش لەرێگەی رێکخراوەکانو لە دواجاردا لە ساڵی ١٩٩٢ پارلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان چرۆی کردو بڕیاری فیدراڵیش راگەیەنرا.

بەرهەمی ئەمرۆشمان کە داننانە بە حکومەتی هەرێمو پارلەمانو فیدراڵیەت لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، بەرهەمی ئەو سایە ئێستا خەریکە خۆی بگرێ بە هاوکاریو هاریکاری هەموو کەسو لایەنێك لە دەرەوەو ناوەوەی وڵاتدا. بۆ گەلی کورد زۆر گرنگە لەمەودوا بۆ مەسەلە دیبلۆماسیەکانو بۆ ناساندنی زۆرتری گەلەکەمان سوود لە رۆڵەکانی هەندەران وەربگرێ دیارە خەباتی دیبلۆماسی لەم سەردەمە خەباتێکی زۆر گرنگەو هەرگیز نابێ فەرامۆش بکرێ.

# کەرکوك و هەڵبژاردن

رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بە تایبەتی لە سەردەمی رژێمی گۆربەگۆری بەعسدا سیاسەتی تەعریبو تەهجیرو تەبعیسی گەیاندە ئەو پەری، لە پێناو ئەوەی بەشێکی تریش لە جەستەی خاکی کوردستانی خۆشەویست بە شیری ژەنگاوی شۆڤێنییەت لەت بکات، ئەوە بوو لە ماوەی (٣٥) ساڵی دەسەڵاتیان چی یان پێکرا بۆ تەعریب کردنی کەرکوك کردیان کوردو تورکمانیان لە زێدی باوكو باپیرانیان دەردەکرد، عەرەبیان لە شوێندا نیشتەجێ دەکرد، ئەمە جگە لەوەی دەیان هەزار پارچە زەوی بەسەر عەرەبە هاوردەکانی دابەش کرد پارەی دروستکردنی خانووە کەشی پێدان بۆ ئەوەی لە کەرکوك نیشتەجێ بن، هەروەها بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کەوتە دەرکردنو گواستنەوەی فەرمانبەرانی کورد بۆ خواروو ناوەراستی عیراق، هێنانی دەیان هەزار عەرەب لە جیاتیان، ئەم سیاسەتەی تا دوا ساتەکانی تەمەنی بەردەوام بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئەم رژێمە لە لایەن هاوپەیمانانو بە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچوو خەڵکی زوڵملێکراوی کەرکوكو خانەقیو تەواوی شوێنە تەعریب کراوەکانی تریش دەستیان بە گەرانەوەی زێدی خۆیان کرد، سەرەرای ئەوەی بارێکی گونجاویش نەبوو، بەشێکی زۆریان تا ئێستاش لە نێو کەلاوەی سەربازگەکانو لە ژێر خێمەدا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام بێباکانە ئەم ئەرکە نیشتمانیەیان بەو پەرِی حەماسەتەوە جێ بەجێکرد لەم پێناوەشدا چەندین رۆڵەی تێکۆشەریش لەلایەن تیرۆریستان شەهید کرا.

کەرکوکیەکان لە یەکەم هەڵبژاردندا بەو پەڕی لە خۆبردووی بەشداریان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق‌و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا کرد، جارێکی تریش وەك دەیان بەڵگەی مێژووی جوگرافی کوردستانیەتی کەرکوکیان بۆ گەلانی عیراق‌و جیهان راگەیاندەوە ئەوەتا لیستی برایەتی کەرکوك کە لیستی کوردستانیەکان بوو توانی (٢٣٧٣٠٣) لە کۆی (٤٠٠٨٩٢) وەدەست بهێنێ کە بوونە هۆی وەدەستهێنانی (٢٦) کورسی لە کۆی (٤١) کورسی ئەنجومەنی پارێزگا. بەرەی تورکمانیش توانی تەنیا (٧٣٧٩١) دەنگ وەدەست بهێنێ کە تەنیا (٨) کورسی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك وەدەست خست، ئەم سەرکەوتنە بەرچاوەی لیستی برایەتی کەرکوك جارێکی تر شۆڤێنیەکانی ریسوا کردەوە کە دەیانەوێ بەزۆرو زۆرداری ئەم بەشەی کوردستان لە جەستەی کوردستان بکەنەوەو خۆیان لە جێ بەجێکردنی ماددەی(٥٨) لە قانونی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق قۆناغی گواستنەوە بدزنەوە بە دەیان بڕوبیانووە سیاسەتی تەعەرەبیکردن بە رووخساری ئەم شارەدا بهێڵنەوە. ئەرکی سەرەکی هێزە سیاسیەکانی کوردستان ئەوەیە لە هەوڵی ئەوە دابن نەهێڵن هیچ ئاوارەیەکی کەرکوکی بمێنێ‌و نەگەڕێتەوە کەرکوك تا ئەو کاتەی بە کردەوە ئەو زوڵم‌و ستەمە رادەماڵرێ‌و رووی گەشی کوردستانیەتی کەرکوك بە خاکی پیرۆزی کوردستان لە دەستوری هەمیشەییدا دەچەسپێ. دەبێ ئەوەش بڵێین زوڵمێکی گەورە بوو کە نەهێڵرا کوردی شاری کەرکوك وەك تەواوی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی

**کوردستان له خانەقی‌و مەخمورو مەندەلی‌و زەمارو شێخان‌و ئەوانی تریش دەنگ بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان بدەن.**

## کەرکوك

| | |
|---|---|
| لیستی حزبی ئەخای وەتەنی عیراقی | ٦٦٣ |
| لیستی تەجەموعی وەحدەی وەتەنی عیراقی | ١٥٩٠ |
| لیستی جەبهەی عەمەلی موشتەرەکی دیموکراتی | ١٨١ |
| لیستی جەبهەی وەتەنی لیوەحدەی عیراقی | ٨٨٠ |
| لیستی تەجەموعی لەپێناوی دیموکراتی عیراق | ٣٩٠ |
| لیستی جەبهەی عەرەبی موەحەد | ٤٠٦٤ |
| لیستی جەبهەی تورکمانی عیراق | ٧٣٧٩١ |
| لیستی حەرەکەی قەومی تورکمانی | ١٨٥١ |
| لیستی ئیئتلافی ئیسلامیو تورکمانی | ١٢٦٧٨ |
| لیستی حەرەکەی دەعوەی ئیسلامی | ١٢٢٠ |
| لیستی قائیمەی بیانی دیموکراتی | ٩١٤ |
| لیستی حزبی ئیتحاد دیموکراتی کلدانی | ٥٣٦ |
| لیستی حزبی ئیسلامی دیموکراتی | ٣٣٣ |
| لیستی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | ٥٥٤ |
| لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عیراق | ٢٣٢٥ |
| لیستی تەجەموعی وەتەنی عیراقی | ١٢٣٢٩ |
| لیستی تەجەموعی جمهوری عیراقی | ٣٤٦٣٥ |

| | |
|---|---|
| لیستی کوتلەی موسالەحەو تەحریر | ١١٣٣ |
| لیستی حزبی جمهورییە ئەحراکان | ١٣٥ |
| لیستی ئیتحادی بێت نەهرێنی وەتەنی | ٧٠٨ |
| لیستی حزبی ئیسلامی عیراقی | ٥٩٤ |
| لیستی پارتی پارێزگارانی کوردستان | ١٥٥٨ |
| لیستی برایەتی کەرکوك | ٢٣٧٣٠٣ |
| لیستی قائیمەی رافیدەینی وەتەنی | ١٥٥٤ |
| کۆی گشتی | ٤٠٠٨٩٢ |
| دەنگە رەتکراوەکان | ٥٠٥٩ |

# ژن و هەڵبژاردن

بەشداركردنی ژنان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لە عیراق بە هەمان رێژەی بەشداری بوونی پیاوان بووە، ئەوەی بەشداری ئەمجارەی ژنـان لـەم پرۆسـەیە دەریـدەخات ئەوەیـە گـەر ژن بـەردەوام دەنگییـان بـە پیـاوان دەدا كـە نوێنەریانن، ئەم جارەیان بەپـێی قانونی هەڵبژاردن لە هەرسێ كەس یەك ژن لە نوێنەرانی پارلەمانی عـراق‌و هـەر لـە چـوار كـەس لـە پەرلـەمانی كوردستان دەبوایە دەنگێك بۆ ژنێك بێت. واتە رێژەی ٣٠٪ لە پەرلەمانی عیراق‌و لە ٢٥٪ لە پارلەمانی كوردستان.

ئــەم گۆرانكاریــەو چەســپاندنی ئــەم رێــژەی ژنــان لــە پەرلــەمان هــەنگاوێكی نـوێ بـوو نـەك لـە عـیراق‌و كوردسـتانی عـیراق بـەڵكو لـە سەرتاسـەری رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت‌و لەسـەرتا سـەری ولآتـانی جیهـانی ئیسلامیدا گۆرانێكی نموونەیی بوو.

ئەمڕۆ لە پارلەمانی عیراقدا (٨٥) نوێنەری ژن هەن لە كۆی (٢٧٥) نوێنەر لە كوردستانیش لە كۆی ٧٥ نوێنەری پارلـەمانی عـیراق ٢٥ یـان ژنن، ئەمانە ئەگەر كار بۆ داخوازیەكانی ژنـان بكـەن پێـدابگرن لـە سـەر مافەكانیان دەتوانن لـە دەسـتوری ئاینـدەی عیراقـدا كۆمـەڵی مەسـەلەی گرنگ‌و چارەنووساز وەك مافێك بۆ ژنان بچەسپێنن، ئەمـەش كاریگـەری بەرچاو دروست بكات بـۆ بەروپێـشەوە بردنـی كـاروانی خـەباتی ژنـان لـە

داكۆكی كردنی مافەكانیان هەروەها لە پەرلەمانی كوردستانیش كە بە ڕێژەی ٢٥٪ بوو لە كۆی ١١١ نوێنەر (٢٨)یان ژنن

لە ئەنجومەنی پارێزگاكانیش بەرێژەی ٣٠٪ یە. كەواتە ئەمرۆ زیاتر لە (٨٥) ژنی كورد لە هەرسێ هەڵبژاردن نوێنەری هەڵبژێردراون كە ئەمەش رێژەیەكی باشە

## ناوی ژنەكانی لیستی نیشتمانی دیموكراتی كوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ٢٠٠٥

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | چنار سەعد عەبدوڵڵا | هەولێر | پ. د. ك |
| ٢ | كوێستان محەمەد عەبدوڵڵا | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ٣ | د. ئاریان خالص شێخ جەواد | هەولێر | پ. د. ك |
| ٤ | گێلاس محێدین محەمەد غەریب | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ٥ | د. شوكریە رەسول ئیبراهیم | سلێمانی | پ. د. ك |
| ٦ | ڤیان خدر ئەحمەد | هەولێر | ی. ن. ك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | پاشا | | |
| ٧ | شیرین عەبدولرەحمان دینو | دهۆك | پ. د. ك |
| ٨ | سۆزان شیهاب نوری | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ٩ | نازناز محەمەد عبدولقادر | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٠ | گوڵناز عەزیز قادر | کەلار | ی. ن. ك |
| ١١ | فەخریە مستەفا محەمەد عەلی | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٢ | خەرمان زرار ئەسعەد | هەولێر | ی. ن. ك |
| ١٣ | ڤیان سلێمان حاجی بەشار | دهۆك | پ. د. ك |
| ١٤ | نەسرین حەمە صالح | سلێمانی | سۆشیالیست |
| ١٥ | مریەم حەسەن ئیبراهیم | موسل | یەزیدی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | تاڤگــه محەمـــەد عەلی | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلام |
| ١٧ | پەخشان عەبدوڵڵا حسێن | هەولێر | حشك |
| ١٨ | بـــایزار ملکـــۆ روهان | دهۆك | مەسیحی |
| ١٩ | گەلاوێـــژ شـــاباججی | هەولێر | مەسیحی |
| ٢٠ | ســـوهام ئـــەنوەر وەلی | هەولێر | تورکومان |
| ٢١ | فەزیلـــە رەمـــەزان سعدوڵڵا | دهۆك | ئیسلامی |
| ٢٢ | شـــوکریە خـــدر پیرۆت | قەڵادزە | ی. ن. ك |
| ٢٣ | چـــرۆ عـــەلی حمـــە ئەنوەر | سلێمانی | پ. د. ك |
| ٢٤ | رەمزیـــە ئەحمـــەد رەشید | دهۆك ـ ئامێدی | ی. ن. ك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | کوردستان پیرداود قادر | هەولێر | پ. د. ك |
| ٢٦ | هالــه ســـوهەیل وادی | هەولێرـ ئازادی | ی. ن. ك |

# ناوی ژنەکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | نەسرین مستەفا صدیق | دهۆك | پ. د. ك |
| ٢ | کەمیلا ئیبراهیم ئەحمەد | دهۆك | ی. ن. ك |
| ٣ | نێرگز محەمەد ئەمین | هەولێر | ی. ن. ك |
| ٤ | ویداد حەمە غریب فەرەج | کەرکوك | پ. د. ك |
| ٥ | ئالاّ نوری فەخرەدین | کەرکوك | ی. ن. ك |
| ٦ | کوردە ئەحمەد تقی | سلێمانی | پ. د. ك |
| ٧ | شلێر رشید محەمەد ئەمین | کەرکوك | ی. ن. ك |
| ٨ | زەهرە حاجی تەها | دهۆك | پ. د. ك |
| ٩ | د. سامیە عەزیز محەمەد | بەغداد | ی. ن. ك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | رۆژیدە عەبدولقادر شریف | هەولێر | پ. د. ك |
| ١١ | پاكیزە مستەفا ئەحمەد | | پ. د. ك |
| ١٢ | انتسار بەكر سالّح | هەولێر | توركومان |
| ١٣ | منیرە عەبدول | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٤ | ئەزهار رەمەزان عەبدولرەحیم | بەغداد | پ. د. ك |
| ١٥ | جاكلین قوسن زومایا | | مەسیحی نیشتمانی ئاشوری |
| ١٦ | ئەسمەر حسێن ئەحمەد | سلێمانی | یەكگرتووی ئیسلامی |
| ١٧ | نازلین حسێن فەیزوڵڵا | بەغداد | پ. د. ك |
| ١٨ | سوهەیلە جەعفەر | بەغداد | ی. ن. ك |
| ١٩ | قسمەت هادی بەهرام | بەغداد | سۆشیالیست |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | نەرمین صدیق مەعروف | هەولێر | ی. ن. ك |
| ٢١ | د. پیرۆز کاکە زیاد حمەئاغا | هەولێر | پ. د. ك |
| ٢٢ | فائیزە جەبار محەمەد باباخان | بەغداد | ی. ن. ك |
| ٢٣ | نەوال حسێن دەروێش | دهۆك | پ. د. ك |
| ٢٤ | د. ژیان ئەحمەد عبدوڵڵا | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ٢٥ | ئەنهار محەمەد سەعید | موسڵ | پ. د. ك |

# هەڵبژاردن و ریفراندۆم

بە گوێرەی ئەو ڕێو شوێنەی کە لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق چەسپاوە، دوای ئەوەی پڕۆژەی دەستوری هەمیشەیی ئامادە دەکرێت دوا بڕیار بە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوە لە دەستی جەماوەر دایە ئەویش بەوەی ئەم دەستورە بەرێگەی ریفراندۆم دوا بڕیاری لەسەر دەدرێ.

کەواتە هەڵبژاردن جگە لە مافی دەنگدان، مافێکی تریشی بۆ جەماوەر سەپاند لە بڕیاردان لەسەر دەستوری هەمیشەیی عیراق بە جۆرێك بە سێ پارێزگا بە یەك لەسەر سێی دەنگەکان دەتوانن ئەم پڕۆژەی دەستوری هەمیشەیی هەڵبوەشێنەوە هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەمان رۆژدا بزووتنەوەی ریفراندۆم رۆڵی خۆی بینی توانی نزیکەی ٢ ملیۆن دەنگ مسۆگەر بکات بۆ سەربەخۆی کوردستان کە دیارە ئەم کارەش لە کاتو ساتی خۆیدا کاریگەری خۆی دەبێت.

کەواتە ریفراندۆم بۆ دەستوری هەمیشەیی عیراق هەروەها ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان هەر لە ئاکامی هاتنە پێشەوەی هەڵبژاردن خۆی سەپاندووە.

# هەڵبژاردن و هاوپەیمانی

کاتێ مەسەلەی هەڵبژاردن هاتە پێشەوە هەر لایەنێکی سیاسی کەوتە هەوڵی ئەوەی لەگەڵ لایەنێکی تریان چەند لایەنێکی ترا هاوپەیمانی ببەستێت بۆ ئەوەی بتوانن باشترین دەنگ وەدەست بهێنن تا بتوانن زۆرترین کورسی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق یان ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یان ئەنجومەنی پارێزگا وەدەست بخەن.

زووربەی لایەنە سیاسیەکان بۆ هەرسێ هەڵبژاردن ئەم هەوڵەیان دیاربووە لە ئاکامدا هەندێك لەو هێزە سیاسیانە گەیشتوونەتە دەرئەنجامێك بو لیست بەشێوەی هاوپەیمانی لە هەڵبژاردن دابەزیوون هەندێ لایەنیش هەر بە تەنیا دابەزیووە.

دوای ئەنجام دانی هەڵبژاردن و دەرکەوتنی ئاکامەکانی لە پارلەمانی عیراق جارێکی تر ئەو لایەنانەی کە کورسییان وەدەست خستووە، کەوتنە هەوڵی پێکەوە نانی هاوپەیمانی ئەویش پاش ئەوەی هیچ لایەنێکی سیاسی یان لایەنێکی هاوپەیمانی بە تەنیا نەیتوانی دەنگی ٢/٣ی وەدەست بخات واتە ٦٧٪ی دەنگەکان کە دەکاتە (١٨٤) کورسی پارلەمان، ئەمەش مانای وایە بە گوێرەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ هیچ لیستێك نییە بە تەنیا بتوانێ بڕیارەکانی بچەسپێنێ لەم حاڵەتە پێویستی بەوەیە لەگەڵ لایەنی تر یان چەند لایەنی تر هاوپەیمانی ببەستێ.

لیستی (الائتلاف الموحد) کە (١٤٠) کورسی وەدەست هێنا، هێشتا (١٣٥) کورسی تر مابوون، بۆیە کەوتە هەوڵی ئەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ

لایەنێكی تر بكات بەهۆی ئەوەی لیستی هاوپەیمانی كوردستان (٧٥) كورسی هەبوو كە بەهەر دوولا دەكاتە (٢١٥) كورسی پارلەمان بۆیەش ئەم هاوپەیمانییە هاتە پێشەوە.

دەبێ ئەوە بزانین كە (الائتلاف الموحد) ئەگەر لەگەڵ لیستی (العراقیه) كە (٤٠) كورسی هەبوو، لیستی عراقیون كە (٥) كورسی هەبوو كە دەیكردە (١٨٥) كورسی دیسان دەیتوانی لەگەڵ ئەوان حكومەت پێكەوە بنێ بەهەر حاڵ بەختی (الائتلاف الموحد) لە هەموو لایەنەكان باشتر بوو، چونكە بەبێ ئەوان هیچ لایەنێك بۆی نەدەكرا حكومەت پێك بهێنێ. سەرنجدەن ئێمەش لەم هاوكێشەیە كەم نین بەڵام پێویستی بە هەوڵی زیاترە.

## هەڵبژاردن و وەرگرتنی پۆستی سیادی لەلایەن گەلی كوردستانەوە

دوا بەدوای بە ئاكام گەیاندنی هەڵبژاردن دەست خستنی (٧٥) كورسی لەلایەن لیستی هاوپەیمانی كوردستان كە ئەمە لەدوای لیستی هاوپەیمانی شیعەكان كە (١٤٠) كورسیان وەدەست خست گەورەترین و بەهێزترین لیستە، بۆیە لەدوا ئاكامدا توانیان كۆمەڵێ كەسایەتی وەك نوێنەری گەلی كوردستان بگەیەننە شوێنی گرنگ و سیادی كە دیارە لە هەموویان گرنگتر وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆماری لەلایەن مام جەلال بە هەڵبژاردنی ئازادانە لەلایەن كۆمەڵەی نیشتمانی عیراق لە رۆژی ٦/

٤/ ٢٠٠٥ وەرچەرخانێكی زۆر گەورە بوو. بەمە مام جەلال بووە یەكەم سەرۆك كۆماری هەڵبژێردراو لە عیراق‌و بوو بە یەكەم كوردێك كە ئەم پۆستە گەورەیە بە درێژای زیاتر لە (٨٣) ساڵ لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق وەربگرێ، ئیتر ئەم تەوقە شكا كە خەڵكی كوردستان بۆیان نەبێ لە عیراقدا بگەنە گەورەترین لوتكەی سیادی یان بە پلەی دوو حیسابیان بۆ بكرێ.

## هەڵبژاردن‌و بە فیرۆچوونی دەنگی فەیلییەكان‌و ئێزدیەكان‌و لایەنی تریش

گەلی كوردستان سەرەرای ئەوەی بەشی زۆری ئیسلامی سونەن بەڵام بەشێك لە كورد شیعەن یان ئێزدین یان كاكەین تەنانەت بەشێك لە مەسیحیەكانیش ئەوەی تێبینی دەكرێ سەرەڕای ئەوەی كوردە فیلیەكان تووشی گەورەترین زوڵم ستەم بوونەوە بەدەستی رژێمی بەعسی فاشی موڵك‌و ماڵیان دەستی بەسەر داگیرا، بە هەزاران رۆڵەشیان كە تەمەنیان لە دەوروبەری ١٥ـ ٥٠ ساڵیدا بوو بێ سەروشوێن كران ئەگەر بەشێك بگەڕێتەوە سەر ئەوەی كە ئەوان شیعە بوون بەڵام بەشێكی زۆریشیان لەسەر ئەوە بوو كە كورد بوون، توانیبوویان دەست بەسەر زووربەی بازرگانی شاری بەغدا بگرن، كە ئەمەش لای بەعسییە شۆڤێنیەكان قەبوڵ نەدەكرا.

بەڕاستی فەیلیەکان دەبوایە لەم هەڵبژاردنە هەر خۆیان نەبەستنەوە بە تەنیا مەرجەعیەتی شیعەگەری ئەوە هەر خۆی مافێکی ئاینی خۆیانە بەڵام دەبوایە لە هەڵبژاردندا وەك کورد دەنگیان بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدابوایە کە دیارە کەمو کورپەکە هەم لەسەر لایەنە سیاسیەکانە بەشێکیش لەسەر فەیلییەکانو کوردە شیعەکانی تریشە کە هەڵوێستە نەتەوەییەکانیان فەرامۆش نەکەن، بەداخەوە دەنگی فیلییەکانو کوردە شیعەکانی تر دەبوایە نەهێڵرێ لە خواستەکانی گەلی کورد دابڕێ دەبوایە بەشێوەیەکی باشتر ئاراستە بکرابوایە. دەبێ لەمەو دوا کار بۆ ئەوە بکرێ.

ئێزدیەکانیش کە بەشێکی بنچینەی گەلی کوردن بەداخەوە لیژنەی باڵای هەڵبژاردن تا رادەیەکی زۆر بێبەشیکردن لە دەنگدان بە هۆی ئەوەی سنوقی دەنگدان لە ناوچەکە دانەنرابوو کە بەشێکی زۆر ئێزدی تیایە ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بوونی (الحرکە الایزدیە من أجل الاصلاح والتقدم) کە تەنیا (٤٣٢٧) دەنگی هێناوە دیسان زیانی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان داوە. هەندێ لایەنی تری کوردستانیش بەهۆی ئەوەی بە تەنیا لیستی هاتنە خوارەوە سەرەرای ئەوەی دەنگی کەمیان هێناوە دەنگەکانیان بە فیڕۆ چوو ئەم دەنگانەیان لە کوردیش بە فیڕۆدا. کە ئەگەر کۆی ئەو هەموو دەنگانە بکەین کە بەم شێوەیە بەفیڕۆ چووە دەیان هەزار دەنگ دەبێت، ئەگەر جگە لەو دەنگانەی کە لەلایەن کەسانێ فەوتاوە کە بەشداری هەڵبژاردنی نەکردووە ئامارەکانی یەکێك لە شارەکانی کوردستان لەبەر دەست دایە دیاری دەخات لە هەندێ گەرەك

ڕێژەی بەشدار نەبوون زۆر دیـارە بـە تایبـەت لـە گەرەکـە دەوڵەمەنـدەکان بەپێـچەوانە خـانووە قورەکـان ڕێـژەی بەشـداری نـەبوونیان زۆر کەمــە، بەهـەمان شـێوە ڕێـژەی بەشـدار بـوو لـە دێهاتـەکان بـە بـەراورد لەگـەڵ شارەکاندا زۆر زیاترە، ئەمانە کۆمەڵێ مەسەلەی گرنگن کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە ئەگەر چی بەگشتی لە کوردستاندا ڕێـژەی دەنگـدان بـە بەراورد لەگەڵ سەرتاسەری عـیراق زۆر باشـترە، بـەڵام دەبـێ هـەوڵ بـدرێ دەنگی ڕۆڵەی کورد بە فیڕۆ نەدرێ، بۆ ئەمەش وا باشە هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە تایبەتی یەکێتیو پارتی هەوڵ بدەن لـە هـەر مەسـەلەیەکی ئەوها چارەنووسسازدا هاوپـەیمانی لەگـەڵ بـچووکترین هێـزی سیاسیـشدا گرێ بدەن تا ئەم قۆناغە زۆر هەستیارە دەبڕینو ئاستەنگەکان لـە بـەردەم گـەلی کوردسـتاندا تـەخت دەبێـت. پێمـان وانەبــێ چـەند دەنگێـك هـیچ کاریگەری نییە، هەر بۆ نموونە ئەوەتا لیستی _النخب والکوادر الوگنیـە المستقلە) (٦٩٩٣٨) دەنگی هێنـاو (٣) کورسی پارلـەمانی وەرگـرت، کەچی لیستی (اتحاد الشعب)ی حزبی شیوعی عیراق (٦٩٩٢٠) دەنگـی هێنا کەچی تـەنیا (٢) کورسی وەرگـرت واتـە جیاوازیەکـە تـەنیا (١٨) دەنگ بووە.

# هەڵبژاردن و هەندێ کەم و کوڕی تر

**هەڵبژاردنی ئەمجارە کۆمەڵێ کەم و کوڕی تێکەوت لەوانە:-**

- سەرژمێرێکی گشتی لەسەر تاسەری عیراق ئەنجام نەدرا تا گەلانی عیراق پێکهاتەی خۆیان لە رووی نەتەوەییەوە دیاری بکەن هەروەها لە رووی ئایین و مەزهەبەوە بەڵکو ئەم کارە لەسەر فۆرمی خۆراك جێبەجێکرا بەو پێیەی کە مەرجەعی شیعە پێی پەسەندبوو.

- دیارنەکەوت کە ئەوانەی بەشداریان کردووە رێژەی گەنجان لە بەشداری کردن چەند بووە، هەروەها رێژەی پیاوانی بەتەمەن یان ژنانی بەتەمەن یان رێژەی بەشداری بوونی ژن بەگشتی لەگەڵ پیاو چەندە.

- دەبوایە دەستنیشانی ئەوەش بکرێ کە دەنگی هەر حزب و لایەنێك لە نێو تەمەنی (١٨- ٢٨) (٢٨- ٣٨) (٣٨- ٤٨) (٤٨- ) چەندە بۆ ئەوەی بزانرێ دەنگی گەنج لەگەڵ چ هێزێکدایە دەنگی ژنان بە شێوەیەکی زیاتر لەگەڵ چ هێزێکی تردایە، بەهەمان شێوە دەنگی چین و توێژەکان دیاریبکرایە (دکتۆر- ئەندازیار- کاسبکار- کرێکار- جوتیار- خوێندکار- مافپەروەران - فەرمانبەران..) ئەمانە ئەگەر بتوانرێت ئەم زانیاریانە لەهەڵبژاردن دەست بکەوێ زۆر گرنگە.

- دەبوایە هەموو کاندیدکراوەکان، تەمەنیان - پیشەیان - ئاستی خوێندنیان بزانرایە.

- دەبوایە ئەو لایەنانەی کە بە لیستێکی هاوبەش هاتونەتە خوارەوە بزانرێ چەند لایەنن تەنانەت لەم هاوپەیمانییەتە هەریەکەیان بەرێژە چەند کورسیان بەردەکەوێ.

بۆ نموونە لای زووربەی جەماوەری عیراق دیار نییە بۆ نموونە لیستی (الائیلاف العراقی الموحد (١٦٩) کە (٤٠٧٥٢٩٥) دەنگی وەدەست هێناوە کە (١٤٠) کورسی پارلەمانیان وەدەست خستووە چەند لایەنن یان لیستی هاوپەیمانی کوردستان (١٣٠) کە (٢١٧٥٥٥١) دەنگییان وەدەست هێنا کە دەکاتە (٧٥) کورسی لە کۆی (٢٧٥) کورسی پارلەمان لە چەند لایەن پێکهاتووە، تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش زۆر مەسەلە هەن روون نییە بۆ نموونە لە هەولێر کە لیستی دەنگی دیموکراتی کوردستان (٣٤٧٧٧٢) دەنگی وەدەست هێناوە کە چواردە حزبو لایەن بوون (لە پارتیو شیوعیو هەندێ حزبی کلدانیو ئاشوریو تورکمانی.. ) ئەمە روون نییە. ئەوەی دیارە لیستی (ی. ن. ك) لەهەر سێ پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆك بەرامبەر بە لیستی (پ. د. ك) (٢٠١٦١) دەنگی زیاتری وەدەست هێناوە .

پێم باشە کار بۆ ئەوە بکرێ لەناو هاوپەیمانەکانیش هەر لایەنێك دەنگەکانی جیاواز بێت کارێك بکرێت بەشێوەیەکی وەکو ئەم نەخشەیەی خوارەوە رێك بخرێت لە کۆتاییدا کۆی هەموو دەنگەکان بکرێت بۆ لیستەکە بۆ نموونە: دەنگدەری یەك دەنگ دەدابە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەڵام لە لیستەکە هێڵەکەی لەناو چوار گۆشەی بەرامبەر (ی. ن. ك) لێداوە. دەنگدەری دووەمیش دەنگ دەدا بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەڵام لە لیستەکە هێڵەکەی لەناو ئەو چوار گۆشەیەکە بەرامبەر (پ. د. ك).. یان حزبی شیوعی کوردستان یان یەکگرتووە لێداوە. کەواتە لە هاوپەیمانیەکە دەنگەکان دەبن بە یەك بەڵام لەناو چوار

گۆشەکان هەر حزبو لایەنێك دەزانی لەناو ئەو هاوپەیمانیە ئەو لایەنە ڕێژەی چەندی دەنگەکانی هێناوە جا چ بە مەبەستی زانینی توانای هەر حزبێك بێت یان بە مەبەستی وەدەستخستنی کورسیەکانی بێت بە گوێرەی دەنگەکانی کە لەناو هاوپەیمانیەکە وەدەستی خستووە.

پێم وایە ئەمە ڕاستترینو باشترین ڕێگەیە. ئەمە نەك بۆ کوردستان بەڵکو بۆ هەموو عیراق وابێ چ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق یان کوردستان یان ئەنجومەنی پارێزگا بێت.

وا باشە شارەزایانو لێکۆڵەوەران لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی هەوڵ بدەن کۆمەڵێ مەسەلەی گرنگ وەدەست بخەنو بیخەنە بەرباسو لێکۆڵینەوە چونکە دڵنیام دەکرێ چەندین مەسەلەی زۆر گرنگتر لە پرۆسەی هەڵبژاردن بخوێنرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| لیستی هاوپەیمانی کوردستان | یەکێتی | |
| | پارتی | |
| | شیوعی | |
| | یەکگرتوو | |
| | سوسیالیست | |
| | | |

| | | |
|---|---|---|
| لیستی هاوپەیمانی کوردستان | یەکێتی | |
| | پارتی | |
| | شیوعی | |
| | یەکگرتوو | |
| | سوسیالیست | |
| | | |

**نیسانی ٢٠٠٥**

# بەرەو دانانی دەستوری هەمیشەیی ( فیدراڵی )

دوای ئـەوەی رژێمـی بەعـسی فاشـی بـۆ دواجـار لـە ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ بەدەستی هاوپـەیمانان بەسـەرکردایەتی ئـەمریکا رووخـا، گـەلانی عـیراق لـە دڕنـدەترین دیکتـاتۆری سـەردەم رزگـاری بـوو، ئەو رژێمـەی کـە ٣٥ سـاڵ بـوو جگـە لـە کوشتن و بڕین، جگـە لـە زیـادکردنی گـۆڕی بەکۆمـەڵ، جگـە لـە ئاوەدانکردنـەوەی زیندانـەکان بـۆ خـەڵکی تێکۆشـەری عـیراق، جگە لـە ئاژاوەنانـەوەو شـەڕ فرۆشتن بە وڵاتـانی دراوسێ و بە خەڵکی ئازادیخوازو دیموکراسیخوازی ناوخۆی عیراق، جگە لـە پەرەپێـدانی چـەکی کیمیـاوی و بـەکارهێنانی دژی هـاوڵاتی خۆی، جگە لە ئەنفالکردن و بێ سەرو شوێن کردنی تێکۆشەران لـەکورد وعـەرەب و تورکمـان جگـە لـە تـەعریب و تـەهجیر و تـەبعیس کـارێکی تـری ئـەنجام نـەدا بـوو، بۆیـە لـە رۆژی لەناوچوونی ئەم دیکتاتۆرەوە سەردەمێکی نوێ بۆ عیراقیـەکان دەستی پـێ کـردووە ئـەویش سـەردەمی کارکردنـە بـۆ هێنانـە کایەی عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی پارلەمانی فرە حیزبی.

ئـەمریکا بـەپێی بڕیـارێکی نەتـەوە یـەکگرتووەکان وەك دەوڵـەتێکی داگیرکـەر دانـرا، ئەگـەر چی لەراستیدا رزگارکـەری راسـتەقینەی گـەلانی عیراقـە، ئـەمریکا بـەپێی یاسـا نێودەوڵەتییـەکان جوڵایـەوە لـەلای خۆیـەوە کەوتـە هـەوڵێکی شـێلگیرانە بـۆ ئـەوەی بتوانێ ئـەزموونی عیراقێکـی نـوێ لـە

رۆژهەلاتی ناوەڕاست بچەسپێنێ، عیراق بکرێتە نموونەیەکی نوێی دیموکراسی لە ناوچەکە.

سەرەڕای هەوڵی دوژمنانی عیراق و هەوڵی تیرۆریستان بۆ ئەوەی ئەمریکا لەم ئەزموونەی شکست بخوات و گەلانی عیراقیش بەئازادی و دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ نەگەن، ئەمریکا هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستاش پشتی لەگەلانی عیراق نەکردووە و ناشکات، بۆیەش هەر زوو دوای ئازادکردنی عیراق بریمەری وەك حاکمی سیاسی خۆی لەعیراق دانا دەسەلاتێکی فراوانی پێ بەخشی، بریمەریش بەپێی دەسەلاتی خۆی توانی ئەنجومەنێکی حوکم لە ١٣ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٣ پێك بهێنێ کە زووربەی پێکهاتەی گەلانی عیراق بە بۆچوونی جیاوازی سیاسی و ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی لەژێر سایەی ئەم ئەنجومەنە کۆبکاتەوە.

ئەنجوومەنی حوکم توانی لەماوەی کارکردنی خۆیدا بەهۆی پەرۆشیان بۆ سەرخستنی ئەزموونی نوێ لەعیراق دا سەرەڕای چەندین گیروگرفتیش لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤ قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە راگەیەنێ، وە رەزامەندی تەواوی پێکهاتە نەتەوەی و ئاینی و مەزهەبییەکانیشی لەسەر بێت.

ئەم قانونە کە دەکرێ وەك دەستورێکی کاتی عیراق تەماشای بکەین ئەگەر چی بەدەر نییە لەکۆمەڵێ کەم و کوڕی

کـه لـه ئـەنجامی واقیعـی ئـاڵۆزی پێکهاتـەی گـەلانی عیراقـەوە سەرچـــاوەی گرتـــووە بـــەڵام دەکـــرێ بڵـــێین جـــوانترین و پێـشکەوتوترین و دیموکراسـیترین دەسـتوری کاتیـشە لـەناو سـەرجەم وڵاتـانی دەوروبـەرمان و سـەرجەم وڵاتـانی عـەرەبیش خـۆ ئەگـەر لـەکاتی دانـانی دەسـتوری هەمیـشەیی بـۆ عـیراق پاشەکشێی پێ نەکرێ ئەو کەم و کوڕیانەش چارەسـەر بکرێ، بـەکردەوەش کـاری پـێ بکـرێ دەتوانـێ ببێتـە دەسـتوری هەمیـشەیی و ئـەو عیراقـە دیموکراسـیە فیدرالیـە فـرە حزبیـە بێنێتـە کایـەوە کـە خواست و ویستی ئارەزومەندانـەی تـەواوی گەلانی عیراقە.

قـانونی ئیـدارەی دەوڵـەتی عـیراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە سەرەڕای ئەوەی هەندێك لـە مادده و بڕگەکانی وەکو پێویست کاری پێ نەکراوە بەڵام بەشێکی زۆری مادده و بڕگەکانی کـاری پێ کراوە. ئەم قانونە لە ٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ کەوتۆتـە کـار بەپێی مادده (٢) بڕگەی (أ) تا پێکهێنانی حکومـەتێکی عیراقی هەڵبـژێردراو بـەپێی دەسـتوری هەمیـشەیی دوا کـاتیش ٣١ ی کـــانونی یەکـــەمی ٢٠٠٥ بـــەڵام ئەگـــەر هـــاتوو ئەنجومـــەنی نیشتمانیی عیراقـی تـاکو ١٥ ی ئـابی ٢٠٠٥ تـوانی رەشنوسـی دەستوری هەمیشەیی جێ بـەجێ بکات و گـەلانی عیراقیش بـە رای گـشتی رەزامەنـدی لەسـەر هـەبوو، ٢/٣ ی سـێ پارێزگـا لـــەعیراق رەفزیـــان نـــەکردەوە واتـــە دژی نـــەبوون ئـــەو کاتـــە

هەڵبژاردن بۆ حکومەتێکی هەمیشەی تا ١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ دەکرێ، لە٣١ی هەمان مانگ دەست بەکار دەبێ بەڵام ئەگەر ئەم رەشنووسی دەستورە کە رەزامەندی لەسەر نەکرا ئەوسا ئەم ئەنجومەنی نیشتمانییەی کە ئێستا هەیە ئەنجومەنێکی نوێی نیشتمانی جێگەی دەگرێتەوە هەڵبژاردنیش دەبێ تاکو ١٥ی کانونی یەکەم ٢٠٠٥ ئەنجام بدرێ، ئەوسا ئەو ئەنجومەنی نیشتمانییە نوێیەو ئەو حکومەتە نوێیە لە٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ دەست بەکار دەبن.

دارشتنەوەی رەشنووسی دەستورێکی تری هەمیشەیی درێژترین کات کە لەبەردەمی‌دا هەبێت تەنها ساڵێکە، ئەویش پاش ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی بەزۆرینەی دەنگ داوا لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بکات کە پێویستی بەکاتێکی زیاتر هەیە، دەبێ ئەم داوایەش تا ١ی ئابی ٢٠٠٥ پێشکەش بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بکرێ ئەویش لەلای خۆیەوە تەنیا (٦) مانگ بۆی هەیە کاتەکە درێژ بکاتەوە لەدوای ئەوە هیچ درێژ کردنەوەیەکی تر نییە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەو ماوەیەی کە لەبەردەممان دایە بۆ نووسینەوەی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ عێراقێکی نوێ کاتێکی زۆر نییە بۆیە جێگەی خۆیەتی گەلی کوردستان هەر لەئێستاوە کەسانی شارەزاو یاساناسی بەتوانا بانگهێشت

بكات لەیەك كاتدا كار بۆ ئەوە بكات قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق كە بۆ قۆناغی گواستنەوە نووسراوە لایەنە پۆزەتیڤەكانی بخاتە بەرچاو تا هەوڵ بدرێ لەرێگەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق لەدەستوری هەمیشەیی عیراق دابچەسپێنن لایەنە نەگەتیڤەكانیشی لێ دەربكەن یا هەڵەو كەمو كورپییەكانی راست بكەنەوە. لەلایەكی تریشەوە پەرلەمانی كوردستان پرۆژەی دەستورێكی ناوچەیی كوردستان ئامادەی بكات بەجورێك بێت ماددەو برگەكانی بەراوردی زۆر ووردی بۆ بكرێ، بۆ ئەوەی ناكۆك نەبێت لەگەڵ ماددەو برگەكانی دەستوری هەمیشەیی عیراق واتە دەستوری فیدراڵی عیراق.

بەراستی ئەم كارە تا بڵێی قورس و ناخۆشە تا بڵێی خەڵكی پسپۆرو شارەزای یاسایی پێویستە، تا لەدەستوری ئایندەی عیراقدا بتوانین گەلی كوردستان بەتەواوی مافەكانی خۆی بگەیەنێ بۆیە تا زووە، دەست بكەین بە بەستنی كۆرو كۆبوونەوەو گۆرینەوەی بیرو بۆچوون نەك چاوەرێ بكەین تا كات نزیك دەبێتەوە ئەوسا نەتوانین وەك پێویست كاری بۆ بكەین تا بتوانین مافەكانمان لەدەستوری هەمیشەیی ئایندەی عیراقدا بچەسپێنین ئەوساش گلەیی و گازاندە دادی كەسمان نادات، رەنگە گۆرینی یەك ماددە یان یەك برگە لە ماددەیەك گەورەترین كێشە بنێتەوە.

دەبوایە سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان لەدانانی نوێنەرەکانی لەهەڵبژاردنی رابردوو کەسانی پسپۆڕو شارەزا و یاسا ناس و پارێزەر بەڕێژەیەکی یەکجار زۆرتر لەئێستای کە هەیە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دابنێ، بەداخەوە هەندێ کەسی تیایە کە بچووکترین هۆشیاری یاسایی نییە، کە چی رەوانەی بەغدا دەکرێ بۆ ئەوەی کار لەسەر چارەنووسی دەستورێك بکات کە پاشەڕۆژی هەموومانی پێوە بەندە. بەراستی کاری ئەندامانی پارلەمانی عیراق و کوردستان لەم قۆناغە لەهەموو قۆناغەکانی پێشوو لە هەموو قۆناغەکانی دوای ئەوەش سەختترە چونکە بۆ یەکەمجارە عیراق دەبێتە خاوەنی دەستورێکی هەمیشەیی ئەوەی لەدەستورەکە بچەسپێ باشە، ئەوەشی نەتوانرێ جێگەی بۆ بکرێتەوە بەهۆشیارییەکی تەواوی یاساییەوە نەچەسپێ ئەوە وەك کەم و کوڕی یەك دەمێنێ و دەبێ باجەکەشی بدەین چونکە لادان و زیادکردن و گۆڕینی مادده و بڕگەی دەستوری وەك قانونی ئاسایی نییە.

بۆیە جێگەی خۆیەتی هەر لەئێستاو هەوڵ بدەین هۆشیاری دەربارەی دەستورو پرەنسیپە گشتی یەکانی و هەموارکردنی دەستور و سرووشتی حوکم و شێوازەکانی کۆتایی هاتنی بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

# چەمكی قانونی دەستوری لەڕوانگەی پێوەری شێوەیی و بابەتیدا

دوای سەركەوتنی گەلانی عیراق لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق لە ٢٠٠٥/١/٣٠ مەسەلەی دارشتنی دەستور بۆتە خەمی سەرەكی، هەریەكە دەیەوێ دەستوری ئایندە لەروانگەی بیرو بۆچوونی خۆی نزیك بێت، گەلی ئێمەش لەخەمی ئەوەدایە لەدەستوری ئایندە عیراقێكی دیموكراتی، فیدرالی، پارلەمانی، فرەحزبی، بچەسپێنێ، عیراقێكی عەلمانی، عیراقێك تەواوی مافە پێشێلكراوەكەمان بۆ بگەرێنێتەوە سنوری جوگرافی و سیاسی و مێژووی كوردستان دیاری بكات، هەروەها دەستكەوتی ئابوریش بەپێی رێژەی كورد دابنرێ، مافی گشتی و مافی تاك و هاولاتیبوونمان زامن بێت، دەسەلاتی حوكمەتی هەرێمی كوردستان لەنێو حوكمەتی فیدراڵی عیراقدا پارێزراو بێت، شێوەی تەوافق لەدانانی كورد لەشوێنە سیادیەكانی عیراق بگرێتە خۆی، ئەمەو چەندان هیواو ئاواتی گەشتر..

كە دەستور ئەو هەموو بایەخەی هەبێت زۆر گرنگە بەووردی لەرووی زمانەوانی و هونەری و، هەروەها تێگەیشتن لەقانونی دەستوری بە پێوەری شێوەیی و بابەتی و، سەپاندنی

بالآیـەتی دەسـتورو هـەروەها جیاکردنـەوەی دەسـتوری نـەرم (مــرن) لەدەســتوری رەق یــان ووشــك (جامــد)، زانینــی تایبەتمەندییەکانی دەستور لەسیستەمی فیدراڵی لەروانگەی ئــەوەی دەســتورێکی نووســراوەو تیایــدا بالآیــەتی خــۆی دەسەپێنێ تیایدا دەستور دەستورێکی ووشکە (جامد)، بۆ ئەوەی نەتوانرێ بەسانایی بەشێوەی ئاسایی هەموار بکرێت، ئەمــە جگــە لــەوەی دەســەڵاتی حکومــەتی فیــدراڵو حوکمەتــە ناوچـەییەکان تیایـدا دابەشکراوە، دەسـەڵاتی یاسـا دانـانی ناوچـەیو یاسـا دانـانی فیـدراڵی تیایـە، دادگـای دەسـتوری فیدراڵی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە لەرووی قانونیەوە لەنێوان هەرێمەکان یان لەنێوان هەرێمێكو حکومـەتی فیــدراڵ روو دەدات. هــەموو ئــەو مەســەلانە پێویــستی بەلێکۆڵینەوە هەیە سەرەتا لەم نووسینە تەنیا باس لەقانونی دەسـتوری لەروانگـەی پێـوەری شـێوەییو بابـەتی دەکـەین بـە هیـوای ئـەوەی لەنووسـینەکانی ئاینـدەدا لایەنـەکانی تـری دەستور روون بکەینەوە

## ( قانونی دەستوری چی یە؟ )

دەستەواژەی قانونی دەستوری لەساڵی ١٨٣٤ لەسەردەمی حوکمـەتی مـەلیك لـویس فیلیـپ لەلایـەن جیزۆتـی وەزیـری

مەعاریفی ئەو کاتەوە بڕیاری لەسەردرا کە وەك وانەیەکی نوێ لەزانکۆی پاریس بخوێنرێ بەمەبەستی ئەوەی قانونی دەستوری وەك دۆکۆمێنتی دەستوری و زامنکردنی مافی تاکەکان و دیاریکردنی سیستەمی سیاسی روون بکرێتەوە دەستەواژەی قانونی دەستوری لەعیراقدا لەبیستەکانی سەدەی بیستەم دا بەناوی قانونی بنچینەی ناسراوە لەهەندێ شوێنیش بەسیستەمی دەسەڵاتە گشتییەکان ناسراوە، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا بەقانونی دەستوری دیاریکراوە.

ووشەی دەستور ووشەیەکی فارسیە بەمانای بنچینە دێت لەزمانی فەرەنسیش (Constitution) مانای دامەزراندن یان رێکخستن دەگرێتەوە. لێرەدا چەمکی دەستور بەگوێرەی دەوڵەت و، کۆمەڵێك بنەمای قانونی دەگرێتەوە لەرووی بناغەی دامەزراندنی و پێکهاتەی و شێوەی دەوڵەت هەروەها ئەو بنەمایانەیش دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە دەسەلاتی سیاسی و رێکخستنەکانیەوە هەیە بێجگە لەو بنەماو ئەحکامانەی کە پەیوەستن بەپێکهاتنی دەوڵەت.

دەستور لەلایەن شارەزایانی ئەم بوارە بە دوو مانای جیاواز گوزارشتی لێ دەکرێ هەندێکیان بەپێوەری رەسمی یان شێوەیی گوزارشتی لێ دەکەن هەشیانە بە پێوەری بابەتی یان مادی گوزارشتی لێ دەکات.

# قانونی دەستوری به پێوەری شێوەیی

دیاریکردنی دەستور بە پێی پێوەری شێوەیی واتە لەسەر روو دەرەوەی ئەو بنەمایە دەناسرێتەوە، لەو کاتە دەستور بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ: بریتییە لەکۆمەڵێك بنەمای سەرەکی کە دەوڵەت رێکدەخات بەشێوەی دۆکۆمێنت لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتەوە دەردەچێت. دەشتوانین بڵێین: بریتییە لەکۆمەڵێك بنەما کە دۆکۆمێنتێك لەخۆی دەگرێ پێی دەگوترێ دەستور ئەم دەستورەش بەپێی رێو شوێنی تایبەت نەبێت ناتوانرێ دابنرێ یان هەموار بکرێ کە جیاوازە لەو رێو شوێنانەی لەدانانی قانونی ئاسایی دەگیرێتە بەر لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ هەر شتێك لەناوەڕۆکی ئەو دۆکۆمێنتەدا نەبێت کە پێی دەگوترێ دەستور تەنانەت ئەگەر لەرووی سرووشتی یان لەجەوهەریشدا بنەمایەکی دەستوری هەبێت هیچ ئیعتباری بۆ ناکرێ.

ئەگەر بە پێوەری شێوەیی (شکلی) پێناسەی دەستور بکەین رووبەڕووی هەندێ رەخنە دەبینەوە.

١. ئەو وڵاتانەی دەستوریان نەنووسراوە ئەوە سەرچاوەی دەستورەکەیان عورفە بەم پێیە بێت خاوەنی دەستورنین وەکو بەریتانیا تا ئێستاش دەستوری عورفی هەیە.

٢. فەرامۆشی تەواوی عورفی دەستوری کردووە کە عورف سەرچارەیەکی گرنگی دەستورە تەنیا دۆکۆمێنتی دەستوری دەکەوێتە ناو ئەو پێناسەیەوە، چونکە زۆرجار هەندێ مەسەلە هەن سرووشتێکی دەستوری هەیە لەدەستورەکە تەنانەت لەقانونی ئاسای باسی لێوە نەکراوە هەر وەکو لەلوبنان هەموو کاتێك وەك عورفێکی دەستوری سەرۆك کۆماریی لوبنان مارۆنی دەبێ، سەرۆك وەزیرانی سونی دەبێت، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران شیعە دەبێت کە ئەمە نە لەدۆکۆمێنیتی دەستور چەسپاوە نە لەقانونی ئاسایی. .

٣- هەندێك مەسەلە هەن لەدەستوردا جێگەی بۆدەکرێتەوە بەپێی سرووشتو جەوهەر ناچێتە ناو بابەتە دەستوریەکان بەڵکولەریزی قانونی ئاساین وەکو قانونی عقوباتو قانونی ئیداریو قانونی دارایی. تێکەڵاوکردنی ئەو مەسەلانە لەدەستوردا مەبەست تەنیا چەسپاندنو سەقام گیرکردنیەتی.

٤- هەندێ مەسەلەی دەستوری هەن لەروی سروشتو جەوهەردا کەچی نەخراونەتە ناو دەستور بەڵکو بەپێی قانونی ئاسایی رێکدەخرێ لەوانە هەڵبژاردن یان بەپێی یاسایەکی تایبەت لەوانە وەکو قانونی حیزبە سیاسیەکان.

٥- لەبەرئەوەی ئەحکامو بنەماکان لەدەوڵەتێك بۆدەوڵەتێکی تر دەگۆرێ ئەمەش وادەکات نەتوانین بەپێی

پێوەری شێوەی پێناسەیەکی وەك یەك بۆ قانونی دەستوری بکەن.

## قانونی دەستوری بە پێوەری بابەتی یان مادی...

دیاری کردنی مانای هونەری یان دەستەواژەی دەستور بەپێی پێوەری بابەتی یان مادی پشت بەبابەت یان ناوەرۆك یان بنەمایی جەوهەری دەبەستێت بەبێ ئەوەی لەشێوەی یان سەرچاوەکەی ووردبێتەوە، بەوپێی یە دەستور ئەو بابەتانە دەگرێتەوە لەرووی سروشتیو جەوهەریەوە دەستور پێك دەهێنن، جا ئەگەر لەدۆکۆمێنیتی دەستوری بێت یان لەعورفی دەستوریەوە بێت یان لەشێوەی قانونی ئاساییەوە هاتبێت، بەڵام ئایا ئەولایەنە کامانەن کە لەرووی سروشتو جەوهەریەوە بەدەستور دادەنرێت؟ هەندێك لەپسپۆرانو بیرمەندانی ئەم بوارە ئەولایەنەی بەلایەنی بەدەستور دادەنرێ کە پەیوەندی بەسیستمی حوکمی دەوڵەت هەیە، هەندێك سروشتی پێکهاتەی دەوڵەت لەروی ئەوەی دەوڵەتێکی سادەیە یان دەوڵەتێکی ئاوێتەیە هەروەها ئایا مەلەکییە یان کۆماری، هەروەها پرەنسیپە گشتیەکانو بنچینەییەکانی کەپابەندن بەدەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنەوەو، ئەو پەیوەندیەش

كە ئەم دوودەسەڵاتە دەهێنێتە كايەوە. بەلای هەندێكی تر وايە ئـەو بناغەيەيـە كەچـۆنيەتی رێكخـستن و دەسـەڵات سياسـی دەگرێتەوە. بەشێوەيەكی تر بريتيە لەكۆمەڵێك بنەمای داڕێژراو بۆ دەوڵەت .

دەكرێ بڵێن ئەو بابەتانەی لەرووی سروشتیو جەوهەريـەوە بەدەستوری دادەنرێ سروشت و شێوەی دەوڵەت دياری دەكات لـەروی ئـەوەی دەوڵـەتێكی سـادەيە يـان ئاوێتەيـە، هـەروەها سيستم و تايبەتمەندی سياسەتی دەوڵەت لەرووی (پەرلـەمان و حكومـەت)ديـاری دەكـات بێجگـە لـەوەی سيـستمی حـوكم (ديمـوكراتی، ديكتـاتۆری، پەرلـەمانی سـەرۆكايەتی) ديـاری دەكات هەروەها مافە بنچينەيیيەكانی تاك و ئازاديە گشتيەكان لەدەوڵـەت دەستنيـشان دەكـات بـەهۆی ئەوپەيوەنديـە بەتينـەی كەبەسيـستمی حـوكمی سياسـی لەدەوڵـەت دا هەيـەتی. ئـەمڕۆ لايەنــە بنــچينەييە ئـابوری و كۆمەڵايەتيــەكانی دەوڵــەتيش لەبابەتی مەسەلە دەستوريەكان دادەنرێ.

دەستورلەروی بابەتييـەوە بـەپێی هەنـدێ بۆ چوون بريتييە لەكۆمەڵێك بنەما كە تايبەتە بە رێكخستنی سياسیو ئابوری و كۆمەڵايــەتی دەوڵــەت كەواتــە كەفەلــسەفەو ئايــدۆلۆژيا كەسيــستمی حــوكمی دەوڵــەتێكی لەســەر بنيــات نــراوە لەچوارچـێوەی قانونيـدا دەردەكـەوێ لـەكۆتايی دەگەينـە ئـەو

دەرئەنجامەی کە پێناسەی قانونی دەستوری بەپێی پێوەری بابەتی راسترە لەپێناسەی بەپێی پێوەری شێوەیی.

## سەرچاوەکانی قانونی دەستوری

زووربەی شارەزایانو بیرمەندانی بواری قانونو قانونی دەستوری لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرچاوە سەرکیەکانی قانونی دەستوریی بریتییە لەتەشریعو عورفو قەزا. بەڵام راستیەك هەیە دەبێ هەردەم لەبەرچاومان بێت ئەویش ئەوەیە سیستەمە سیاسیەکانی هەر وڵاتێك لەو وڵاتانە کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لەهەوڵی ئەوە دایە دەستور لەگەڵ رەوتی بیرو بۆچوونو ئایدلۆجیەتی خۆی دابێتەوە مەشروعیەتێکی قانونیشی پێ ببەخشێ، لەجیهاندا رووی نەداوە دەسەڵاتێکی سیاسی ئەم مەسەلەیە فەرامۆش بکات بۆیەش هەندێ جار دەڵێن لەرووی کردارەوە سەرچاوەی سەرەکیو بنچینەی قانونی دەستوری ئایدلۆجیەتی لایەنی سیاسی دەسەڵاتدارە، هەرچی تەشریعو عورفو قەزان سەرچاوەی ناسەرەکین.

بەهەر حاڵ سەرچاوە راستەوخۆکانی قانونی دەستوری هەر تەشریعو عورفو قەزایە ئەگەر چی مەسەلەی عورفو قەزاش لەنێوان بیرمەندانی ئەم بوارە بۆچوونی جیاوازیشی لەسەر هەیە.

١. تەشریع (یاسادانان)

مەبەست لەتەشریع بریتییە لەتەواوی بنەما قانونیەكانی كە دەسەڵاتی تایبەتمەند دەری دەكات كە بەپێی دەستور ئەو دەسەڵاتەی پێ دراوە.

لەزووربەی وڵاتان دەسەڵات لەدەستی پارلەماندایە هەر ئەویش هەڵدەستێ بە دانانی قانون

٢. عورف:

دەكرێ بڵێین عورف كۆنترین سەرچاوەی بنەما قانونییەكانە بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی كۆنەكاندا شتی نووسراو بەم جۆرە نەبووە.

عورفی دەستوری لەسەر دوو كۆڵەگەی بنچینەی بنیاتنراوە ئەویش:

روكنی مادیو روكنی مەعنەوییە.

روكنی مادی ئەم مەرجانەی تیادایە

١ــ دووبارە بوونەوە: دووبارە بوونەوەی واقیعەیەك بەشێوەیەكی بەردەوام نەك واقیعەیەك هەر جارێك ببێ.

٢. بەگشتی بوون: دەبێ ئەو عادەیە شێوەیەكی گشتی بە خۆوە گرتنێت نەك عادەتێكی تایبەت بێت بە كەسێك یان چەند كەسێك وە دەبێ لایەنەكانیش پەیوەست بن پێیەوە.

٣. چەسپاو:

دەبێ ئەو عادەتە ببێتە عورفێکی قانونی واتە بەشێوەیەکی ڕێك‌و چەسپاو بەبێ پسانەوە کاری پێ بکرێ بەمەش سەقامگیری بۆ خۆی وەدەست هێنا بێ.

٤ـ کۆنی: هەر عادەتێك تا دەبێتە عورف ماوەیەکی زۆری بەسەر تێدەپەڕێ، بۆیە عورف دەبێ لەڕووی زەمەنەوە کۆن بێت، دیارە کۆنی هەر مەسەلەیەك‌و مەسەلەیەکی تر دەگۆڕێ هەندێك عادەت هەیە تا دەبێتە عورف پێویستی بەکاتێکی زۆر زیاتر هەیە لەمەسەلەیەکی تر کە ڕەنگە ئەو زەمەنە دوورو درێژەی نەوێ.

٥. ڕوونی: دەبێ ئەو عادەیە زۆر ڕوون بێت تا دەبێتە عورف واتە نابێ تەفسیری جیاجیا بەخۆیەوە هەڵگرێ.

ڕوکنی مەعنەوی: عورفی دەستوری تەنیا بەڕوکنی مادی پێك نایەت بەڵکو دەبێ ڕوکنی مەعنەویش تیایدا هەبێت واتە لەویژدانی هەمووادا چەسپابێت وەك قاعیدەیەکی قانونی کاری پێ کرابێ

رۆڵی عورفی دەستوری:

لەدەستورە نووسراوەکان عورفی دەستوری لەپاڵ ئەوەی وەك دۆکۆمێنتێکی دەستوری وایە لەهەمان کاتدا چەند ڕۆڵێکی گرنگی تریش دەگێڕێ لەوانە:

١ـ دەبێتە عورفێکی ڕاڤەکەر (العرف المفسر) کاتێ کە دەقێکی دەستوری هەبێت هەندێك تەم‌و مژو ناڕوونی لەدەقەدا

هـەبێت کـە بـەهیچ جورێـك لەدەقـەدا دەرناچـێ لـەو چوارچێوە تەفـسیری دەکـات واتـە هـیچ بنەمایـەکی قـانونی نـوێ نایەتـە کایـــەوە تـــەنیا کـــاری روونکردنـــەوەی لایەنـــە ناروونەکـــەی دەقەکەیە.

٢ـ دەبێتـە عـورفێکی تەواوکـەر (العـرف المکمـل) کاتـێ کـە دەقێکی دەستوری هەبێت بەلاّم ئەم دەقە دەستوریە کەمو کوڕی تێدا هـەبێت لـەم کاتـە ئـەرکی سـەرەکی دەبێتـە تەواوکـەری ئـەم دەقە بەمـەش حـوکمێکی نـوێ یـان حـوکمێکی بـێ کـەمو کـوڕی دەدات بەدەستەوە ئەم بۆشاییە دەستوریە پڕ دەکاتەوە.

لەهەنـدێك بۆچـوون ئـەم کـارە بـە هـەموارکردنی دەسـتور دادەنرێ پێیـان وایـە تـەنیا دەکرێ ئـەم کـارە تـەنیا بـۆ قـانونی ئاسـایی دەکـرێ ئـەم رێگەیـە بگیرێتـە بـەر نـەك بـۆ تەشـریعاتی دەسـتور بـەلاّم رای زووربـە ئەوەیـە دەکـرێ لـەم رووەوە سـوودی لـێ وەربگیرێ چونکە بنـەمای عـورفی لـەم حاڵەتـە لەگـەڵ دەق و رۆحی دەستورەکە ناکۆك نییە.

٣ـ دەبێتـە عـورفێکی هەموارکـەر (العـرف المعـدل) مەبەسـت لـەعورفی دەسـتوری هەموارکـەر ئەوەیـە کاتـێ کـە دەقێکـی دەستوری هـەبێت بـەلاّم عـورفێکی دەستوری جیـاواز لـەو خـۆی بسەپێنـێ هـەمواری حوکمێك بکـات چ بـەزیادکردن بێـت یـان بـە کەم کردنەوە بێت لەدەقی دەستورەکە.

عورفی هەموارکەر لەرووی مەشروعیەتو نامەشروعیەتەوە لەلایەن شارەزایانی ئەم بوارە هەندێك پەسەندی دەکەنو هەندێکی تریشیان بە نامەشروعی دادەنێین ئەوانەی لەگەڵ مەشروعیەتی عورفی هەموارکەرن لەسەر بنەمای ئەوەی ئەم عورفە گوزاریشت لەئیرادەی گەل دەکات. بەڵام ئەوانەی کە دژی ئەم بۆچوون لەسەر ئەو بنەمایەی ئەگەرچی گەل خاوەنی شکۆمەندو سیادەی خۆیەتی بەڵام ئەو سیادەیەش لەرێگای هەیئەتی دیاریکراو دەچەسپێندرێ. ئێستا رێگەی دووەم زیاتر دەگیرێتە بەر.

٤ـ کاتی عورفی دەستوری دەبێتە عورفێکی ناکۆك کە راستەوخۆ پێشێلکردنی دەقێکی دەستوری دیاریکراوو ئاشکرایە وەك ئەوەی لەدەستور دانرابێت کە هەڵبژاردن راستەوخۆ بێت بەیەك پلە کەچی عورفێك پەیدا بێت بیکاتە هەڵبژاردنی ناراستەوخۆ واتە هەڵبژاردن بەدوو پلە.

ئەم حاڵەتەش بە رای زووربە وایە کە لادانە لەحوکمێکی ئاشکرای دەستور لەبەر ئەوە مەشروعیەتی نییە.

٣. قەزا:

بیرمەندانو شارەزایانی ئەم بوارە ناکۆکن لەسەر ئەوەی ئایا قەزا دەکرێ وەك سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی بنەمای قانونیو قانونی دەستوری تەماشا بکرێت بەشێك لەگەڵ ئەوە دانین بکرێت بە سەرچاوەیەك بەشێکی تریشیان لەگەڵ ئەوەن

کە قەزا سەرچاوەیەکە لەسەرچاوەکان. ئەو وڵاتانەی کە بە پێشینەی قەزای کارناکەن لەوکاتە نابێتە سەرچاوەیەك بۆ بنەمای قانونی چونکە دادگا خۆی ئیلزام ناکرێ هەمان رێو شوێنی جاری پێشو بگرێتە بەر بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك. بەڵام ئەو وڵاتانەی کە بەسیستەمی پێشینەی قەزای کار دەکەن بە سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی قانونی دەستوری دەزانن.

## شێوازەکانی نووسینەوەی دەستور

مەبەست لەشێوازەکانی نووسینەوەی دەستوور گرتنەبەری ئەو رێگایانەیە کە پەیڕەوی دەکرێ لەدانانی دەستوری نووسراو نەك دەستوری عورفی، دیارە هەر دەستورێك لەهەر وڵاتێکدا بێت دەکەوێتە ژێر کاریگەری رژێمی دەسەڵاتدارو ئەو رەوشە سیاسیەی کە تیایدا دەژی هەر ئەمەشە وای کردووە کە جۆریی دەستور جیاوازی هەبێت.

لەکۆندا دانانی دەستور لەدەسەڵاتدارانی مەلەکی کە خۆیان بە شکۆمەندار دەزانی نەك گەلەکەیان دەستوریان وەك بەخششێك دادەڕشت کە مەلیك بەخشیوویەتیە گەل لەو کاتە ئیرادەی مەلیك رۆڵی خۆی دەبینی. بەڵام هۆشیار بوونەوەی هاووڵاتیانی هەر گەلێكو رووبەڕووبونەوەیان دژ بەدەسەڵاتدارانی رەها مەلیکەکانی ناچار کرد ئەو مافە

بەهاوولاتیانی گەلەکەیان بدەن بەشداری لەکاروباری دەسەلاتدا بکەن شوێنی خۆیان لەدانانی دەستوردا هەبێت وەك ئەوەی دەستور بەشێوەی گرێبەستێك لەنێوان گەلو مەلیکدا دابڕێژێ.

بەپێشکەوتنیو گەشەکردنی دیموکراسیەت وای لێهات گەل خۆی ببێتە خاوەنی شکۆداری راستەقینە نەك کەسێکی تر، لەوکاتەوە گەل بوو بەتاکە سەرچاوەی دانانی دەستور جا چ بەرێگەی کۆمەلێکی دامەزرێنەر یان بەرێگەی ریفراندۆمی دەستوری بێت.

شێوازی نووسینەوەی دەستور ئەگەر بەشێوەی بەخشین بێت لای دەسەلاتدار یان بەشێوەی گرێبەست بێت لەنێوان گەلو دەسەلاتدار یان بەرێگەی کۆمەلی دامەزرێنەر بێت یان بەریفراندۆمی گەل بێت ئەو دەسەلاتەی کە دەستور ئامادە دەکات یان دەستور دەنووسێتەوە پێی دەگوترێ دەسەلاتی دامەزرێنەری بنچینەیی (السلگە التأسیسیە الأصلیە) بەلام ئەو دەسەلاتەی کە کاری هەموارکردنی (تعدیل)ی دەستورە بەپێی ئەو دەسەلاتەی لەدەستور پێی دراوە پێی دەگوترێ دەسەلاتی دامەزرێنەری دانراو (السلگە - التأسیە المنشأە) دەسەلاتی دامەزرێنەری بنچینەیی لەدوو حالەت دا رۆلی خۆی دەگێرێ:

١. کاتێ دەولەتێکی نوێ دروست دەبێت، سەربەخۆی خۆی وەردەگرێ لەوکاتە پێویستی بەدانانی دەستورێکی تایبەتی بەخۆیەوە دەبێت.

٢. کاتێك گۆڕینێك یان شۆڕشێك یان کودەتایەك لەوڵاتێکدا ڕوودەدات لەم کاتەدا دەستوری کۆن کاری پێ ناکرێ وڵات پێویستی بەدانانی دەستوری نوێ دەبێت.

٤-ئەگەر بێتو شێوازی هەڵبژاردنی ئەنجومەن گۆڕانکاریی تێدا کرا لە کاتێکدا کە ماوەی خولی هەڵبژاردنەکەی شەشو مانگ یان کەمتری مابێت.

پێنجەم: دەرکردنی بڕیار کە هێزی یاسای هەبێت دوای رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران ئەویش لە کاتێکدا ئەگەر بێتو هەرێمی کوردستانو سیستمە سیاسییەکەی یا ئاسایشی گشتیی هەرێم یا دامەزراوە دەستوورییەکانی دووچاری مەترسیی ترسناك ببنەوە کە

هەڕەشە لە کیانی بکاو ئەنجومەنی نیشتمانی نەتوانێت کۆببێتەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکان بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێم لە یەکەم کۆبوونەوەیدا، ئەگەر بڕیارەکان نەخرانەڕوو، یا ئەگەر خرانەڕوو بەڵام ئەنجومەنی بڕیاری لەسەر نەدا، ئەوا سیفەتی یاسایی لەدەست دەدات.

شەشەم: دەرکردنی لێبوردنی تایبەتی بۆ بەندکراوان.

حەوتەم:پەسەندکردنی بڕیارەکانی لە سیدارەدان یا سووکردنی حوکمەکە بۆ بەندکردنی هەتا هەتایی.

هەشتەم:ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بەپێی یاسایەکی تایبەت.

نۆیەم: دیوانی چاودێریی دارایی بە سەرۆکی هەرێم دەبەسترێتەوە.

دەیەم: هاتنە ناوەوەی هێزی چەکداری ئیتیحادی بۆ ناو هەرێم لە کاتی پێویستدا بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی نیشتمانیی دەبێت.

یانزەهەم: دەرکردنی مەرسوم بە دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یا وەزیرێك لە کاتی کێشانەوەی متمانە لێیان.

دوانزەهەم: دەرکردنی مەرسوم بۆ پەسەندکردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یا وەزیرو سپاردنیان بە بەردەوامبوون لە ئەرکەکانیان تا پێکهێنانی کابینەی نوێی وەزیران.

سیانزەهەم:دامەزراندنی پلە تایبەتەکانو حاکمەکانو سەرۆكو ئەندامانی داواکاریی گشتی.

چواردەهەم: پێدانی پلەی سەربازیی بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێمو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرکردنیانو خانەنشین کردنیان بەپێی یاسایەك.

پانزەهەم:پێدانی میدالیاو نیشانە بە پێی یاسا.

شانزەهەم:سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دەکات بەپێی یاسا.

ماددەی یانزەهەم:

مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسایەك دیاری دەکرێت.

ماددەی دوانزەهەم:

سەرۆکایەتیی هەرێم دیوانێکی دەبێت کە پێکهاتەو ئەرکەکانی بەپێی یاسایەك دیاری دەکرێن.

ماددەی سیانزەهەم:

سەرۆکی هەرێم سەرکردەی گشتیی هێزی چەکداری بەرگریی هەرێمی کوردستان-عیراق دەبێت.

ماددەی چوارادەهەم:

لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی هەرێم لەبەر هەر هۆکارێك بێت، ئەوا سەرۆکی دەسەلاتی تەنفیزی جێگەی دەگرێتەوە.

ماددەی پانزەهەم:

ئەگەر بێتو پۆستی سەرۆکی هەرێم لەبەر هەر هۆکارێك بە شاغیری بمێنێتەوە، ئەوا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق بە ئەرکەکانی هەڵدەستێت تا ئەو کاتەی سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت لە ماوەی ٦٠ رۆژ لە مێژووی شاغیربوونی پۆستەکە.

بەشی پێنجەم

بڕگەی ئینتیقالی

ماددەی شانزەهەم:

بۆ ماوەی ویلایەتی یەکەم، سەرۆك لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق هەڵدەبژێردرێت بە زۆرینەی ئەندامانی بەپێی حوکمەکانی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە.

ماددەی حەڤدەهەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی هەژدەهەم:

**ئـەم ياسـايە لـە رۆژی بڵاوبوونـەوەی لـە رۆژنامـەی رەسميـی (وەقـائيع كوردستان)دا كاری پێدەكرێت**

**سەرۆكی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان-عيراق**

**تێبينی: هەردوو پرۆژەی ياسا بە زمانی عەرەبی نووسراون و لەلايەن ئاسۆوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی كوردی.**

# دەقی یاسای پەسند کراوی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عیراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق**

ژمارەی دەرکردن: ١

رۆژی دەرکردن: ٢٠٠٥/٦/٨

بەپشتبەستن بەبڕگە (١) لەماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لەیاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢، لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە ژمارەی یاسایی لەئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق خستوویانەتەڕوو، هەروەها ئەوەی کەئەنجومەن لەدانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی (٢٠٠٥/٦/٧)دا گەڵاڵەی کردو لەسۆنگەی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی بڕگە (٣) لەماددەی دووەم لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧، بڕیارمان دا ئەم یاسایەی خوارەوە دەربکەین:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥**

**یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق**

**بەشی یەکەم**

**ئەحکامی گشتی**

**ماددەی یەکەم:**

هەرێمی کوردستان-عیراق سەرۆکێکی دەبێت پێی دەگوترێت (سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق) کەسەرۆکی باڵای دەسەڵاتی راپەڕاندنە لەهەرێمدا.

**ماددەی دووەم:**

هاووڵاتییانی کوردستان-عیراق لەڕێگەی دەنگدانی گشتیی نهێنیی راستەوخۆوە سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن کەنوێنەرایەتیان دەکات و

بەناوی ئەوانەوە لەهەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا قسە دەکات و هاوئاهەنگی دەکات لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا.

ماددەی سێیەم:

ماوە (ویلایەت)ی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵ دەبێت و دەکرێت بۆ جار (ویلایەت)ی دووەم هەڵبژێردرێتەوە.

ماددەی چوارەم:

دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەوادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق بەڕێوەدەچێت، بەو مەرجەی لەگەڵ حوکمی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبێت و لەمادەی دیاریکراو بۆ ویلایەتەکەی کەم نەکاتەوە.

بەشی دووەم

مەرجەکانی پاڵێوراوو دەنگدەر

ماددەی پێنجەم:

پێویستە پاڵێوراو ئەم مەرجانەی تێدابێت:

١-تەمەنی لەکاتی هەڵبژاردندا لەچل ساڵ کەمتر نەبێت.

٢-هاووڵاتی کوردستان-عیراق بێت دانیشتوو بێت تێیدا.

٣-مافە مەدەنی و سیاسییەکانی هەبێت.

ماددەی شەشەم:

پێویستە دەنگدەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)دا هاتوون.

بەشی سێیەم

پاڵاوتن و هەڵبژاردن

ماددەی حەوتەم:

-١داواكاريى پالاوتن پێشكەش بەدەستەی بالای سەرپەرشتياری هەڵبـژاردنى ئەنجومـەنى نيـشتمانيى كوردسـتان-عـيراق دەكرێـت بـەلانى كـەم سـى رۆژ بـەر لەوادەى ئەنجامدانى.

-٢پێويـستە دەسـتەى بـالا لـەماوەى چـوار رۆژ لـەرۆژى پێـشكەشكردنەكەوە داواكارى پالاوتن و راگەياندنى يەكلابكاتەوە.

-٣پـالێوراو مـافى لاريـى نيـشاندانى هەيـە بەرامبـەر برپـيارى رەتكردنـەوە لەبەردەم دادگاى تەمييزى هـەرێمى كوردسـتاندا لـەماوەى حـەوت رۆژ لـەرۆژى دەرچوونى برپيارەكەوە.

-٤دادگا برپيارێكى يەكلاكەرەوە سەبارەت بەلاريى نيـشاندانەكە دەردەكات و لــەماوەى دوو رۆژ لــەرۆژى پێــشكەشكردنيەوە بەدادگاكــە رايدەگەيــەنێت و پالێوراويش لەرۆژى دەرچوونەكەوە بەپێراگەياندراو (تەبليغ كراو) دادەنرێت.

-٥دەســتەى بـالا بـەلانى كـەم پـانزە رۆژ بـەر لـەوادەى هەڵبـژاردن نـاوى پالێوراوەكان رادەگەيەنێت.

ماددەى هەشتەم:

ئەوەى لەهەڵبژاردندا زۆرينەى سادەى دەنگى دەنگدەران بەدەست بهێنێـت، بەبراوە دادەنرێت.

بەشى چوارەم

ئەرك و دەسەڵاتەكانى سەرۆكى هەرێم

ماددەى نۆيەم:

سەرۆكى هەرێم پاش هەڵبـژاردنى و بەرلـەوەى دەسـت بەئەركـەكانى بكـات ئەم سوێندەى خوارەوە لەبـەردەم ئەنجومـەنى نيـشتمانيى كوردسـتانى عيراقـدا دەخوات لەماوەى حەوت رۆژ لەرۆژى هەڵبژاردنييەوە:

(سوێند دەخۆم بەخواى گەورە كـە مافـەكان و دەسـتكەوتەكان و يـەكێتى و بەرژەوەنديـيـەكانى هاوولاتيـانى هـەرێمى كوردسـتان بپـارێزم و بەراسـتگۆيى و دڵسۆزييەوە ئەركەكانم جێبەجێ بكەم).

ماددەى دەيەم:

سەرۆكی هەرێم ئەم تایبەتمەندی و دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەكات:

یەكـەم: دەركردنــی ئــەو یاسـایانەی كـە ئەنجومــەنی نیـشتمانیی هــەرێم دایاندەرێژێت لەماوەی (١٠) رۆژ لەرۆژی دەركردنیانەوەو ماف لاریی نیـشاندانی بەرامبــەر هــەموو یــان بەشــێكی ئــەو یاســایانە هەیــەو گەڕاندنــەوەیان بــۆ ئەنجومەن بەمەبەستی چاوپێداخشاندنەوەیان ،ئەنجومەن لەبارەیانەوە بڕیاری كۆتایی دەبێت.

دووەم:دەركردنـــی مەرســـوومێك بەئەنجامـــدانی هەڵبـــژاردنی گـــشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێم لەحاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی یاخود كۆتاییهاتنی ماوەی خولی هەڵبژاردنەكەی لەماوەی (١٥) رۆژدا.

سێیەم: دەركردنی مەرسوومی بانگهێشتی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێم بۆ خــولی بەســتنی یەكــەمی خــولی هەڵبــژاردن لــەماوەی (دە رۆژ) لــەرۆژی راگەیانــدنی ئــەنجامی كۆتاییــەوە، لەحاڵــەتی دەرنەچوونی بانگەشــەش بــۆی ئەنجومــەن یەكــسەر لــەرۆژی دوای كۆتاییهــاتنی مــاوەی ئامــاژە بــۆكراودا كۆدەبێتەوە.

چــوارەم: هەڵوەشــاندنەوەی ئەنجومــەنی نیــشتمانیی كوردســـتان-عــیراق بەمەرسوومێك لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

-١ئەگەر پتر لەنیوەی ئەندامەكانی دەست لەكاربكێشنەوە.

-٢ئەگەر رێژە (نصاب)ی یاسایی بۆ كۆبوونەوەی لەماوەی چل و پێـنج رۆژ لەرۆژی بانگهێشتكردنیەوە بۆ بەستنی خولی هەڵبژاردنەكەی، تەواو نەبێت.

-٣ئەگەر ئەنجومەن متمانە بەئەنجومەنی وەزیران نەدات بۆ سێ پێكهاتـەی وەزاریی جیاجیاو بەدوای یەكدا.

-٤ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومـەن بگۆڕدرێت لەكاتێكدا ئـەو ماوەیـەی بۆ خولی هەڵبژاردنەكەی ماوەتەوە شەش مانگ و بەرەو خوار بێت.

پێنجەم: دەركردنی بڕیـار كـەهێزی یاسـای هەیـە پـاش راوێـژو رێككـەوتنی لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، ئەویش كاتێك هەرێمی كوردستان و سیستمە سیاسیەكەی یاخود ئاسایشی گشتی تێیـدا

یـان دامـەزراوە دەسـتوورییەکانی دوچاری مەترسـیی خەتـەرناکی ئـەوتۆ دێـن کەهەڕەشە لەقەوارەکەی بکەن و بەجۆرێك کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی نەتوانرێت بکرێـت، بـەو مەرجـەی ئـەو بڕیارانـە بخرێنـە بـەردەم ئەنجومـەنی نیـشتمانیی هـەرێم لـەکاتی یەکـەم کۆبوونەوەیـدا ئەگـەر نەشخرێنە بـەردەمی یاخود خرانە بەردەمی و ئەنجومەن پەسەندی نەکردن ئەوا سیفەتی یاسـاییان نامێنێت.

شەشەم: لێبووردنی تایبەت بۆ حوکمدراوەکان بەپێی یاسا.

حەوتـەم: پەسـەندکردنی حوکمـەکانی ئیعـدام یـان سـووك کردنیـان بـۆ زیندانیی ئەبەدی (هەتا هەتایی).

هەشـتەم: جـاڕدانی بـاری نائاسـایی (حالـە الگـواری‌و) بـەپێی یاسـایەکی تایبەت.

نۆیەم: بانگهێـشتکردنی ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆ کۆبوونـەوە بەشـێوەیەکی کتوپڕ لەکاتی پێویستیداو گفتوگۆکردن لـەبارەی ئـەو مەسـەلە دیاریکراوانـەی کە لەپێناویدا کۆبوونەوەکە دەکرێت و سەرۆکایەتیکردنی ئەم کۆبوونەوەیە.

دەیەم: ڕێگەدان بەهاتنە ژوورەوەی هێزە چەکدارە فیدراڵیەکان بـۆ هـەرێم لەکاتی پێویستیدا بەڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێم.

یانزەهەم: سـەرۆکی هـەرێم بـۆی هەیـە هێزەکـانی پێـشمەرگە بـۆ دەرەوەی هـەرێم جووڵـە پـێ بکـات بەڕەزامەنـدیی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتان-عیراق.

دوانزەهـەم: راسـپاردنی سـەرۆك وەزیـران پـاش دەستنیـشانکردنی لەلایـەن ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتان-عیراقـەوە بـەپێکهێنانی وەزارەت (کابینـە) ئەویش لەماوەی سی رۆژ لەڕۆژی راسپاردنەکەیەوە.

سـیانزەهەم: دەرکردنـی مەرسـووم بـەقبوڵکردنی دەسـت لەکارکێـشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر لەکاتی متمانە لێسەندنەوە لەهەر یەکێکیاندا.

چواردەهەم: دەرکردنی مەرسووم بەقبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرو راسپاردنیان بەبەردەوامبوونیان لەئەرکەکانیاندا تاکاتی پێکهێنانی کابینەی نوێ.

پانزەهەم: دانانی خاوەن پلە تایبەتمەند (الدرجات الخاصە) لەبەر رۆشنایی پاڵاوتنی وەزیری تایبەت و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیراندا.

شانزەهەم: دانانی حاکمەکان و سەرۆك و ئەندامانی داواکاریی گشتی پاش پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمەوە.

حەڤدەهەم: بەخشینی پلەی سەربازیی بەئەفسەرەکانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرکردنیان و خانەنشینکردنیان بەگوێرەی یاسا رەچاوکراوەکان.

هەژدەهەم: بەخشینی میدال و نیشانە بەپێی یاسا.

ماددەی یانزەهەم: مووچەو دەرماڵەکانی سەرۆکی هەرێم بەیاسایەك دیاری دەکرێن.

ماددەی دوانزەهەم: سەرۆکایەتی هەرێم دیوانێکی دەبێت کە پێکهاتەکەی و ئەرکەکانی بەیاسایەك دادەنرێن.

ماددەی سیانزەهەم:

-١سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان-عیراقە.

-٢سەرۆکی هەرێم جێگرێك بۆ فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان-عیراق دادەنێت تا یارمەتی بدات لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی لەم بوارەداو لەکاتی ئامادەنەبوونیدا شوێنی دەگرێتەوە.

ماددەی چواردەهەم: لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی هەرێم لەبەر هەر هۆکارێك بێت، بەوەکالەت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەرکەکانی دەگرێتە ئەستۆ.

ماددەی پانزەهەم:

ئەگەر پۆستی سەرۆکی هەرێم لەبەر هەر هۆکارێك چۆڵ بوو ئەوا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق ئەرکەکانی دەگرێتە ئەستۆی تا کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ لەماوەی شەست رۆژ لەڕۆژی چۆڵبوونی پۆستەکەوە.

ماددەی شانزەهەم:

ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێم بەبڕیارێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق کۆتایی دێت لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

-١ئەگەر سەرۆکی هەرێم داوای ئەمە بکات.

-٢نەتوانێت لەبەر هەر هۆکارێك بێت ئەرکەکانی جێبەجێبکات.

-٣متمانە لێ سەندنەوەی بەڕەزامەندی بەلانی کەم (★)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق و لەڕێگەی دەنگدانێکی نهێنییەوە.

بەشی پێنجەم

ئەحکامی ئینتیقالی

ماددەی حەڤدەهەم:

هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بۆ جار (ویلایەت)ی یەکەم لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراقەوە بەزۆرینەی ئەندامەکانی دەبێت ئەمەش وەك ئیستیسنایەکی حوکمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە.

ماددەی هەژدەهەم:

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد)و یاسای ژمارە (١٠)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٧، هەڵدەوەشێندرێنەوە.**

ماددەی نۆزدەهەم:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەحکامی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی بیستەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی رەسمی (وقائع کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

عەدنان رەشاد موفتی

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق

**هۆکارە پێویستەکان**

لەسۆنگەی ئەوەی کە هەر سیستمێکی سیاسی سەرۆکێکی هەیە کە یەکێتی گەل و نیشتمان بەرجەستە دەکات و لەناوەندە سیاسی و نێودەوڵەتییەکاندا بەناوی ئەوانەوە قسە دەکات و چاودێریی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان دەکات بەوپێیەی سەرۆکی بالای دەسەلاتی راپەڕاندنەو بەکۆڵەگەیەکی بنەڕەتی بۆ سەقامگیربوونی هەلومەرجی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵ دادەنرێت، هەروەها لەبەرئەوەی هەلومەرجی پێشووی ناوخۆ لەبارو گونجاو نەبوو بۆ تەواوکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢و کە ئەوسا وەك بەدیل (ئەلتەرناتیف)ێك بوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ئەمەش وای پێویست کرد دواتر یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ دەربکرێت و دەسەلاتەکانی لەنێوان سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا دابەش بکرێت ، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیە گەورانەی کەپاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆر سەدام حسێن بەسەر بارودۆخی عیراقدا هاتوون و پەسندکردنی فیدرالی وەکو سیستمێکی سیاسی لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو سەرکەوتنی هەڵبژاردنی گشتی لەعیراق لەپێکهێنانی یەکەم کۆمەڵەی نیشتمانیی هەڵبژێردراوی عیراق و بەشداربوونی کورد لەدەسەلاتە فیدراڵییەکاندا لەوانە سەرۆکایەتیی کۆمار، هەروەها لەسۆنگەی ئەوەی کەقۆناغی داهاتوو یەکخستنی هەڵوێست و هەوڵ دەخوازێت بۆ هێنانەدیی خواستەکانی گەلی کوردستان-عیراق لەئازادی و دیموکراسی و فیدراڵیدا، وای پێویست کرد ئەم یاسایە دابنرێت.

تێبینــی : دەقــی یاســاکە بــەزمانی عــەرەبی دارێــژراوەو پەســەند کــراوە ، ئەمەش دەقێکی تەرجەمـەکراوی نارەسمییـە کـە کوردسـتانی نـوێ کردوویـەتی بەکوردی .

( ٭ ) لەبەر ئەوەی لەو دەقە عەرەبییەی پێمان گەیشتووە ژمارەکە بەبۆشایی جێهێڵراوە ئێمەش وامان هێشتەوە .

# دەقی ڕێککەوتنی نێوان لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان و لیستی ئیئتیلافی عیراقی یەکگرتوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئینتیقالی عیراق

**و: دلاوەر عوسمان**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەڵبژاردنی گشتی دۆخێکی نوێی لەگۆڕەپانی سیاسی عیراقدا لێکەوتەوە، ئەمەش وادەخوازێت قوڵی لێ هەڵماڵرێت و هێزە نیشتمانی و ئیسلامییە بنەڕەتییە کاراکان بەتایبەتی ئەوانەی براوەن هاوکاری یەکتر بکەن بۆ کاری هاوبەش و دانانی میکانیزم و بەرنامەی کاری حکومەتی نیشتمانی کەڕەنگدانەوەی ئەرکە گەورەکانی پێداویستییەکانی قۆناغی داهاتوو بێت و هەموو هەوڵێك بخرێتەگەڕ لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەو سەرخستنی پرۆسەی سیاسی بۆ بنیاتنانی عیراقی دەستووریی دیموکراتی فیدرالی فرەیی یەکگرتوو کەتێیدا هاوولاتی هەست بەتەواوی هاوولاتیبوونی وەکیەکی بکات لەپیادەکردنی مافە تاکە کەسی و بەکۆمەڵییەکانیدا، تاوەکو عیراق بکەین بەولاتی هەمووان بەنەتەوەو ئاین و مەزهەبەکانیەوە، ولاتێك بێت تێیدا چاودێری بکرێت و ڕێزبگیرێت لەئیسلامی مەزن و لێبوردە بەبنەما نەمرەکانیەوە لەگەڵ باقی ئاین و باوەڕەکان و ڕۆڵەکانیان لەعیراقدا وەکو مەسحیەکان و صابیئەو ئێزدییەکان و ئەوانی دیکە، ولاتێك بێت تێیدا هەردوو قەومیەتە گەورەکە عەرەب و کورد کەقورسایی هەرە گەورەی عیراق پێك دەهێنن یەك بگرن بێ هیچ گۆشەگیرکردن یان جیاکردنەوەی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کەتورکمان و کلدان و ئاشووریەکان و باقی پێکهاتەکان دەیگێڕن، بەجۆرێك مافە مەدەنی و نەتەوەییەکانی گشت تاکە کەس و پێکهاتەکانی گەلی عیراق دەستەبەربکرێت، ولاتێك بێت تێیدا زۆرینەی شیعە لەگەڵ سوننە

بەپێگە مێژووییەکەیانەوە بىن بەبرا تاوەکو هەمووان لەپێناوی عیراقێکی یەکگرتووی دیموکراتی فیدرالی فرەییدا کاربکەن.

سروشتی ئەو قۆناغی ئینتیقالی (گواستنەوە)یەی کە گەلی عیراقمانی پێدا تێپەڕدەبێت بەرەو قۆناغی سەقامگیری دەستووری، وادەخوازێت بینایەکە لەسەر بناغەی روونی ئەوتۆ بنیات بنرێت کەپێکهاتەو شەبەنگ و رەوتە سیاسییەکانی گەلی عیراق کۆبکاتەوە، بەتایبەتی کەزۆر لەلایەنەکانی جوڵانەوەی نیشتمانی و ئیسلامی عیراق هاوپەیمانێتی پێشوویان لەنێوان خۆیاندا هەیە بۆ بەگژداچوونەوەی رژێمی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕ، ئەمە سەرەڕای هاوکارییەکی بنیاتنەرانە لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا پاش رووخانی ئەو رژێمە کە سەرەنجامەکەی ئەو هەڵبژاردنە درەوشاوەیە بوو کەتێیدا گەلەکەمان توانی سەربکەوێت و لەئەنجامدا هەردوو لیستی ئیئتیلافی یەکگرتووی عیراقی و هاوپەیمانیی نیشتمانی کوردستان توانیان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنن، ئەمەش زەمینەیەکی نایاب دەڕەخسێنێت بۆ هەردوو فراکسیۆنەکەو بەهاوکاری –پەنابەخوا- لەگەڵ باقی فراکسیۆن و لیستەکان بۆئەوەی پێکەوە ئەم قۆناغە ناسکە تێپەڕێنین، ئەمەش شەرەفێکی گەورەیە بۆ هەموومان دەنووسرێت و مێژوو تۆماری دەکات و نەوەکانی داهاتوو ستایشی دەکەن، بۆ مکومکردنی حاڵەتی دیموکراتی لەپێناوی بنیاتنانی عیراق لەسەر بناغەی دادپەروەری و هەڤخوازی و بەشداریکردندا.

## بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قۆناغی ئینتیقالی هەردوولا لەسەر ئەم بنەمایانە رێك دەکەون:

## یەکەم:

-١پابەندبوون بەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بەگشت برِگەکانیەوە بەوپێیەی رێکخەرو مەرجەعییەتە بۆ کاری حکومەت و

کۆمەڵـەی نیـشتمانی و دەسـەڵاتی دادوەری و ڕەچـاوکردنی ئـەوەی کەئـەرکی قۆناغی گواستنەوە ئامادەکردنی دەستووری هەمیـشەیی و بەرەوپێـشەوەچوونە لەهێنانەکایەی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەگوێرەی دەستوورێکی هەمیشەیی.

-٢پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانیی و لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپی بەشـــداریکردن و تـــەوافوق و نوێنەرایـــەتی پێکهاتـــەکانی عـــیراق لەگـــەڵ ڕەچاوکردنی ڕێژەکانی دەنگهێنان لەهەڵبژاردنـدا هـەروەها بەرەوپێـشەوەچوون لەسیاسەتی دیالۆگی نیشتمانی و فراوانکردنی بازنەی بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسی و ڕێوشوێنەکان بۆ دارشتنی پرۆژەی دەستوور بۆ هـەموو پێکهاتـەکان و ئەو کەسە قبوڵکراوانەی کەنوێنەرایەتی نێوەندەکانیان دەکەن و دژی تیرۆریزم و تێکدانن، بێ پەراوێزخستن یان ناهەقییەك.

-٣کـارکردن بـۆ پاراسـتنی سـیادەی عـیراق و مکـومکردنی سـەربەخۆیی و یەکێتیەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵ مەسـەلەی بـوونی هێـزە فرەڕەگەزنامـەکان لەچوارچـێوەی بڕیـاری (١٥٤٦)ی ئەنجومـەنی ئاسایـشدا، هـەروەها پەلـەکردن لەپلانەکانی هاوپەیوەند بەتـەواوکردنی بنیاتنـانی هێـزە چەکدارەکانی عـیراق تـابتوانن ئەرکـە ئەمنییـەکان لـەهێزە فرەڕەگەزنامـەکان وەربگـرن لـەکاتی تـەواوبوونی پێداویـستییەکان لەهـەردوولادا، سـەرەڕای تەئکیدکردنـەوە لەسـەر ڕێبـازی بـەردەوامبوون و هاوکـاریی لـەنێوان هـەردوولادا بـەجۆرێك مەبەسـتە ڕاگەیانـدراوەکان بهێنێتـەدی هاوکـات لەگـەڵ تـەواوبوونی ئـەرکی ئـەو هێزانـە لەعیراقـدا، پەلــەکردن لەتــەواوکردنی پێداویــستییەکانی خــۆیی بــەگوێرەی خـشتەیەکی زەمـەنی بۆئـەوەی هێزەکـانی عـیراق تـەواوی ئەرکـە ئەمنییـەکان بگرنەئەستۆ هەلومەرجێك دەرەخسێنێت بۆ کەمکردنەوەی پلە بەپلـەی ڕۆڵی هێزە فرە ڕەگەزنامەکان تادەگاتە کۆتاییهێنان بەئەرکەکانیان.

-٤ قبوڵنـەکردنی ئـەو واقیعـی نـەداری و مەزڵومیـەت و گۆشـەگیرکردن و جوداکاری و نایەکسانی و دواکەوتنەی کە بەر ناوچەکان و دانیشتوان کەوتوون بـەهۆی سیاسـەتە ڕەگەزپەرسـتانەو تایـەفی و سـتەمکارەکانی ڕژێمـی پێـشووەوە

بەتایبــەتی ئــەوەی لەباشــوورو كوردســتان و زۆنگاوەكــان و هەڵەبجــەو بــاقی پارێزگاكـانی عـیراق روویانـداوە، هـەروەها دەسـت بكرێـت بەچـالاك كردنـی بیرۆكـــەی ئەنجومەنـــەكانی ئاوەدانكردنـــەوە بەتایبـــەتی ئەنجومـــەنی ئاوەدانكردنــەوەی باشــوور بــۆ ئاوەدانكردنــەوەی ئــەو ناوچــانەو هانــدانی گەشــتوگوزاری ئــاینی و سیاســەتەكانی وەبــەرهێنان و خزمەتگوزارییــە گــشتییەكان. هــەروەها ئەولەویــەت بــدرێت بەسیاســەتەكانی پێویــست بــۆ چارەسـەركردنی هـەموو ئەوانـە (مەزڵومـەكان، قوربانیـانی ئـەنفال و جـەنگی كیمیــایی و راپــەڕینی شــەعبان و زیندانیــەكان، لەســەركارلابراوەكان، و را گوێزراوەكان، و خێزانی شەهیدەكان، و ناوچە بێ بەشەكان.. هتد).

هـەموو ئەمانــە بــێ پێـشێلكردنی پرەنـسیپی جیـاوازی نـەكردن لـەنێوان ناوچــەكانی عیراقــدا تــەنیا بــۆ جێبــەجێكردنی سیاســەتە ئیجابییــەكان و دەســتەبەركردنی هــەمان دەرفــەتی گەشــەكردن و خزمــەتگوزاریی بــۆ گــشت ناوچەكان بەبێ هیچ جیاوازییەك، هەروەها پاراسـتنی پرەنـسیپی شایـستەیی و لێهاتوویی لەلایەك و پرەنسیپی كارایی دەزگاكـان و پێویـستی بـەردەوامبوونیان لەجێبەجێكردنی ئەركەكانیاندا.

-٥پێویـستە پەرۆشـیی بـۆ یـەكێتی حكومـەت و پێكـەوەگونجانی كارەكـەی و هاوئاهەنگی سیاسەتەكانی هەبێت.. ئەنجومەنی وەزیرانیش پەیڕەوێكی نـاوخۆ بگرێتەبـەر كەكارەكـەی رێـك بخـات بـەو شـێوەیەی لەگـەڵ تـەوافوقی سیاسـی لـەدەركردنی بڕیـارە بنەڕەتییـە سیاسـی و ئـەمنی و ئـابووریی و ئیدارییەكانـدا بگونجێت.

-٦حكومـەتی ئینتیقـالی، بـێ گوێدانـە هاوپەیمانێتیـەكانی نـاوی، هـەمووی یەكگرتووە بۆیە دەبێت پەرۆشی بۆ یەكێتیەكەی و پێكەوە گونجانی كارەكەی و هاوئاهەنگی سیاسەتەكانی هەبێت، لەحاڵەتێكیشدا ناكۆكیەك لەناو حكومەت روویــدا لــەنێوان ئیئتــیلافی یــەكگرتووی عیراقــی و هاوپــەیمانی نیــشتمانی كوردســـتان و كاتێـــك ناكۆكییەكـــە ئـــاڵۆزبوو ئـــەوا هاوپەیمانێتیەكـــە

هەڵناوەشـێندرێتەوەو داوای لەکارکێـشانەوەی حکومــەت ناکرێــت تــەنیا لــەو حاڵەتانــە نــەبێت کەپاســاوی هەڵوەشــاندنەوەی هاوپــەیمانی دەدەنــەوەو لەخوارەوەدا باسکراون:

أ-سەرپێـچیکردنی پرەنـسیپێك یـان زیـاتر لـەو پرەنـسیپە گـشتیانەی کـەبۆ سیاسەتی حکومەت رێککەوتنی لەسەرکراوە بەجۆرێك ئەم سەرپێـچیە پاساوی زەرورەتێکی لەتوانابەدەر نەداتەوە کە هەلومەرجی ناوخۆیی یان ناوچەیی یان نێودەوڵەتی بیسەپێنێت و لایەنی کشاوە دانی بەبوونیدا بنێت .

ب-لەسەرکارلابردنی ئەندامێك لەپۆستێکی سیادی لەپۆستەکانی ئەنجومەنی وەزیران یاخود متمانە لێ سەندنەوەی بێ هۆیـەکی یاسایی و رەزامەنـدی ئـەو لایەنەی کە ئەم ئەندامە سەر بەو لایەنەیە.

پ-گرتنەبـەری هـەر رێوشـوێنێك لەلایـەن حکومەتـەوە کـە دەکرێـت ببێتـە مایەی هەڵوەشاندنەوەی هـەر داواکارییـەکی بەخـشراو بەهـەر لایـەنێك لـەدوو لایەنەکەی ئەم هاوپەیمانیە بـەگوێرەی ئـەو رێککەوتنـەی لـەنێوان هـەردوولادا ئیمزاکراوە.

ت-بـەر لەدەسـت لەکارکێـشانەوەی حکومـەتیش هـەردوولا ئـەم رێگایانـەی خوارەوە دەگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە:

أ-دیداری نوێنەرانی هەردوو فراکسیۆنەکە لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا.

ب-کۆبوونــەوەی نوێنــەرانی هــەردوولا لەدەســتەی ســەرۆکایەتی دەوڵــەت و ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتمانی.

پ-کۆبوونــەوەی ســـەرۆك حـــزب و هێـــزە سیاســـیەکانی نـــاو هـــەردوو فراکسیۆنەکە.

ت-لەحاڵەتی نەگەیشتن بەچارەسەرێك، کەئەمەش ببێتە مایـەی کـشانەوەی یـەکێك لـەدوو لایەنەکـە لەحکومەتـدا، ئـەوا حکومـەت بەدەسـت لەکارکێـشاوە دادەنرێــت و راوێــژدەکرێت بــۆ پێکهێنــانی حکومــەتێکی ئینتیقــالی نــوێ

لەماوەیەکدا کە مانگێك نەترازێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی نابێت وڵات لەبۆشاییەکی دەستووریی یان ئەمنی یان ئیداریدا بێهڵدرێتەوە.

ج-تاکاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، حکومەتی دەست لەکارکێشاوە کاروبارەکان رایی دەکات.

-٧گەڕاندنەوەی هەیبەت (شکۆمەندی) بۆ کاری دادوەری و سەقامگیرکردنی دەوڵەتی یاساو پەیڕەوکردنی بنەما ئیداری و دامەزراوەییەکان و ڕەتکردنەوەی دەسەلاتی تاکە کەس و بڕیارە سەرپێییە دوور لەئسولەکان، هەروەها لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت ناسنامەیەکی نیشتمانی و موڵکی گەلن نەك ناسنامەی حزبی وەزیر یان ئارەزوو بڕیارە تاکە کەسییەکانن و قەدەغەکردنی بەلای خۆدا داشکاندن یان بالادەستیی (هەیمەنەت) یان دەمڕاستی (ویسایەت)ێکی فکری هیچ توێژ یان گروپێك سەبارەت بەپێکهاتە حکومی و ئیدارییەکان و دامەزراوە گشتییەکان و ڕێزگرتن لەئازادی راو دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، هەروەها پەلەکردن لەدادگاییکردنی تاوانبارانی سەردەمی پێشوو گەیاندنیان بەتوندترین سزا لەپای ئەو تاوانە نامرۆڤانانەی کەبەرامبەر گەلی عیراق کردویانە ئەویش بەگوێرەی بنەماکانی دادپەروەریی و یاسا پەیڕەوکراوەکان.

-٨پێکهێنانی دادگای فیدراڵی باڵا کە لە(٩) ئەندام پێك دێت بەگوێرەی ئەو هەنگاوانەی کە لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا روون کراونەتەوە، بەو مەرجەی لەمەدا ڕەچاوی نوێنەرایەتی عادیلانەی تێکڕای وڵات بکرێت لەسەر بناغەی وەکیەکی بەو جۆرەی لەگەڵ پێکهاتە مێژوویی و جوگرافییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی عیراقدا بگونجێت، هەروەك ئەندامانی دادگاکە خاوەن لێهاتوویی پێویست و پسپۆریی بەرزی دادوەریی بن.

دادگاکەش نەکەوێتە ژێر کاریگەریی گروپێکی دیاریکراوەوە، هەروەها بێ لایەنی ڕەهای هەبێت و دادوەر بەنوێنەری گروپێك دانەنرێت بەڵکو نوێنەری

راستی و رای یاسایی و دادوەریی تەواو سەربەخۆ بێت دوور لەهەر کاریگەرییەك.

-٩بەگۆڕکردنی کاری ئەو دەستانەی کە لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا باسکراون و نابێت سووڕانەوە لەپشتیانەوە هەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بایەخی چاککردنی شێوەی کار (ئەدا)ی ئەو دەستانە بەپێی ئەو ئامانجانەی لەپێناویاندا دامەزرێنراون.

-١٠چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان گروپەکان بەگوێرەی سیاسەتەکانی راوێژکردن و لەیەکترگەیشتن و برایەتی و هاونیشتمانیبوون و ئارەزووی هاوبەش بۆ بنیاتنانی نیشتمانی و بەئاشتی ژیان بەڕەچاوکردنی مافەکانی هەمووان و پەنا نەبردن بۆ وروژاندن یان دەستدرێژی، هەروەها پابەندبوون بەیاساکان و پەیڕەوەکان و شێوازەکانی دانوستاندن و رێساکانی ملدان بەو شێوەیەی کە زوڵم نەهێڵێت و دادو تەبایی و ئاشتی لەنێوان رۆڵەکانی گەل و گروپە جۆراوجۆرەکانیدا بهێنێتەدی.

-١١پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی دۆستایەتی و رێزگرتن لەیەکتری و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی جیهان و دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆو گرتنەبەری دیالۆگ و دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

## دووەم: کارکردن بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور

-١لایەنە هاوپەیمانەکان لەسەر هاوکاریکردن و خستنەگەڕی هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانە رێك دەکەون بۆ کۆتایی هێنان بەپرۆژەی دەستوور بەو جۆرەی ئەو چەمکە بنەڕەتییانە مسۆگەر بکات کە لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا هاتوون.

هەروەها ئەم لایەنانە دووپاتی دەکەنەوە کە کۆشش دەکەن بۆ پەرەپێدانی ئەو چەمك و بەهاو سیاسەتانەی لەو یاسایەدا هاتوون نەك لێیان پاشگەزببنەوە.

-٢ئەو لایەنانەی (کە لەهەڵبژاردندا دەرنەچوون یان ئەوانەی لەبەر هۆکاری ناچاریی بەشدارییان تێدانەکردووە)و نوێنەرانی هەموو ئەو توێژو گروپانەی کەرێککەوتنێکی گشتی هەیە لەسەر پێویستیی یەکێتیی نیشتمانی و دیاریکردنی پاشەڕۆژی وڵات، پێویستە هەموو ئەوانە بەشداربکرێن و ئامادەبن لەلیژنەکان و گفتوگۆکان و ئامادەکردنی داڕشتنە ئامادەکارییەکان بۆ ئامادەکردنی دەستوور بەرلەوەی بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانی و ریفراندۆم (دەنگدان)ی گشتییەوە، هەروەك دەبێت رەچاوی هێنانەدی تەوافوقی نیشتمانی بۆ گشت شەبەنگەکانی گەلی عیراق بکرێت.

## سێیەم: مافەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان و هاووڵاتیان

مکومکردنی پێگەی تایبەتی رۆڵی هەرێمەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و رێزگرتن لەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی هاوئاهەنگی و هاوکاری لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و دابینکردنی بودجەی پێویست بۆیان و رێزگرتن لەپرەنسیپی دەستوەرنەدان لەکاروباریان و رۆڵی سەربەخۆیان لەچوارچێوەی کاری خۆیانداو پەرەپێدانی دەسەڵاتیان وەك لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لەفەرمانی ژمارە (٧١)دا هاتووە، لەگەڵ گەڕاندنەوەی رێزو کارایی بۆ کاری دەوڵەت بەمەبەستی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی و جێبەجێکردنی تەواوی ئەرکەکانی و جیاوازی نەکردن لەنێوان عیراقییەکان لەسەرتاسەری عیراقداو مافی رەوایان لەنیشتەجێبوون و کارو هاتووچۆو موڵکدارێتی و شادبوون بەماف و ئەرکە فیدراڵی و

هەرێمایەتیەکان بەوپەڕی وەکیەکی و بێ جیاوازی، بەو مەرجەی ئەمە بەپێی سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە یان تایەفی بەمەبەستی گۆڕینی واقیعی دیموگرافی (دانیشتوان) نەکرابێت.

## چوارەم: سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەتەکانی رژێمی لەناوچوو لەڕووی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی و مەزهەبی و دیموگرافی لەڕێگەی کۆچی زۆرەملێ و نیشتەجێکردنی کەسانی نامۆ:

١-پەلەکردن لەئاساییکردنەوەی بارودۆخ لەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە لەوانە کەرکوك لەڕێی گەڕاندنەوەی راگوێزراوەکان و نیشتەجێکردنەوەی ئەو نامۆیانەی کە لەچوارچێوەی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافی و پاکسازیی رەگەزیدا لەو ناوچانە نیشتەجێکراون، ئەویش بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەمەش بەدابینکردنی پارەو پوولی پێویست دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئیلتیزامەکانی حکومەتی کاتی بەهەرسێ دەستەکەیەوە، هەروەها پارەو پوولی پێویست بۆ دەستەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە موڵکدارێتیەکان و دەستەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخ لەکەرکوك تەرخان بکرێت لەسەر حکومەتی ئینتیقالی عیراق پێویستیشە هەنگاوی بەپەلە بنێت بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی (١)و (٢)و (٣)و (٤) لەبڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٨) لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەو حکومەتی ئینتیقالی لەماوەیەکدا کە لەمانگێك بەسەر پێکهێنانیدا نەترازێت رێوشوێنەکانی ئاساییکردنەوەکە بەگوڕدەکات لەوانە دابینکردنی خەرجی بۆ دەستەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخ لەکەرکوك و دەستەی ناکۆکییە موڵکدارێتیەکان.

٢-جێبەجێکردنی تەواوی ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بەو شێوەیەی ببێتە دیاریکردنی ئینتیمای ئیداریی ئەو

ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە بەپارێزگای کەرکوکیشەوەو پێویستە سەرۆکایەتی ئینتیقالی پەلە بکات لەپێشکەشکردنی پێشنیاز سەبارەت بەچارەسەرکردنی ئەو فرتوفێڵانەی کە لەسنووری ئیداریی ئەو ناوچانەدا کراون بۆ بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانی ئینتیقالی و بۆ دانانی چارەسەری پێویستی ئەوتۆ کە ئارەزووی کۆتایی دانیشتوانی پارێزگاکە پاش ئاساییکردنەوەو پاش پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی بهێنێتەدی.

-٣درێژەدان بەهەوڵەکان بۆ راستکردنەوەی بارودۆخی سەبارەت بەنوێنەرایەتی دەرەوە بەو شێوەیەی چارەسەری سیاسەتەکانی جوداکاری و گۆشەگیرکردنی پێشوو بکات و بوار بەهەموو توانا عیراقییەکان بدات بۆ ئامادەبوون و نوێنەرایەتییەکی باش و دەبێت سیمای دەرەوەی عیراق رەنگدانەوەی واقیعی گەلی عیراق و ئەو پرەنسیپ و سیاسەتانە بێت کە باوەڕی پێیان هەیە.

-٤مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی ئاسایش و بەخشینی ئەولەویەتی تایبەت بەدوو ئاراستەی سەرەکی:

یەکەم: وەستاندنی قەتلوعام و کوشتاری رۆژانەو نەهێشتنی هەڕەشەی تێکدان و تیرۆریزم بۆ سەر دانیشتوان کەئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو گرفتە ئەمنییە دەینوێنێت کە لەهەندێك لایەنی خەتەرناکیدا خۆی لەبوونی هەندێك کەسانی پاشماوەی رژێمی پێشوو کەسانی گەندەڵ لەهەندێك دامەزراوو دەزگا ئەمنییەکاندا دەبینێتەوە، هەروەها رەچاوکردنی ئەوەی کە لایەنگیریی بۆ سیستمی نوێ مەرجێکی سەرەکییە دەبێت بگونجێت لەگەڵ لێهاتوویی و شایستەیی لەلایەك و مسۆگەرکردنی بەردەوامبوونی پرۆسەی بنیاتنانی ئەو دەزگایانەو دوورخستنەوەی لەشڵەژاندن یان پەك خستن لەلایەکی دیکەدا. هەروەها رێوشوێنی لێبڕاوانە پەیڕەوبکرێت بۆ قەدەغەکردنی دەستوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ لەکاروباری عیراق و هاندانی تیرۆریستان و دابینکردنی سەرپۆشی ئایدۆلۆژی بۆیان و بەگژداچوونەوەی ئەو رێکخراوە

تیرۆریستیانەی لەعیراقدان و ئاشکراکردن و پەردە لەڕوو هەڵماڵینیان لەبەردەم گەلی عیراقداو گەیاندنی توندترین سزا بەئەندامەکانیان و پاککردنەوەی وڵات لەگشت ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

دووەم: بنیاتنانی هێزە چەکدارەکانی عیراق و هێزەکانی ئاسایش بەشێوەیەك کە ڕێگە لەبەردەم ئەزموونی سەدەی رابردوو بگرێتسس بۆئەوەی هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایش بەشێوەیەك دابەش بکرێن کە لەگەڵ پێویستییەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیاندا بگونجێت و پێداویستی دارایی و چاکسازیی و لۆجیستی پێویست بۆ ئەم کارە دابین بکرێت، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ پێداویستییەکانی سەوقی و پێداویستییەکانی بەرگریی نیشتمانی و ئاسایشی ناوخۆی تەواوی وڵاتدا کۆك بێت. بەتایبەتیش پەلە بکرێت لەجێبەجێکردنی فەرمانی ٩١ (کە ١١ دامەزراوە لەوانە هێزەکانی پێشمەرگەو بەدرو باقی ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە کە بەوپەڕی ئازایەتی و دڵسۆزییەوە دژی رژێم جەنگاون) هەروەها ئەندامە پەیوەندیکردووەکانی ئەو هێزانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە ببن بەئەندامی سروشتی لەهێزە چەکدارەکانی عیراقداو پێداویستیان بۆ دابین بکرێت، ئەو هێزانەش کەدەمێننەوە دەخرێنە ریزی هێزی ئاسایشی ناوخۆ لەهەرێمەکان و پارێزگاکان یاخود لەدامەزراوە مەدەنیەکاندا شوێنیان دەکرێتەوە یان راهێنانی پێویستیان بۆ دەکرێت و هەر رێوشوێنێکی دیکە بۆ ئاوێتەکردن و جێکردنەوەیان.

-٥بودجەی عیراق و سیاسەتەکانی سەرفکردن و وەبەرهێنان و کۆمەکی بیانی رەنگدانەوەی پێویستییە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی گەلی عیراق بێت بەتایبەتی توێژە هەژارو نەدارەکانی و مسۆگەرکردنی پێشکەوتنی عیراق تا پێگەی سروشتی خۆی وەردەگرێتەوە، هەروەها بودجەو ئەو سیاسەتەی لەسەرەوەدا باسکرا رەنگدانەوەی پێویستییەکانی پارێزگاکان و هەرێمەکان بێت بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەلایەك و نەهێشتنی ناهەقی سەبارەت بەهەندێك

ناوچەی زەرەرمەندو زوڵملێكراو لەلایەكی دیكەدا، حكومەتی ئینتیقالیش ئەم پێودانگانە لەپلانەكانی داهاتووی و بودجەی (٢٠٠٦)دا رەچاوبكات، لەگەڵ پابەندبوون بەجێبەجێكردنی بودجەی (٢٠٠٥) بەهەموو شێوەیەك لەو ئامانجانەی سەرەوەی نزیك بكاتەوە.

-٦حكومەتی عیراق كۆمپانیاكانی وەبەرهێنانی سامانە سروشتییەكان لەوانە نەوت دادەمەزرێنێت و هان دەدات لەسەر ئاستەكانی فیدرالی و لەهەرێمی كوردستان و لەپارێزگاكاندا، پێویستە لەسەر حكومەتیش رێسای فیدرالی و هەرێمایەتی (هەروەها پارێزگاكان) دابنێت بەرێككەوتن لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەكان بۆ كارەكانی كەڵك لێوەرگرتن و وەبەرهێنان بەو شێوەیەی كە دابەشكردنی عادیلانەی داهاتەكان دەستەبەر بكات، بەگوێرەی رێژەی دانیشتوان و پێویستی ناوچەكان لەلایەك وهێنانەدی بەرژەوەندییە نیشتمانییە گشتییەكان لەلایەكی دیكەوە.

**نامەی بەڕێز مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ دكتۆر ئیبراهیم جەعفەری:**

# سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران
# دكتۆر ئیبراهیم ئەلجەعفەری بەڕێز

**لەگەڵ ڕێزو سڵاوماندا**

هاوپەیمانی كوردستانی- هاوبەش‌و هاوتای ئیئتیلافی عێراقی یەكگرتوو، لەپێكهێنانی وەزارەتدا بەپێی پرۆتۆكۆڵی ئیتیفاقی هەردوولا، بەداخێكی زۆرەوە تێبینی دەرچوون‌و لادانی بەڕێزتان دەكات لەهەندێك لەگرنگترین دەقەكانی ئەم ڕێكەوتنەو هەندێگ لەگرنگترین مادەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەقۆناغی گواستنەوەدا، ئەوەی كەتێبینی كراوە ئەوەیە بەتاكرەوییەكی ئاشكراوە هەڵسوكەوت دەكەن‌و خۆتان لەناوەرۆك‌و ڕۆحییەتی ئەو ڕێكەوتنە گێل دەكەن، كەلەنێوان هاوپەیمانی‌و ئیئتیلافدا بەستراوە، هەروەها لەو یاسایەش كەپێویستە سەروەر بێت تادانان‌و دارشتنی دەستوری هەمیشەیی.

ئێمە كەتێبینیەكانی خۆمان بۆ برێزتان كورت دەكەینەوە چاو بۆ بەدەنگهاتنتان بۆ ئەو راستیانە دەهاوین، كەتیایاندا هاتوون، چاوەروانی كاركردنی لەمەودوایشتانین بەپێی یاساو دەقەكانی ڕێكەوتنەكە، بۆ ئەوەی برایەتی‌و هاوكاری نێوانمان بەردەوام بێت تاكو ناچار نەبین مافی خۆمان لەمادەی (٦٥)ی پرۆتۆكۆڵی ڕێكەوتنەكە بەكاربێنین. ئێمە ناتوانین بێدەنگ بین‌و بەسەپاندنی كاری پێچەوانەی یاساو ڕێكەوتنەكە بەسەرماندا قایل بین.

یەكـەم: لەبەڵگەنامـەی سـوێندخواردندا، كـەدەبێت وەزیرەكـان بیڵێنـەوە، دەقێكـی گـرنگو سـەرەكیتان فەرامۆشـكردووە ئـەویش (سیـستمی دیموكراسـی یەكگرتوویی)یەتی.

دووەم: گوتارەكـەتان هـیچ ئاماژەیـەكی تیانـەبوو بـۆ فیـدراڵیی كوردسـتانو شـەهیدە مەزنـەكانمانو تـاوانی چـەندین ئـەنفال دەرهـەق بەگـەلی كوردسـتانی عێـراق، لەكاتێكـدا كەچـەندین دەسـتەواژەی درێـژو درێـژكراوەی دەربـارەی چەندەها كاری ئاسانو ساكار تیادا بوو.

سـێیەم: گوتـارە درێژەكـەتان، باسـی ریـسواكردنی سیاسـەتی پاكتـاوی رەگەزیو، پێویستی لەناوبردنی ئاسەوارەكانیو، ئەركی جێبـەجێكردنی مـادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی قۆناغی گواستنەوەی تیا نەهاتبوو.

چـوارەم: دامەزرانـدن لەشـوێنە گرنگەكانـدا رادەگەیـەنن، بـێ گەڕانـەوەو پرسكردن بەئەنجومـەنی وەزیـرانو سـەرۆكایەتی كۆمـار، تەنانـەت راوێژیـشیان پێناكـەن. بـەڕێز لـەیس كوبـەتان بەقـسەكەر بـەناوی وەزارەتـی ئیئتیلافیـەوە دامەزرانـدووە، بـێ رەزامەنـدی گـرنگترین لایـەنی ئیئتـیلاف، لەگـەڵ ئەوەیـشدا كەبەهەڵوێـستی شـۆڤێنی دژ بەگـەلی كـوردو وەسـتانەوەی دژی فیـدراڵیو راگەیاندنی گێرەشێوانەو ئیستیفزازیی لەئـەمریكا دژی مافەكانی گـەلی كـورد، كەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت چەسپاندونی، ناسراوە. ئەمە جگەلە هەڵوێستی ناحەزانـەی كـەدژ بەحزبـە سـەرەكیەكانی ئۆپۆزیـسیۆنی عێراقـی هەیـەتی، سەرەرای پروپاگەندە كردنی بـۆ رەواجدان بەچـەمكی سـەر لێشێوێنەرو دوور لەراستی بەرادەیەك ئەمریكیەكانی توشی هەڵەگەلێك كردووە، كەهێشتا پێوەی دەناڵێنین. هەروەها ئەندامێكی حزبی دەعوەتان بەپلـەی وەزیـر دامەزرانـدووە بـێ وەرگرتنـی رەزامەنـدی پێشوەخت لەئەنجومـەنی وەزیـران یـا سـەرۆكایەتی كۆمار.

پێنجـەم: نـۆ لیژنـەی وەزاریتـان دانـاوە، هەرهـەموویان پەیوەسـتن بەبەڕێزتانەوەو بەم پێیـە جێگرانـی سـەرەك وەزیرانتـان كـردووە بـە وەزیـری

دەوڵـەت، بـێ ئـیشو بـێ کـار. هەرچـەندە کـەدەزانن رۆژ نـوری شـاوەیس نوێنەرایەتی دووەم لیستی کۆمەڵەی نیشتیمانیو دووەم نەتەوەی گەلی عێـراق دەکات، ئەمەیش بەدەست درێژییەك دەژمێردرێت بۆ سەر مافەکانی نوێنەرانی گـەلی کـوردو بـۆ سـەر هەماهـەنگیی هاوپـەیمانی نیـشتمانی، دواجـار ناکرێـت پەراوێز بخرێتو لەدەسەڵاتەکانی بێبەش بکرێت.

شەشـەم: بـێ هـەقو بـێ هـیچ رەوابەخـشێکی (مـسوغ) یاسـایی مـافو دەسـەڵاتەکانی وەزیرەکـان سـنوردار دەکـەن لەوانـە دەسـەڵاتی دکتـۆر بەرهـەم ئەحمـەد صـالح، کـەوەزیری نەخـشەدانانو گەشـەپێدانی دەوڵەتییـە، نیـوەی مافـەکانی خۆیتـان لێ زەوتکـردووە، لـەبری ئـەوەی مـافی تـری پـێ ببەخـشن، بەپێی ئەو رێکەوتنەی سەرەتای پێکهێنانی وەزارەتەکە لەگەڵ ئیئتیلافدا کرا.

مەترسـی ئـەم پێـشێلکارییە، دورخـستنەوەی وەزیـرە کوردەکانـە، لەهـەموو شتێك، کەپەیوەندی بەئابوریەوە هەیە، وەك چۆن لەهـەموو ئـەو کارانـە دوور خرانەوە کەپەیوەندییان بەهێزی چەکدارەوە هەیە.

حەوتـەم: بڕیـار گـەلێکی بەپەلـەی وەهـا دەردەکـەن کەپێـچەوانەی یاسـان، وەك بڕیـاری لێبـوردن لەهــەموو ئێرانیــە بەنــدکراوەکان بــێ راوێــژکردن بەوەزارەتو سەرۆکایەتی.

برای بەرێز..

ئێستا بابێینە سەر سەرپێچی یاساییت:

یەکەم: بەراستی فەرامۆشی دەکەن لەوەی کەوەزارەت بەشێکە لەحکومـەت، بـەڵکو وا هەڵـسوکەوت دەکـەن گوایـە هـەر بەتـەنها خۆتـان حکومـەت بـنو دەسـەڵاتەکان لەشەخـسی خۆتانـدا کۆدەکەنـەوە، ئەمـەیش لادانێکـی  ئاشـکرایە لەدەقی مادەی بیستو چوارو بیستو پێنج، کەکتومت ئەوەی خوارەوە دەڵێت:

مادەی بیستو چوار:

(أ)    حكومەتی عێراقی قۆناغی گواستنەوە، کەلەم یاسایەدا بەحکومەتی ئیتیحادی ئاماژەی بۆ کراوە، لەکۆمەڵەی نیشتمانیو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانو لەناویشیاندا سەرەك وەزیرانو دەسەڵاتی قەزایی پێك دێت.

(ب)   هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو قەزایی سەربەخۆنو هەر یەك لەوی تر جیایە.

(ج) هیچ لێپرسراو یان فەرمانبەرێکی حکومەتی ئینتیقالی، مافی پارێزگاریی پەرلەمانیی (حصانە) نییە ئەگەر لەوەختی کارەکەیدا تاوانێك ئەنجام بدات.

مادەی بیستو پێنج کەکتومت ئەمەی خوارەوە دەڵێت:

مادەی بیستو پێنج: حکومەتی عێراقی قۆناغی گواستنەوە بەتایبەتی هەر ئەم ئیشوکارانەی خوارەوە دەکات:

(أ) رەسمی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دیبلۆماسیو وتوێژ دەربارەی پەیماننامەو رێکەوتنی نێو دەوڵەتیو ئیمزاکردنو بەستنو نەخشەکێشانی سیاسەتی ئابووریو بازرگانی دەرەوەو سیاسەتی (الإقتراض) سیادی.

(ب) دانانو جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی، بەپێکهێنانی هێزێکی چەکدارو خزمەتکردنی بۆ زامنکردنو پاراستنی ئاسایشی سنوری وڵاتو داکۆکیکردن لەعێراق.

(ج) نەخشەکێشانی سیاسەتی دارایی، سکەلێدانو رێکخستنی گومرگو رێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسنوری هەرێمەکانو پارێزگاکانی عێراق، هەروەها دانانی بودجەیەکی گشتی بۆ دەوڵەتو نەخشەکێشانی سیاسەتی دراوو پێکهێنانی بانکێکی سەرەکیو بەڕێوەبردنی.

(د) رێکخستنی کاروباری پێوانو کێشانو نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتیی کرێ.

(ﻫ) بەڕێوەبردنی داهاتو سامانی سروشتیی عێراق کەبۆ دانیشتوانی هەرێمو پارێزگاکانی عێراق دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەراوێژکردن لەگەڵ حکومەتەکانو ئیداراتی ئەم هەرێمو پارێزگایانە. داهاتی ئەم سەروەتانەیش لەرێگەی بودجەی گشتیو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، کە لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا بگونجێت، دابەش دەکرێت، لەمەدا بارودۆخی ئەو ناوچانە رەچاو دەکرێت کەلەلایەن رژێمی پێشووەوە بەشێوەیەکی ستەمکارانە بێبەشکراون، لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەشێوەیەکی چاكو، دابینکردنی پێویستیەکانیانو رەچاوکردنی رادەی گۆڕانو پێشکەوتن لەناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا.

(و) رێکوپێك کردنی کاروباری رەگەزنامەی عێراقیو کۆچو پەنابردن.

(ز) رێکخستنی سیاسەتی گەیاندن.

بەم شێوەیە بۆ هەموو لایەك روون دەبێتەوە کەحکومەت لەسەرۆکایەتی دەوڵەتو کۆمەڵەی نیشتمانیو سەرۆکایەتی وزارەتو ئەنجومەنی وەزیران پێك دێت.

سنوردانانو نەخشەکێشانی سیاسەتی حکومەت لەئەرکو پێ سپێردراوی هەر سێ لایەنەکەیە، نەك سەرۆکی وەزیران هەر خۆی. بەڵام لەگەڵ داخێکی زۆردا، تێبینی دەکەین ئێوە بەشێوەیەکی وەها هەڵسوکەوت دەکەن، وەك ئەوەی هەر خۆتان حکومەتی عێراقی بن، ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتمانی بەتەواوی فەرامۆش دەکەنو پەراوێزیان دەخەن.

بەیاننامەی وەزاری

١. بەیانی وەزاری نەخشەی سیاسەتی گشتی دەکێشێت، بۆیە مافی حکومەتە بەهەر سێ لایەنەکەیەوە ئاگای لێبێتو گفتوگۆی لەسەر بکاتو

بڕیاری لەسەر بدات، تا بخرێتە بەر دەستی کۆمەڵەی نیشتمانی، بەڵام ئێوە ئەمانەتان هەمووی فرامۆش کردووەو هەر خۆتان بەتەنیا کردوتانن.

٢. بەیانی وەزاری باسی مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتو مەینەتی گەلی کورد بەدەست سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزییەوە، تیا نەکراوە.

٣. لەئامادەکردنی بەیانی وەزاریدا، پێچەوانەی بنەمای تەوافوق بوون، بەپێی برگەی (٢) لەمادەی یەك. هەروەها لەگەڵ برگەی (٥) نەبوون، کەگونجانو ڕێکەوتنی (التوافق) سیاسیو ئاسایشو ئابوریو بەڕێوەبردن دەسەپێنێت.

٤. بەیانە وەزاریەکەتان خاڵییە لە:

جێبەجێکردنی تەواوی مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ئینتیقالی، کە سنوری ئینتیمای ئیداری ئەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە، دەست نیشان دەکات بەپارێزگای کەرکوکیشەوە، هەروەك لەبڕگەی (١)ی چواردا هاتووە.

٥. بەیانە وەزاریەکەتان دەقەکانی مادەی (٣)ی فەرامۆش کردووە، کەلەڕێکەوتنی ئیئتیلافی یەکگرتوودا لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستاندا هاتووە.

## دەربارەی کەرکوك

لەبەیانە وەزاریەکەتانو هەڵوێستی پراکتیکی ئاشکراتانو بڕیارەکانتان دەربارەی ڕاگرتنی ئەو بڕە پارە پێویستەی کە بۆ ئاسایی کردنەوەی کەرکوك تەرخان کراوە، دەردەکەوێت کەبەڕێزتان بەکردەوە هەڵوێستێکی ڕەتکراوەو پێچەوانە (ئەگەر نەڵێین دژتان) بەمافەکانی گەلی کورد، دەربارەی کەرکوك وەرگرتووە.

١. بەیانە وەزارییەکەتان نەهاتۆتە سەر باسکردنی پێویستی جێبەجێکردنی تەواوی مادەی (٥٨) وەك لەبڕگە (أ)ی چواردا هاتووە.

٢. موخالەفەتی بەڕێزتان بۆ ئەم دەقەی خوارەوە کەلەبڕگە (٢)ی چواردا هاتووە:

(حکومەتی ئینتیقالی لەماوەیەکدا کەلەمانگێك زیاتر بەسەر پێکهێنانیدا تێنەپەرێت، کاروباری ئاسایکردنەوە رادەپەرێنێت لەوانەیش زۆر کردنی دارایی بۆ دەستەی ئاسایی کردنی بارودۆخی کەرکوكو دەستەی کێشمەکێشی موڵکدارێتی).

لای ئێمە فەرامۆشکردنی بابەتی کەرکوك کارێکی ئێجگار ترسناکەو پێچەوانەکەوتنەوەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو رێکەوتنەی نێوان ئیئتیلافو هاوپەیمانی کوردستانو پێشێلکارییەکی ئاشکرایشە بۆ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت. ئەمەش کارێکە هاوپەیمانی کوردستانی ناتوانێت لێی بێدەنگ بێت، چ جای بیسەلمێنێت، یان بەسەریدا ئەمری واقیع بسەپێندرێ.

# دەوڵەتی سەرەك وەزیران

ئێمــە لەبــەر دەربەســت هاتنمــانو ســوربونمان لەســەر پەیوەنــدی دوورو درێــژی تێكۆشــانی نێوانمــانو زەرورەتــی جێبــەجێكردنی یاســای بــەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەو لەبەر سوربونمان لەسـەر پابەنـد بوونمـان بـەو ڕێكەوتنەی كەلەنێوان هاوپەیمانی كوردستانیو ئیئتیلافی عێراقیدا گرێـدراوە، داواتان لێدەكەین:

یەكـەم: هاوكارییـەكی ڕێكوپێـك لەگـەڵ لایەنـەكانی حكومـەتی عێراقیـدا بكــەن، واتــە لەگــەڵ ئەنجومــەنی ســەرۆكایەتیو ســەرۆكایەتی كۆمەڵــەی نیـشتمانیو ئەنجومـەنی وەزیرانـدا، هـەروەها دانـانی ئالیـەتێكی روون بـۆ ئـەو مەبەسـتە تـاكو حكومـەت بەهـەر سێ لایەنەكەیـەوە، كـارو ئەركـەكانی خـۆی كەلەمادەی بیستو پێنجدا هاتوون، بگرنە دەست.

دووەم: تەنــسیقی رۆژانــەی بــەردەوام لەگــەڵ بــەرێزان دكتــۆر رۆژ نــوری شـاوەیسو دكتـۆر بەرهـەم سـاڵح بـەو پێیـەی كـە نوێنـەری لایـەنی هاوبەشـی دووەمــن، لــە ئیئتیلافــی حكومیــدا، ئەمــەیش لەكێــشەو كاروبــاری سیاســی، ئابووریو ئاسایشو شـتی تـردا، هـەروەك چۆن لـەدەقی ڕێكەوتنەكـەدا هـاتووە پێش ئەوەی بەتاكە كەسی بڕیاری گرنگ دەربكەیت.

سـێیەم: داوادەكـەین دەسـت بكـەن بەجێبـەجێكردنی مـادەی (٥٨)ی یاسـای بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

چــوارەم: داوادەكــەین یەكـسەر كاروبــاری ئاســایی كردنــەوەی پارێزگــای كــەركوك رابپــەڕێنن بــە فرەكردنــی دارایــی پێویــست بــۆ ئیــشوكاری دەســتەی ئاسایی كردنەوەو دەستەی كێشمەكێشی موڵكدارێتی.

پێنجەم: دەركردنی فەرمان بۆ وەزارەتی دارایی بەسـەرف كردنـی یارمـەتی بڕیار لەسەر دراو بۆ پارێزگای كەركوك كەلەلایـەن جێگـری سـەرەك وەزیرانـی پێشوەوە دیاریكراوە.

شەشــەم: داوا دەكــەین لەگوتارەكانتانــدا جــەخت لەســەر دیموكراســی‌و فیدراڵی، بكەن.

حەوتەم: ئاماژەدان بەكارەسات‌و دەردەسەری میللەتی كوردو شەهیدەكانی‌و ریسواكردنی سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی‌و ئیجرائاتی یاسایی بـۆ پوچـكردنەوەی بڕیارەكـانی ئەنجومــەنی ســەركردایەتی شۆڕشــی ســەدامیی گــۆر بــەگۆر، كـەبۆ خزمەتكردنی سیاسەتە تاوانكاریەكەی دەركراون.[1]

**ئەوپەڕی رێزمان بفەرموون**

*سەرۆكی*

*لیستی هاوپەیمانی كوردستانی*

*جەلال تاڵەبانی*

---

[1] دوابەدوای رێكەوتنی نێوان لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی كوردستان‌و لیـستی ئیئـتلافی عێراقـی یـەكگرتوو لەسـەر پێكهێنـانی حكومـەتی ئینتقـالی عێـراق، دەستنیشانكردنی ئیبراهیم جەعفەری بەپێكهێنانی ئـەم حكومەتـە، بەداخـەوە جەعفـەری كـار بـۆ ئـەوە دەكـات عێـراق بەوشـێوەیە وێنـە بكێـشێ كـەخۆی مەبەستیەتی هەربۆیەش هەرلە یەكەم رۆژیەوە تەواوی كارو كـردەوەی لـەلای گەلی كوردستان جێگەی گومانە ئەم نامەیـەی بـەرێز مـام جـەلال بەشـێك لـەو پێـشێلكاریانەی جەعفـەری دیـار دەخـات دژ بـە رێكـەوتنی لیـستی هاوپـەیمانی نیـشتمانی كوردســتان‌و لیــستی ئیئــتلافی عێراقــی یــەكگرتووە دژ بەخواســتی تەواوی عێراقیەكانە كەدەیانەوێ ئەمنو ئاسایش سەقامگیر بێـت، عێـراق مـاڵی راسـتەقینەی هـەموو عێراقیـەكان بێـت. عێـراق لـەژێر سـایەی دیمـوكراتی‌و فیدراڵی‌و فرە حزبیدا بگەشێتەوە.

## سەرچاوەی بەڵگەنامەکان:

- کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٦٩٤، هەینی، ٢٠٠٥/٦/١٠
- الانصات المرکزی، ژمارە ٣١١١، هەینی ٢٠٠٥/٢/١٨
- کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن
- سایتی ئیلاف
- رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە ١٢٠، ٧ی ئایاری ٢٠٠٥
- الاتحاد، ژمارە ١٠٣٣، دووشەممە ٢٠٠٥/٦/١٣
- چاودێر ژمارە ٣٤، دووشەممە ٢٠٠٥/٦/٢٧
- رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (      ) ٢٠٠٥

# پێڕست:


١- پەیڕەو کردنی سیستەمی فیدراڵی ........................... ٦
٢- هۆشیاری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ........................... ٤١
٣- چاوخشاندنەوەیەك بەدەرە نجامەکانی هەڵبژاردندا ......... ٧٠
٤- بەرەو دانانی دەستووری هەمیشەیی ( فیدراڵ )................ ١٢٤
٥- ڕێکەوتن لە پێناو بنیاتنانەوەی عیراقی نوێدا.............. ١٥٩
٦- ڕۆڵی یەکڕیزی هێزە کوردستانییەکان....................... ١٦٣
٧- بەڵگەنامەکان.............................................. ١٦٦